خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
د. لوقمان رەئوف ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر بابان ئەنوەر

# ناميلكەی لێبوردەيی

جۆن لۆك

لەفارسییەوە: فەرشید شەریفی

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (134)

ناوی کتێب: نامیلکەی لێبوردەیی
بابەت: فەلسەفی
ناوی نووسەر: جۆن لۆك
وەرگێڕانی: فەرشید شەریفی
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال
بەرگ: ئومێد محەمەد
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1445)ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# ناميلكەی
# لێبوردەیی

جۆن لۆك
لەفارسییەوە: فەرشید شەریفی

2016

**ناوەڕۆك**


پێشەکی وەرگێڕی فارسی.......................................... 7
واتای لێبوردەیی.................................................... 9
مانای ژیان و ئامانجەکانی....................................... 10
ئەرگۆمێنتی داکۆکیکارانی پرەنسیبی لێبوردەیی......... 13
کاستالیۆن............................................................ 15
میشل.دی.ل.هۆپیتاڵ.............................................. 19
فرانسیسکۆ.دی.لانۆ.............................................. 22
ژان بۆدن............................................................ 24
پییەر بیل............................................................ 31
جۆن ستیوارت میل................................................ 40
جۆن لۆك و نامیلکەی لێبوردەیی.............................. 47
پێشەکیی نوسەر(جۆن لۆك)................................... 55
دەقی نامەکەی جۆن لۆك........................................ 57
سەرچاوەکان........................................................ 155

## پێشەکی

### لێبوردەیی لە ئەندێشەی بیرمەندانی رۆژئاوادا

پرسی لێبوردەیی و هەڵکردن بەرامبەر بە باوەڕە نەیارەکان لە رۆژئاوادا، سەربوردەیەکی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەری هەیە. سەرەتا واتای ئەم زاراوەیە لە مێژووی ئەندێشەی سیاسی رۆژئاوادا، لە بواری پرسە ئایینیەکاندا سەریهەڵداوە، لە کاتێکدا هێشتا رۆما نەچووبووە ژێرباری ئایینی مەسیحییەتەوە. کریستیانەکان لەو وڵاتەدا(واتە رۆما)، لەژێر ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆردا بوون، چونکە وەك هەڕەشەیەك بۆ ئەو سیستمە ئاکارییەی کۆمەڵگەی رۆما لە قەڵەمدەدران، چونکە لەسەر بنەمای پەرستنی خواوەندە جۆراوجۆرەکان دامەزرابوو، بەڵام کاتێك ئایینی مەسیحییەت لە رۆمادا، بوو بە ئایینی فەرمی و حکومی، ئەمجارەیان ئەوە کریستیانەکان بوون دەستیانکرد بە ئازار و ئەشکەنجەی نەیارەکانیان. بە درێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، ناتوانین تاقە نوسەرێك دەسنیشانبکەین لەبەرامبەر هەڵنەکردن و لێنەبوردەیی لەبواری بیروڕا ئایینیەکاندا، یاخود تۆزقاڵێك دەنگی هەڵبڕیبێت، هەروەها بە درێژایی پرۆسەی ریفۆرمی ئایینی ئەم بۆچوونە، کە نەیارانی ئایینی شایستەی تەمێکردن و سزادانن، نەك تەنها لای کاسۆلیکەکان، بەڵکو تەنانەت لای پڕۆتستانەکانیش بە کارێکی رەوا و شیاو دەزانرا، بۆیە دەبینین وەك چۆن کاسۆلیکەکان «هۆبمایر»یان سوتاند، کالڤینیستەکانیش «سروتس»یان خستە ناو ئاگرەوە. لە روانگەی باوەڕدارانەوە ئەوە شتێکی پەسەندبوو، کە

ئەشکەنجە و لە سێدارەدان، باشترین ڕێگەچارەن بۆ بنبڕکردنی بێدینی و هاوەڵدانان بۆ خوا، لەبەر ئەوەش سیاسەت و ئایین تێکەڵی یەکدی بووبوون و لێکجیانەدەکرانەوە، کەواتە گۆڕان لە باوەڕ و کاروباری ئایینی، یان دژایەتیکردنی کەنیسە بە واتـای دژایەتیکردنی حکومەت و بە هۆکارێکیش بۆ ئاژاوەنانەوە لەقەڵەمدەدرا.

هەر بەم هۆیەوە، ئەو سیاسەتمەدارانەی کە خۆیان بە کەسانی باوەڕدار دەزانی، نەیارە ئایینیەکانیان سەرکوتدەکرد. سـەرەڕای ئەو ناکۆکییانەی کەنیسەکان لەناو خۆیاندا هەیانبوو، وەك تەنها ڕاڤەکاری ڕەوای فەرمودەکانی یەزدان لەقەڵەمدەدران. ئەگەرچی لـەڕووی تیۆرییەوە کەسێکی باوەڕدار ناچار نەبوو بەدەر لە فەرمودەکانی یەزدان، مل بۆ هیچ شتێکی دیکە دانەوێنێت، بەڵام بە کردەوە بۆی نەبوو، باوەڕ و کردەوەکانی خۆی هەڵبسەنگێنێت، بەڵکو ئەوە کەنیسەکان بوون، بڕیاری کۆتاییان سەبارەت بە باوەڕەکانی ئەو دەردەکرد.

ئەندێشەی لێبوردەیی لە ڕۆژئاوادا بەر لەوەی بەرهەمی هزر و بیری بیرمەندان بێت، دەرئەنجامی بارودۆخی تێکگیران و کێشمەکێشی گروپ و لایەنە ئایینیەکان بوو؛ لەلایەکەوە دەسەڵاتی ئەوتۆیان نەبوو نەیارەکانیان سەرکوتبکەن، لە لایەکی دیکەشەوە، بە هیچ کلۆجێك ڕێگەی فرەیی و هەمەڕەنگی ڕاستییەکانیان نەدەدا. ڕزگاریی و بەختەوەریی ڕۆحی مرۆڤ، کە ئامانجی سەرجەم گروپە ئایینیەکان بوو، لە هەمانکاتدا لێنەبوردنی لێ دەکەوتەوە، یارمەتیشیدەدا، چونکە ڕزگاریی ڕۆح، تەنها لە سایەی باوەڕێکی ڕاستگۆیانە

و دڵسۆزانە بەرامبەر باوەڕە ئایینیەکان دەستەبەر دەبوو، لێنەبوردنیش لە بەرامبەر بـاوەڕە ئایینیەکان، هەروەها سەپاندنیشیان، دەبووە هۆی ریاکاریی و دوڕوویی لە ئاییندا، کە ئەمەش خۆی بە دژی ئامانجەکانی ئایین دادەنرا.

هەموو ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی لێبوردەیی لەلایەکەوە پشتئەستور بە جۆرێك لە ئەقڵانییەت بێت، کە بەرهەمی هەلومەرجی کێشە ئایینیەکان بوو، لە لایەکی دیکەشەوە دەرەنجامی جۆرێك باوەڕ و بە تایبەت باوەڕی ئایینی بێت، واتە ئەو شتەی کە دواتر تێڕامانی ئەقڵانیی و مرۆڤگەرایی بە هانایەوە هاتن و بەهێزتریانکرد و هەرچی زۆریش جێگیریان کرد.

کەواتە پرسی لێبوردەیی لە هەناوی باوەڕە ئایینیەکانەوە سەریهەڵدا، لەبەرئەوەش بیر و هزری خەڵك لەو سەردەمانەدا، بەدەوری باوەڕە ئایینیەکاندا دەسوڕایەوە، ئاساییە ئەگەر پرسی لێبوردەیی لە سەرەتاکاندا بریتیی بێت لە ئازادیی تاك بۆ هەڵبژاردن و قبووڵکردنی ئازادانەی ئایینێك؛ ماوەیەکی زۆریشی خایاند، تا لێبوردەیی بوارەکانی دیکەش بگرێتەوە، بە گشتیی بە مانای هەرجۆرە بیروڕا، یان باوەڕێك لەقەڵەمدرا، جا ئەو باوەڕە، ئایینی، یاخود سیاسی، یان کۆمەڵایەتی بێت.

## واتای لێبوردەیی

لێبوردەیی بریتییە لە قایلبوون و قبووڵکردنی ئەو شتانەی، کە پێیان قایل نین و لێیان ناڕازین، بەڵام ئەم ناڕازیبوونە هەمیشە تێکەڵە بە جۆرێك لە هەڵکردن و دورکەوتنەوە، لە داڕماندن و تەفروتووناکردنی هەرجۆرە بیرکردنەوە، یان

ئەندێشەیەکی تر. ئەگەرچی کەسی لێبوردە، دژی باوەڕێکی دیاریکراوە، هەرچەندەش حەزی لە سەرکوتکردنی باوەڕە نەیارەکانی هەیە، بەڵام ئەم حەزە لە کەسی لێبوردەدا سەر هەڵنادات و سەرکوتدەکرێت.

تاکی لێبوردە، دژی بیروباوەڕ، یان ئەندێشەیەکی دیاریکراوە، بەڵام لەوە زیاتر سەرکوتکردنی ئەو بیروباوەڕەی پێ ناخۆشە؛ کەواتە لەنێوان سەرکوتکردنی بیرێکدا، یان هەڵکردن و لێبوردەیی لەبەرانبەر ئەو بیرەدا، زیاتر ئەوەی یەکەمیان پێ ناخۆشتر دەبێت و دژی دەوەستێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئـەوەی، کە هەڵبژاردنەکەی لەسەر بنەمای جۆرێك لە ئەقڵانییەت بێت، لەڕاستیدا لێبوردەییەکەی لەو ئەقڵانییەتەوە سەرچاوەدەگرێت، کە لایەنی ئەقڵانیی پرسێکی(واتە لێبوردەیی) بەلاوە گرنگتر و لەپێشتر بێت لە پرسێکیتر(واتە سەرکوتکردنی بیروڕای نەیار.)

## مانای ژیان و ئامانجەکانی

پێدەچێت وتووێژ و دەمەقاڵێی نێوان لایەنگرانی بیری لێبوردەیی و لایەنگرانی لێنەبوردەیی، لە باوەڕێکی بنەڕەتییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەویش روونکردنەوە و دەسنیشانکردنی ژیان و ئامانجەکانێتی. لەڕوانگەی ئەو کەسانەوە کە باوەڕیان بە لێبوردەیی نییە، رۆژی پەسڵان(قیامەت)، ئامانجی ژیانە و خەڵك لەم جیهانەدا دەبێت بە جۆرێك بژین، رزگاریی و ئاسودەیی رۆژی پەسڵان مسۆگەر بکەن و بۆ گەییشتن بەو ئامانجەش، دەبێت پێش هەموو شتێك، دان بە باوەڕە

ئایینیەکاندا بنێن، تاکو لەو ڕێگایەوە کردەوەکانیان لە بارەگای خوادا قبووڵبکرێت و رزگاریی و ئاسودەیی رۆحیان مسۆگەر ببێت، ئەگینا بە تەنها پابەندبوون بە ئەقڵ و جێبەجێکردنی فەرمانە ئاکارییەکان، بەختەوەریی ئەو دنیای مرۆڤەکان مسۆگەرناکات. هەمیشە جیاوازیی لەنێوان بێباوەڕان و باوەڕمەنداندا هەیە. باوەڕداران دەچنە بەهەشت و کافرانیش بە ئاگری دۆزەخ دەسوتێن. هەموو ئەو ئەرگۆمێنتانەی بۆ داکۆکیکردن لە هەڵنەکردن و لێنەبوردەیی خراونەتەڕوو، بە دەوری ئەم تەوەرە سەرەکییەدا دەسوڕێنەوە و هەر لەسەر بنەمای ئەم باوەڕەش پێکهاتوون. لەم سۆنگەیەوە گرنگترین شت لای مرۆڤ لەم جیهانەدا رزگاریی «رۆح»یەتی و هەر بەو هۆیەشەوە ئاگۆستین دەڵێت: ((ئەگەر بڕیاربێت کەسێك بە هۆی لەدەستدانی باوەڕەکەی سزای ئاگری هەتاهەتایی بەسەردا بسەپێنرێت، وا باشترە ئەگەر پێویست بکات بیکەن بە کەسێکی باوەڕمەند، تا لەو رێگەیەوە ژیانێکی ئەبەدیی بۆ مسۆگەربکرێت، دیارە ئەو جۆرە زۆرەملێکردنە کارێکی پەسەندە، چونکە بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکات. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە لەژێر ئەشکەنجەشدا گیانی لەدەستبدات، ئەو ئەشکەنج و مەرگە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازار و ئەشکەنجەی کە لە دۆزەخدا بەرەوڕووی دەبێتەوە هیچ نییە، چونکە بەهۆی ئەو ئێش و ئازارەوە، ژیانێکی هەتایی بۆ مسۆگەر دەبێت. تاك ئەشکەنجە دەدرێت، تا بچێتە بەهەشت، بەدڵنیاییەوە ئازار و ئەشکەنجەی وا زۆر بەنرخە.

لەڕاستیدا پرسیاری گرنگ و بنەڕەتیی ئەوەیە، ئایا

بێباوەڕیی و کوفر، خراپتر و قێزەونترە لە بەکارهێنانی زۆرەملێ بەرانبەر کافران و بیرجیاوازان (و هەوڵدان بۆ گۆڕینی باوەڕەکەیان)؟ ئایا بەختەوەریی مرۆڤەکان ئەوە ناهێنێت بە زۆر پابەندی فەرمان و راسپاردە ئایینیەکان بکرێن؟ ئەگەر بەهای زۆرەملێکردن لە کافران، زیاتربێت لە بێباوەڕییان، ئەوا لەم حاڵەتەدا لۆژیکیترین کار ئەوەیە، ناچاربکرێن روو لە باوەڕە ئایینیەکان بکەن.

کڵێسای مەسیحیی، وەڵامـی «ئـەرێ» بەم پرسیارانە دەداتەوە و پێیوایە تاوانی کوفر و بێئیمانیی، زۆر خراپترە لە زۆرەملێکردن و داسەپاندن بەسەر مرۆڤدا، کەواتە دەبێت کافر و بێئیمانەکان، بەهێزێکی زۆر ناچاربکرێن و بهێنرێنە سەر رێگەی راسـت. لەڕوانگەی کڵێساوە کەمتەرخەمیی لە ئاست تاوانباریی نەیاران، رێك وەکو ئەوە وایە، تاوانیان دەرحەق ئەنجامبدرێت؛ بۆیە سەرکوتکردن هۆکارێکە بۆ رزگاربوونیان لە ئازار و ئەشکەنجەی ئەبەدیی. بە مەبەستی دژایەتیکردنی ئەم ئەرگۆمێنتانەی کڵێسا، چەندین ئەرگۆمێنت لەلایەن بیرمەندانەوە خرانەڕوو.

1.ژمارەیەکیان بۆچوونەکانی کڵێسایان بە راست دەزانی، بەڵام دژی ئەوە بوون، بە زۆرەملێ خەڵکی ناچاربکەن باوەڕە ئایینیەکان قبوڵبکەن.

2.ژمارەیەکی دیکە لە ئاست بۆچوونەکانی کڵێسادا کەمتەرخەم و بێلایەن بوون و هیچ هەڵوێستیان نەدەنواند، لە هەمانکاتدا دژی ئەوە بوون، بە زۆرەملێ خەڵکی ناچاربکەن باوەڕێکی نەیار قبوڵبکەن.

3. ژمارەیەکیش هەم دژی بۆچوونەکانی کڵێسا بوون،

هەمیش دژی ئەوە بوون، بە زۆرەملێ خەڵکی ناچاربکەن بە باوەڕی نەیار قبووڵبکەن.

لەناو ئەم ڕەهەندە فکرییانەدا، ئەوانەی کەمتەرخەم و بێلایەن بوون بەرامبەر بە باوەڕە ئایینیەکان، بە ئاسانیی لەگەڵ پرسی لێبوردەییدا هەڵیاندەکرد. بەڕای ئەوان لێبووردەیی لەبواری باوەڕە ئایینیەکاندا، نەك هەر کارێکی ڕەوا و پەسەند بوو، بەڵکو زۆر پێویستیش بوو. کافرەکانیش کە هەر لەبنەڕەتدا پابەند نەبوون بە باوەڕە ئایینیەکانەوە، بە دڵنیاییەوە دژی ئەشکەنجە و ئازاردان بوون بەناوی ئایینەوە، بەڵام لای باوەڕداران پرسی لێبووردەیی ئایینی، پرسێکی ئێجگار ئاڵۆز و ئەستەم بوو. لەڕاستیدا دەبوایە دژوارترین ئەرگۆمێنتەکان بۆ داکۆکیردن لە لێبوردەیی، لەلایەن ئەم تاقمەوە خرابایەڕوو. تاقمێك کە لە لایەکەوە پابەندی باوەڕە ئایینیەکان بوون و لە لایەکیتریشەوە دژی زۆرەملێ و سەپاندنی باوەڕگەلی ئایینی بەسەر خەڵکانی تردا بوون.

### ئەرگۆمێنتی داکۆکیکارانی پرەنسیبی لێبووردەیی

هەموو داکۆکییەکانی سەر پرسی لێبوردەیی، ئەرگۆمێنتێکی سەرەکییان تێدایە، کە بە چەندین شێوازی جیاواز دەرخستەکراوە. ئەرگۆمێنتەکە ئەوەیە، کە دەبێت باوەڕکردن بە ئایین خۆبەخشانە بێت و هیچ زۆرەملێی تێدا نەبێت. هێز و زۆرەملێ هەرگیز ناتوانێت باوەڕێکی تەواو و ڕاستەقینە بێنێتەئاراوە. هەر ئەم ئەرگۆمێنتە بە شێوەیەکی

تریش خراوەتەڕوو، ئەویش ئەوەیە، کە ئامانجی سەرجەم ئایینەکان، رزگارکردنی مرۆڤە و ئەم ئامانجەش تەنها بە هۆی باوەڕی ئازاد و خۆبەخشانەی ئایینیەوە لەتوانادایە و هەرگیز بە زۆرەملێ، ناچارکردنی ویژدانی مرۆڤەکان رزگاریی و ئاسودەییان بۆ دەستەبەرناکات. باوەڕگەلێك کە بەسەر مرۆڤدا سەپێنرابن، هەموویان زۆرەملێ و لەڕووی ئاتاجییەوەن، زۆرەملێ و ئاتاجییش ئامرازگەلێك کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئاییندا نایەنەوە. بە کورتی دەبێت بڵێین ئەرگۆمێنتی دووەم پێیوایە بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات بۆ رزگاریی مرۆڤەکان بە هیچ ئەنجامێك ناگات و توشی شکست دەبێت. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین بۆ داکۆکیکردن لە لێبوردەیی، دوو ئەرگۆمێنت هەن: یەکەمیان ئەرگۆمێنتێکە پێیدەڵێین «ئەرگۆمێنتی بنەمایی» و بانگەشەی ئەوە دەکات، دینداریی و باوەڕمەندیی، بە بەکارهێنانی هێز و زەبر دەستەبەرنابێت، چونکە باوەڕ شتێکی دەروونیی و تاکەکەسییە. ئەوی دیکەیان، کە دەتوانین بە «ئەرگۆمێنتی ئامرازیی» ناوی بەرین، ئەرگۆمێنتێکە زۆرەملێ و بەکارهێنانی هێز بۆ گەییشتن بە ئامانجی ئایینی، واتە رزگاریی رۆحی مرۆڤ، بە گونجاو نازانێت.

ئێستاش دەپەرژێینە سەر روونکردنەوەیەکی خێرای هەندێك لەو ئەرگۆمێنتە گرنگ و سەرەکییانە، کە ژمارەیەك لە بیرمەندانی رۆژئاوا، بەمەبەستی رەتکردنەوەی لێبوردەیی خستویانەڕوو:

**کاستالیۆن:**

کاستالیۆن لە کتێبی «ئامۆژگارییەك بۆ فەرەنسای شڵەژاو» ئاماژە بەوە دەکات، هەموو هەوڵە فکرییەکانی، تەرخانکراوە بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییانەی لە فەرەنسادا روویانداوە، پێیوایە هۆی سەرەکی ناکۆکییەکان هەڵنەکردن، لێنەبوردەیی ئایینی، هەروەها سەپاندنی زۆرەملێیە بۆ سەر ویژدانی مرۆڤەکان. کاستالیۆن لەو باوەڕەدایە زۆرەملێ و داسەپاندن، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە نەیارانی بیروباوەڕێك، زیاتر پێ لەسەر باوەڕەکانیان دابگرن و درێژە بە ناکۆکییەکانی نێوانیان بدەن.

بەڕای ئەو، کاسۆلیکەکان تەنها لەبەر ئەوە پڕۆتستانەکان ئەشکەنجەدەدەن و دەیانکوژن، کە لەدژی «پاپا» و رێوڕەسمی «شێوی یەزدانی» و هەندێك پرسی ئایینی نارەزایی دەردەبڕن، تەنانەت لەناو کتێبی پیرۆزیشدا نە راستییان سەلمێندراوە، نە ڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێکراوە. لە لایەکی ترەوە پڕۆتستانەکان پێیانوایە مەسیح هەمیشە سۆز و خۆشەویستیی فێری خەڵك کردووە، سەرەڕای ئەوەش خۆیان پێشتر کاسۆلیك بوونە، بەڵام بە هۆی رق و کینەیان بەرامبەر کاسۆلیکەکان، ئازار و ئەشکەنجەیان دەدەن.

کاستالیۆن جەخت لەوە دەکاتەوە، جەنگ بە هۆی داسەپاندنی بیروباوەڕ و لێنەبوردنێکەوە دێتەئاراوە، کە هەردوولا دەرحەق بە یەکتر ئەنجامیدەدەن و بۆ چارەسەرکردنی ئەو جەنگ و ناکۆکییانەش، دەبێت هەردوو لا واز لەداسەپاندنی بیروباوەڕەکانیان بەسەر یەکتریدا بێنن، بەرامبەر یەکتر سنگفراوان و لێبوردە بن. ئەو لەم

ئەرگۆمێنتانەدا بە هیچ کلۆجێك خۆی ناخاتە ریزی هیچ گرووپێکی ئایینییەوە و زیاتر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکات، کە بیروباوەڕی کاسۆلیکەکانیش هاوشێوەی رێبازە ئایینیەکانی دیکە، بەو شێوەیە نییە، کە لەناو کتێبی پیرۆزدا، هۆکاری روون و ئاشکرایان بۆ دەسنیشانکرابێت، بەڵام روونییە ئاخۆ کاستالیۆن پێیوایە کاسۆلیکەکان مافی خۆیانە یان نا، بەڵام دەبێت بەرامبەر هەڵەکانی پڕۆتستانەکان لێبوردە بن یان ئەوەی، کە پێیوایە روانگەی ئایینی کاسۆلیکەکان جێی گومانە، کەواتە نابێت پێداگریی لەسەر ئەوە بکەن، پڕۆتستانەکان لەو بوارانەدا کە جیاوازیی بیروڕایان هەیە، شوێنیان بکەون.

دەتوانین بڵێین ئەرگۆمێنتەکانی کاستالیۆن دوو بەشن. دەتوانین بەشێکیان بە «ئەرگۆمێنتە بنەماییەکان» ناو ببەین، کە پێیوایە بە گشتیی زۆرەملێ و ناچارکردنی مرۆڤەکان کارێکی نەشیاوە، بۆیە هەرگیز نە مەسیح و نە هەڤاڵەکانی، پەنایان بۆ زەبر و هێز نەبردووە. دەشڵێت هەرگیز مەسیح کەسی ناچار نەکردووە شوێنی بکەوێت و خوێندکارەکانی لەوپەڕی ئازادیی، بە حەز، ویستی خۆیان ملیان بە ئەمر و راسپاردەکانی داوە و شوێنی کەوتون. کەسانێك کە ویژدانی مرۆڤەکان ناچاربکەن کارێك قبوڵبکەن، نە لایەنگری راستەقینەی مەسیحن و نەدەشتوانن دیتران بهێننە سەر ئایینی مەسیح. ئەگەر کەسێك ئازار و ئەشکەنجە بدرێت، تەنها بۆئەوەی ببێتە کەسێکی باوەڕدار، نەك تەنها جەستەی، بەڵکو خیانەتیشیان لە رۆحی کردووە. بەشێکیتری ئەرگۆمێنتەکانی کاستالیۆن «ئەرگۆمێنتگەلی ئامرازی»ین، بەم واتایە بەکارهێنانی ئامرازەکانی هێز و دەسەڵات بۆ گەییشتن

بە ئامانجی ئایین، بە ناکارا دەزانێت. بەڕای ئەو، ئامانج و مەبەستی باوەڕە ئایینیەکان، شتێکی چاك و خێرە، بەڵام ئامرازەکانی، واتە هێز و دەسەڵات، خراپ و شەڕن.

**کاستالیۆن لەم ئەرگۆمێنتانەیدا دەگاتە دوو دەرەنجام:**

1.دەبێت هەمیشە لە ئاست بێدینەکاندا لێبوردە بین، تەنانەت ئەگەر دژیشیان بین، چونکە ئامرازەکانی هێز و دەسەڵات، ناتوانن بەشێوەیەکی راستەقینە بە ئامانجەکانی ئایینمان بگەینن، (واتە باوەڕ و بەختەوەریی ئەو دنیای مرۆڤەکان)؛ چونکە ئامرازەکانی هێز، ناتوانن باوەڕی دەروونیی بهێننەئاراوە.

2. تەنانەت ئەگەر ئەو خێر و چاکەیەی، کە لەسایەی زۆرەملێ و ناچارکردنی مرۆڤەکانەوە دەستەبەردەبێت، زۆر گەورەتر بێت لە شەڕی بێباوەڕیی و ناکۆکیی ئایینی ، دیسانەوە بەدەستهێنانی ئامانجێکی باش و پیرۆز لەڕێگەی ئامرازەکانی «شـەڕ»ەوە کارێکی نەشیاوە، بە واتایەکی‌تر هەرچەندە هێشتنەوەی مرۆڤەکان لە کوفر و بێباوەڕیی و تاوانکاریدا کارێکی خراپ و نابەجێیە، بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە، کە لە پێناوی رزگاریی و بەختەوەریی ئەبەدیدا، کەسێك ناچار بە ئەنجامدانی کارێك بکەین.

کاستالیۆن لە ئامۆژگارییەکانیدا بۆ لێبوردەیی ئایینی هەندێك ئەرگۆمێنتی دیکەشی هەیە، کە زیاتر لایەنی پراکتیکییان هەیە؛ ئەو دەڵێت لە هەر شوێنێکدا مرۆڤەکان ناچار نەکرابێتن باوەڕدار بن، هەمیشە لەو شوێنانەدا ژمارەی باوەڕداران زیاتر

بووه لەو شوێنانەی، کە خەڵکەکەی زۆر ناچارکراون باوەڕبهێنن. ناچارکردنی خەڵك بۆ پابەندبوون بە کڵێسا، لەجیاتی ئەوەی کە وەفاداریی راستەقینە بێنێتەئاراوە، بە پێچەوانەوە رق، نەفرەت و ریاکارییان زیاتر دەکات. دەبێت هەمیشە ئەوەمان لە یادبێت، هیچ باوەڕێك بە لەناوبردنی خاوەنەکان، یان برەوپێدەرەکانی لەناو ناچێت. تاقە رێگەی گونجاوی کڵێسا بۆ دژایەتیکردنی بێباوەڕان و کافران دوورخستنەوەیانە. ئەگەر کەسێك کافران و بیرجیاوازەکان بباتە بـەردەم پەتی سێدارە و لەناویان بەرێت، رەنگە توشی گەورەترین هەڵە بووبێت، لەڕاستیدا کریستیانێکی راستەقینەی لەناو بردبێت، کە لە وەها حاڵەتێکدا هەرگیز ناتوانێت قەرەبووی ئەو زیانە گەورەیە بکاتەوە، بەڵام ئەگەر کڵێسا کەسێك دووربخاتەوە و لەم کارەشیدا توشی هەڵە بووبێت، دیارە ئەم هەڵەیەی قابیلی چاککردنەوەیە، بۆیە کاستالیۆن دەگاتە ئەو ئەنجامەی تاقە رێگەی گونجاوی کڵێسا،دوورخستنەوەی بیرجیاوازەکان و کافرانە، نەك کوشتن و هەڕەشە لێکردنیان. کاستالیۆن خەڵکی فەرەنسا، پڕۆتستانە و یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی کالڤین، دواتر چوو بۆ ناوەندی کالڤینیستەکان، واتە شاری ژنێڤ و چووە ڕیزیانەوە، بەڵام چونکە کەسێکی ئازادیخواز بوو، بە هۆی ئازار و ئەشکەنجەکانی کالڤینیستەکان و لێنەبوردەییان دەرحەق بە نەیارانیان دژیان وەستایەوە و هەر زوو بە جێیهێشتن. ئەرگۆمێنتەکانی کاستالیۆن بە گشتیی زۆر بەهێز بوون، بەڵام زۆربەیان تەنها لە زاری قسەکەرێکەوە دەردەبڕدران.

**میشل.دی.ل.هۆپیتاڵ:**

کەسێکی‌تر کە لەبواری لێبوردەیی ئایینیدا شتی زۆری نوسیوە «میشل.دی.ل.هۆپیتاڵ»ە، کە سیاسەتمەدارێکی ناودار و گەورە راوێژکاری فەرەنسا بووە لە سەردەمی حکومەتی کاترین لەنێوان ساڵانی 1560 تا 1568ی زایینیی. کاتێك قسە لەسەر هۆپیتاڵ دەکەین، بەرەورِووی کەسایەتییەکی تەواو سیاسی دەبینەوە، کە شەیدای ئایینی کاسۆلیکە. کتێبەکەی هۆپیتاڵ بە ناوی «سەبارەت بە جەنگ و ئاشتی»، دەقێکی تەواو سیاسییە کە روونکردنەوە لەسەر هۆکارەکانی جەنگ و ئەو میتۆدانە دەکات، کە کۆتایی بەم جەنگانە دێنن. هۆپیتاڵ هاوشێوەی زۆرێك لە باوەڕداران، خوازیاری بەدیهاتنی دوو ئامانجە :1. سەقامگیریی و چەسپاندنی ئایینێکی یەکگرتوو. 2. پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەقامگیر و یەکگرتوو.

لەڕوانگەی بیرمەندانی هاوچەرخی هۆپیتاڵدا، بە گشتیی ئامانجی یەکەم وەك ئامانجی سەرەکی دەهاتە ئەژمار، ئامانجی دووەم پاشکۆی ئامانجی یەکەم بوو، بەڵام هۆپیتاڵ ئامانجی دووەمی بەڕەسەن و ئامانجی یەکەمی بە پاشکۆی ئامانجی دووەم دادەنا. جەختیشی لەسەر بێهودەیی و بێئاکامبوونی زەبر و زۆرەملێ دەکردەوە پێیوابوو ئەگەر ناچارکردنی مرۆڤەکان بەڕواڵەتیش بێت، هەندێك دەرئەنجامی دڵخۆشکەری لێبکەوێتەوە، دیسانەوە شێوازێك نییە کە بتوانرێت لە رێگەیەوە کێشە و ئاڕیشەکان بە شێوەیەکی راستەقینە چارەسەربکرێن. رووی قسەی

ئەرگۆمێنتەکانی هۆپیتاڵ لەو کاسۆلیکانەیە، کە پێیانوایە پڕۆتستانەکان کافر و بێدینن و دەبێت بە هەر شێوەیەك بووە، بگەڕێنرێنەوە سەر باوەڕە کاسۆلیکییەکەی جارانیان.

هۆپیتاڵ، تیۆرێکی ئێجگار روون و ئاشکرا سەبارەت بە باوەڕمەندیی دەخاتەڕوو. ئەو پێیوایە هەموو مرۆڤێك بۆئەوەی ببێتە کەسێکی بـاوەڕدار، دەبێت لە ژیانیدا بە تەواوەتی داوێنپاك، بەڕەوشت و شوێنکەوتەی مۆدێلێکی بـاڵای ئاکاریی بێت، لەڕاستیدا بە هۆی کردوەکانییەوە بیخوڵقێنێت؛ دەبێت بۆ رێگرتن لە تاوانکاران و گومڕاکان، لەبری چەك و هێز و زۆرەملێ، کەڵك لە وشە و ئەرگۆمێنت وەربگیردرێت.

بـەڕای هۆپیتاڵ، هەرچەند پڕۆتستانەکان شیاوی تەکفیرکردنن، بەڵام هۆشداری ئەوەش دەدات، فەرمانڕەوا بەتەنها بـەرەوڕووی تاکێك، یان چەند کەسێکی تایبەت نییە، بەڵکو سەروکاری لەگەڵ ملیۆنان کەسی دانیشتوی هەرێمەکەی هەیە، ئەگەر فەرمانڕەوا خۆشی بەشداریی لەسەرکوتکردنی نەیارە فکرییەکانیدا بکات، دەستبکاتە راوەدوونان، لێپێچینەوە و سەرکوتکردنیان، بە دڵنیاییەوە وڵات و حوکمڕانییەکەشی لەناوەدەچێت. فەرمانڕەوا کاتێك دەتوانێت حوکمڕانییەکەی بە ئاسودەیی و بەردەوامیی بمێنێتەوە، کە خۆی لەجەنگە تایفی، خێڵەکییەکانەوە نەگلێنێت، هەوڵی ئاشتکردنەوە و تەباکردنی گروپە دژبەرەکان بدات.

فـەرمـانـڕەوای سیاسی دەبـێـت سـەرەڕای خواستی کاسۆلیکەکان، مافی سەرجەم پڕۆتستانەکان لە بواری ئەنجامدانی کار و چالاکییە ئایینیەکان و جۆری پەرستنی خوا،

گردبوونەوەکانیان ڕەچاوبکات و ئازادییان بپارێزێت. کەسێك کە نکوڵیی لە وەها مافێك بکات، لەڕاستیدا دژی ئاشتییە و خوازیاری جەنگ و ئاژاوەیە. ڕاییکردنی سیاسەتی ئاشتەوایی لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە، هەمیشە ئاکامی جەنگەکانە، تەنانەت شکستەکانیش بە قازانجی فەرمانڕەوای وڵات دەشکێنێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو شتێك بەدڵی فەرمانڕەوا بچێتە پێشەوە. نابێت فەرمانڕەوا لەخۆیباییببێت و دڵەڕاوکێی ئـەوەی هەبێت، ئاخۆ وەکو پێویست گوێ لەفەرمانەکانی ڕادەگیردرێت یان نا، بەڵکو دەبێت هەمیشە بیر لەسەقامگیرکردنی ئاشتیی لەنێوان خەڵکانی ژێردەستی بکاتەوە. ئەگەر ئەو داوا لەخەڵکانی ژێردەستی بکات پێکەوە ئاشت و تەبا بن و هەموان ناچار بە ڕەچاوکردنی ئەم پرەنسیبانە بکات و هەموانیش بە گوێی بکەن، ئەو فەرمانڕەوایە هەرگیز شکستناهێنێت. هۆپیتاڵ دەڵێت تەنانەت ئەگەر ڕەچاوکردنی بنەماکانی لێبوردەیی لەناو گروپە جودابیرەکانیشدا، ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هێز و دەسەڵاتی پاشا، دیسانەوە خێر و چاکەی حکومەتی تێدایە. بە واتایەکی تر، ئەگەرچی ڕەنگە ئەمجۆرە ئاشتیی، لێکتێکەییشتنە لە هێز و دەسەڵاتی پاشا کەمدەکاتەوە، بەڵام بەردەوامیی و سەقامگیریی حکومەتی بـــەدواوە دەبـێـت. هەرچۆنێکبێت فـەرمـانـڕەوا لە هەر بارودۆخێکدا بێت، ناتوانێت چاو لەو ڕاستییە بنوقێنێت، کە دەبێت ئازادیی ئەندێشە و ئازادیی شێوازی پەرستنی خوا بۆ هەموو مرۆڤەکان بە ڕەوا بزانێت و ڕێزی لێ بگرێت و هەمیشە ئەوەی لەیادبێت، بێبەشکردنی نەیاران لەو ئازادییە، وەکو بەندکردنیان وایە، کەواتە یاسادانەر، واتە فەرمانڕەوا کەسێك نییە یاسا بۆ بەندکردنی خەڵك بەکاربێنێت.

**فرانسیسکۆ. دی لانۆ:**

بیرمەندێکی‌تر، کە لەبابەتی لێبوردەیی ئایینی وردبۆتەوە و باسیکردووە «لانۆ»یە . لانۆ لە کتێبەکەیدا بەناوی وتارێك لەبارەی سیاسەت و میلیتاریزم، هۆکارەکانی روودانی جەنگ لەنێوان نەتەوەکان شیدەکاتەوە و پێیوایە تاقە رێگەچارەشی لێبوردەیی ئایینیە.

بەڕای ئەو، بوونی ململانێ و جەنگە ئایینیەکانی نێوان خەڵکی نەتەوەیەك، هێمایەکە بۆ لاوازیی ئەو نەتەوەیە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی خۆی و لایەنی بەرانبەری، هەروەها ئەوەش دەردەخات، نەتەوەیەکی ئاوها لە پرۆسەی خزمەتکردنی ئامانجە یەزدانییەکاندا شکستیهێناوە. بەڕای ئەو، دەوڵـەت و رێکخراوەکانی، شتگەلێکن پێوەندییان بە ژیانی ئەم دنیایەی مرۆڤەوە هەیە. شتێك، کە دەوڵەت پێویستی پێیەتی و مافی خۆشیەتی لەهاووڵاتییانی چاوەڕێ بکات ئەوەیە، وەفایان بۆی هەبێت و ناشبێت خۆیان لەو وەفادارییە بدزنەوە، دەوڵەتیش نابێ ناچارکردن و زۆرەملێ بەرامبەر بەو کەسانە بەکاربێنێت، کە پشتیوانیی لێدەکەن.

لانۆ پێیوایە دەبێت خەڵکی فەرەنسا واز لەو شەڕ، ناکۆکیی و دمبەدمە ئایینیانە بێنن، کە زیاتر لەسەر تەوەری بابەتە لاوەکی و نابنەڕەتییە ئایینیەکان دەخولێنەوە، دەبێت لەبواری عیبادەت و پەرستنی خوادا یەکبگرن و یەکگرتوو بن، ئەگینا هەرگیز چاویان بە بەختەوەریی و رزگاریی ناکەوێت.

بیروڕا سیاسییە باوەکانی سەردەمی لانۆ، دژی هەموو جۆرە لێبوردەییێکی ئایینی بوون، مۆڵەتیان بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هیچ جۆرە باوەڕێکی‌تری ئایینی نەدەدا،

چونکە فرەیی باوەڕگەلی ئایینی لەناو دەوڵەتێکدا، ناکۆکیی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و لەترسی ئـەو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییانەش، مۆڵەت بە فرەیی و پەرەسەندنی باوەڕە ئایینیەکان لەکۆمەڵگەدا نەدەدرا. خودی لانۆش ئەگەرچی بـاوەڕی بە یەکێتیی ئایینی هەبوو، جەختیشی لەسەر دەکـردەوە، بەڵام بۆ گەییشتن بەو ئامانجە، پەنابردنە بەر هێز و سوپای پێ ناڕەوابوو، چونکە پێیوابوو پەنابردنەبەر هێز و زەبر، دەستەبەرکردنی یەکێتیی و یەکگرتنی ئایینی ئەستەمتردەکات، هەروەها بەمجۆرە روونکردنەوە دەدات، کە دیارە مرۆڤی چاك و خراپ لەهەموو کۆمەڵگایەکدا هەن و نابێت «چاکەکان» بە مەبەستی لەناوبردن و تەفرووتوناکردنی «خراپەکان» جەنگ دابگیرسێنن، بەڵکو دەبێت بە پشتبەستن بە یاسا بەدوای رێگەچارەگەلێکدا بگەڕێن، کە بتوانن لە سایەی ئەو یاسایەدا، ژیانێکی ئاشتییانە و برایانە بەرنە سەر.

کەواتە وەك دەبینین لانۆ پێیوایە دەکرێت بێدین، دیـنـدارەکـان لە ئاشتیی، تەبابیدا بژین و بەمجۆرەش روونیدەکاتەوە، کە لەسەردەمی حوکمڕانێتی رۆمانییەکاندا، کریستیانەکان ژیانێکی ئاشتییانە و برایانەیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا بردۆتە سەر، کە باوەڕی تەواو جیاوازیشیان هەبووە. کڵێساکانی ئەو سەردەمە، بە دەگمەن پەنایان بردۆتە بەر زەبر و ئەشکەنجە. بەڕای ئەو، قەناعەتپێکردنی مرۆڤەکان لەڕێگەی ئاشتیی و ئارامییەوە، نەك تەنها کاریگەرتر دەبێت، بەڵکو ئەنجامگەلێکی ئێجگار زۆریشی هەیە (لەوانە: گەشەی بازرگانیی و پەرەسەندنی تەناهیی و ئاسایشی کۆمەڵگە و.)...

لانۆ دەڵێت زۆرەملێ و داسەپاندن، ناتوانێت باوەڕ و ئیمانی راستەقینە بێنێتەئاراوە. رەنگە بوترێت زەبر و دەسەڵات، دەتوانێت یەکگرتنی ئایینی بێنێتە ئاراوە، وەك چۆن فەرمانی «نانت» لە ساڵی 1685دا بە مەبەستی یەکگرتنی ئایینی پوچەڵکرداوەتەوە، واتە لەو باوەڕەدا بووە، هێز و دەسـەڵات خۆی لە خۆیدا بایەخی بـاوەڕی ئایینی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کەواتە ئەگەرچی رەنگە بە رواڵەت یەکگرتنێکی ئایینی بێنێتەئاراوە، بەڵام لەڕاستیدا سەرجەمی گشتییەتی باوەڕی ئایینی، کە شتێکی پاکژ و دەروونییە، بێنرخ دەکات.

**ژان بۆدن:**

ژان بۆدن بیرمەندێکی تری سیاسییە، کە هاوشێوەی هۆپیتاڵ، کەسێکی سیاسەتمەدارە. لە کتێبەکەیدا بەناوی (شەش وتار سەبارەت بە کۆمار) لەڕاستیدا دەیەوێت بە جۆرێك لەجۆرەکان کۆتایی بە کێشە و دەمەقاڵە ئایینیەکان بێنێت، بەڵام هەرگیز هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسە ئایینیەکانی نەبووە، واتە بە گشتیی هیچ خولیایەکی ئاوهای نەبووە.

بەڕای ئەو، ئایین چونکە یەکگرتن و یەکپارچەیی بۆ دەوڵەت دێنێتە ئاراوە، پرسێکی گرنگ و بنەڕەتییە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا پێیوایە دەمەقاڵە ئایینیەکان، تەنانەت بەهێزترین دەوڵەتیش لە پەلوپۆ دەخەن و لەناوی دەبەن. پێدەچێت ئەم بۆچوونەی ژان بۆدن، پاساو بۆ سـزادان و سەرکوتکردنی گروپە ئایینیەکان دێنێتەوە و بە رەوای بزانێت، بەڵام ئەو دەڵێت کاتێك خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی پاشا لە پرسە

ئایینیەکاندا ناکۆکییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، پاشا و حکومەت بە هیچ شێوەیەك مافی ئەوەیان نییە، بیر و باوەڕی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن، یان لایەنگریی لە گروپ و تاقمێکی تایبەت بکەن.

بۆدن لە لایەکەوە کێشمەکێشە ئایینیەکان رەتدەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە دوورخستنەوە و راوەدوونــان و ئازاردانی گروپە رکابەرەکان بە ســزادان لەقەڵەمنادات. ئەوەش روونەدەکاتەوە، کە هەوڵدان بۆ ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ هەڵبژاردنی ئایینێك، زۆربەی کات رێگە لە سەپاندنی ئایینێکی گشتیی و یەکگرتوو لە لایەن فەرمانڕەواوە دەگرێت. فەرمانڕەوای سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی یەکێتیی و تەبایی، ئایین یــان ئەندێشەیەکی دیاریکراو بەسەر خەڵکانی ژێردەستیدا دەسەپێنێت، بەڵام ئەم شێوازە، نەك تەنها نابێتە هۆی باوەڕمەندبوونیان، بەڵکو تووشی لادانیشیان دەکات.

نابێ فەرمانڕەوا دژایەتی، یان پشتگیریی هیچ تاقم، یان گروپێکی تایبەت بکات. ئەگەر پاشا پشتگیریی لایەنێك بکات، ئەوە بەو واتایە دەبێت، کە خۆی ئەندامێکی ئەو گروپەیە، کەواتە بەمشێوەیە خۆی لە دەمەقاڵ و کێشە ئایینیەکانەوە دەگلێنێت، وڵات، حکومەت بەرەو شەڕ و ئاژاوە دەبات. پاشا تەنها بە تەقوا و کردەوەی چاك، دەتوانێت سەرنجی خەڵك بۆ ئەو ئایینە رابکێشێت، کە خۆی بە راست و دروستی دەزانێت، نەك بە هێز، دەسەڵات و زۆرەملێ، کەواتە هیچ فەرمانڕەوایەك بۆی نییە بیروباوەڕە دەروونیی و ویژدانییەکانی مرۆڤەکان نادیدە بگرێت، یان بیەوێت لەناویان بەرێت.

لەسەردەمی بۆدندا، پشێویی و ئـاژاوە سەرانسەری فەرەنسای گرتبووەوە؛ دەسەڵاتی ناوەندیی لاواز بووبوو، سیستمی کارگێڕیی وڵات، ئێجگار بە لاوازیی بەڕێوەدەچوو. هەر شـارە، یاسای جیاواز و تایبەت بە خۆی هەبوو. بە دەستپێکردنی شەڕ و گێرمەوکێشە ئایینیەکان، بارودۆخێکی نالەبارتر سەریهەڵدا و وای لە فەرەنسا کرد بەتەواوی لێکهەڵوەشێتەوە. بۆدن لەژێر کارتێکەریی وەها بارودۆخێکدا، لەلایەکەوە پشتگیریی دەوڵەتی ڕەها، سەرکەوتوو دەکات و لە لایەکی تریشەوە پابەندی ئازادییە مرۆییەکانە. لەڕوانگەی ئەوەوە دەوڵەت بریتییە لە حکومەتێکی یاسامەند، کە لەگەڵ یاساکانی سروشتیشدا بێتەوە و وەها دەسەڵاتێکیش دەبێت هەمیشەیی و ڕەها بێت. بەڕای ئەو، بێجگە لە خوای بەرز و باڵا، هیچ تاکێك باڵاتر لە فەرمانڕەوا نییە، لەبەر ئەمەش فەرمانڕەواکان بە ویست و ئیرادەی خوا دێنە سەر کار و وەك جێگری خوا بەسەر خەڵکدا حوکمڕانیی دەکەن، هەر لەبەر ئەمەش ئێمەش ڕێزیان لێدەگرین. بەڕای ئەو، هەرچەند حوکمڕانیی پێویستی بە دەسەڵاتی ڕەهایە، بەڵام نابێت هەموو دەسەڵاتێکی ڕەها بە کردەوەیەك لە کردەوەگەلی یەزدانیی لەقەڵەم بدەین. ئەرکی فەرمانڕەوا جێبەجێکردنی یاساکانی سروشتە و یاساکانی سروشتیش، یاساگەلێکی تەواو دادپەروەرانەن و دەسەڵاتداران دەتوانن بە یارمەتی ئەقڵ بیناسن. دەسەڵاتی فەرانڕەوا دواجـار بە هۆی دەسەڵاتی یەزدانییەوە سنورداردەکرێت. حکومەتی فەرمانڕەوا لە کاتێکدا یاسایی و ڕەوایــە، کە لەسەر بنەمای یاساکانی سروشـت (یاساگەلێك کە هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەی

خوان) بەڕێوەببرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە، چۆن دەتوانین لەوە تێبگەین، فەرمانڕەوایەك بەگوێرەی یاساکانی سروشت حوکمڕانیی دەکات؟ یەکەم، تێگەییشتن لە یاساکانی سروشت ئاسان نییە، دووەم، تەنانەت ئەگەر کۆدەنگییەکیش لەسەر بنەما گشتییەکانی سروشت، وەکو دادپەروەریی و راستگۆیی لە ئارادا هەبێت، دیسانەوە بیروڕاگەلی زۆر جیاواز سەبارەت بە شێوەی جێبەجێکردنیان لە ئارادایە. ڕێگەچارەیەکی ئەم پرسە هەمان ئەو ڕێگەیە بوو، کە هۆبز خستیەڕوو، ئەویش ئەوە بوو، کە تەنها فەرمانڕەوا دەزانێت یاساکانی سروشت کامانەن. لەڕاستیدا ئەم ڕێگەچارەیە حاشاکردنی سەروەریی یاسا یەزدانییەکان بوو «بۆدن»یش پێیان ڕازیی نەدەبوو، چونکە یاساکانی سروشت، یاساگەلێکن لەخواوە سەرچاوەیان گرتووە و فەرمانڕەواش دەبێت بۆ رەوایەتیدان بە دەسەڵاتی خۆی، تەواو پابەندییان بێت.

لۆك ڕێگەچارەیەکی دیکەی خستەڕوو. بەڕای لۆك، یاساکانی سروشت هەمان یاساکانی خـوان، کە لەسەروو هەموو یاساکانیترەوەن و دەسەڵاتی فەرمانڕەوای سیاسیش، دەبێت لەچوارچێوەی یاسای سروشتدا سنورداربکرێتەوە، دەسەڵاتی فەرمانڕەوای سیاسی، هەرگیز بابەتە ئایینی و ئاکارییەکان ناگرێتەوە، بەڵام بۆدن ئەو گرژیی و ئاڵۆزییانەی، کە دەرەنجامی ململانێ ئایینیەکانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی بوون، بە شێوەیەکی وەها هەستپێکرد، کە نەیدەتوانی رۆڵی حکومەت لە چاودێریکردنی کاروبارە ئایینیەکاندا بۆ دابینکردنی ئاشتیی و ئارامیی لەبەرچاونەگرین، بۆیە

بۆدن لەم ڕووەوە دوو بیروڕای تەواو لێکجیاوازی هەبووە، لە لایەکەوە دەیەوێت لەبواری ئایینیدا دەسەڵاتی ڕەها بە فەرمانڕەوای سیاسی بدات، لە لایەکی دیکەشەوە دەیەوێت پرسە ئایینی و ئاکارییەکان لەچوارچێوەی دەسەڵاتیدا بێنێتەدەرەوە، تاکو لەم ڕێگەیەوە فەرمانڕەوا سیاسییەکان لە بەرامبەر بیروباوەڕی نەیارەکانیاندا لێبوردە و چاوپۆشیکەر بن. وەکو دواڕاڤەکاریی، دەبێت بڵێین بۆدن هەرچۆنێکبێت قەڵەمڕەوی باوەڕ، لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی سیاسی جیادەکاتەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەو کاریگەرییە زۆرەی، کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی بۆدن بەسەر بیرکردنەوەیدا هەیبووە، نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەو لێکجیاکردنەوە ئەنجامبدات؛ کارێك کە دواتر لۆك کردی و قەڵەمڕەوی باوەڕی بەتەواوەتی لە قەڵەمڕەوی سیاسەت جیاکردەوە و بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی هەردوو قەڵەمڕەوەکەی لەدەستێوەردانی بواری یەکتری قەدەغەکرد. کتێبێکی‌تری بۆدن، کە باس لە لێبوردەیی ئایینی دەکات و باشتر لەکتێبی کۆماریش بیروڕاکانی ئەو لەمبارەیەوە ڕووندەکاتەوە، کتێبی «گفتوگۆ حەوت قۆڵییەکان»ە، کە ساڵی 1593 نوسیویەتی. ئەم کتێبە گفتوگۆیەکی نێوان حەوت بیرمەندە، کە هاوڕێی یەکترین، بەڵام هەرکەسەو خاوەنی بیروباوەڕی جیاوازی خۆیەتی و لەخانوی یەکێکیاندا بەناوی کۆرۆنی لەشاری ڤێنیز کۆبوونەتەوە. کۆرۆنی کەسێکی کاسۆلیکە و هاوڕێکەی تری بەناوی ئۆکتاڤ فاگنۆلا مەسیحییەکی سەرەتاییە، کە لەکاتی بەندکرانیدا لەتورکیا هاتۆتە سەر ئایینی ئیسلام.

ئانتۆنی کورس کالڤینیستە؛ فریدریش پودامیکوس لایەنگری لۆسەرە؛ سالۆمان بارکاسیۆس جولەکەیە؛ تۆراڵب باوەڕی بە خوا هەیە، بەڵام بەسەرچاوەبوونی کڵێسای قبووڵ نییە؛ دوا هاوڕێشیان «سێنامی»یە، کە سەرجەم باوەڕ و ڕێزگرتنە دەروونیی و پاگژەکانی دەرحەق بە خوای قبووڵە و بەهایان بۆ دادەنێت، تەنانەت ئەگەر بتپەرستیش بێت. لەم کتێبەدا سەبارەت بە پرسگەلێکی جۆربەجۆر دیالۆگ و وتوویژ لەنێوان هاوڕێکاندا دروستدەبێت. پرسگەلێکی وەك ئەبەدیبوونی ڕۆحی مرۆڤ، ڕاستییەکانی کڵێسا، مرۆڤە شەڕانگێزەکان، تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایینە جۆراوجۆرەکانی ناو حکومەت، کۆمەڵگە، هەروەها ئەوەش، کە ئایا ئایینی لەسەرحەق بوونی هەیە یان نا؟ ئایا ئەم ئایینە لەسەرحەقە، قابیلی ناسینە یان نا؟ ئایا لێبوردەیی لەبەرامبەر ئایینەکانی دیکە، تەنانەت لە کاتێکدا ئەگەری هەڵەبوونی ئەو ئایینەش لەئارادا هەبێت، کارێکی باشە؟ هەندێك بابەتی تری لەم چەشنە. لەکتێبی «گفتوگۆ حەوت قۆڵییەکان»دا بە بێ ئەوەی لایەنگریی لە هیچ هەڵوێستێکی تایبەتی بکرێت، هەندێك قسەوباس دێنە گۆڕێ، کە ئەرگۆمێنتەکانی هەر کامیان لۆژیك و جوانیی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم وێناکردنەی ئەو، کە وانە جیاوازە ئایینیەکان دەتوانن لە کەشوهەوایەکی برایانە و دۆستانەدا بخرێنەڕوو، بە بێ ئەوەی هیچ فشار و زەخت و هەڕەشەیەك، ئاڕاستەی گروپێکی دیاریکراو بکرێت، لەڕاستیدا وەك بەڵگەیەك بۆ داکۆکیکردن لە لێبوردەیی ئایینی لە قەڵەمدەدرێت.

بۆدن بە جۆرێك لەجۆرەكان پێیوایە سەرجەم باوەڕی گروپە ئایینیەكان قابیلی پێكەوە كۆكردنەوەن و لەو باوەڕەشدایە، هەموو ئایینەكان چارەنوسێكی هاوبەشیان هەیە. بۆدن لە كتێبی گفتۆگۆ حەوت قۆڵییەكاندا، فرەچەشنییەكی باوەڕە ئایینیەكان پیشاندەدات، كە هەموویان لـەڕووی باوەڕی هاوبەشیان بە خوا، هەروەها پابەندبوونیان بە ئاكار، سۆز و بەزەییان دەرحەق بە یەكتر، پێوەندییەكی دەروونییان پێكەوە هەیە. كۆكبوونی بۆدن لەگەڵ هەموو ئایینەكان، لەڕاستیدا ئەوە دەگەینێت كە بڵێت باوەڕمەندیی بە خوا -كە بەردی بناغە و سەرچاوەی هەموو باوەڕە ئایینیەكانە- جەوهەری سەرجەم بـاوەڕە ئایینیەكانە، كەواتە بەهۆی راسپاردنی سەرجەم باوەڕە ئایینیەكان بە باوەڕێكی بنەڕەتیی، چیدی ناتوانین بۆدن بە كەسێك بزانین، كە باوەڕی بە ئایینێكی تایبەت هەیە، بەڵكو باوەڕی بە ئایینێكی گشتیی و هەمەكیی هەیە، كەواتە بە پشتبەستن بەم گریمانە، لێبوردەیی باسكراو لە كتێبی گفتوگۆ حەوت قۆڵییەكان شتێك نییە هەڵقوڵاوی كەمتەرخەمیی، یان دژایەتی و وشكەڕۆیی ئایینی بێت، بەڵكو لێبوردەییەكەی، بە تەواوەتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، كە ئەو ناكۆكیی و جیاوازییە نابنەڕەتییە ئایینیەكان بە كۆمەڵێك شتی بێبایەخ لەقەڵەمدەدات. ناكۆكیگەلێك كە هەرچەند لەسەر پرسە سەرەكییەكانی باوەڕە ئایینیەكان نەبوون، بەڵام تا پێش ئەو، لەناو سیستمی باوەڕە ئایینیەكانی ئایینەكاندا، گرنگیی یەكجار زۆریان پێدەدرا و هۆكاری چەندین شەڕ و جەنگ و ئاژاوە بوون.

**پییێر بیل**

بیل نوسەر و بیرمەندی پرۆتستانی فەرەنسی، خۆی بە تێڕامان لە بواری لێبوردەیی ئایینیەوە سەرقاڵکردووە. پرەنسیپی نەگەییشتن بە یەقین، کە وەك بنەما و بنچینەی لێبوردەیی ئایینی لێیڕوانیوە، یەکەمجار لەلایەن جۆن لۆکەوە خرایەڕوو، لەلایەن «بیل»ەوە بە هێز و وزەیەکی زیاترەوە خرایەڕوو و بە دواداچوونی بۆ کرا.

بیل بۆچوونەکانی خۆی لە کتێبێکدا بە ناوی نامیلکەی لێبوردەیی گشتیی، لە ساڵی 1686 دا نوسییەوە. بیل بە مەبەستی نەهێشتنی ئەشکەنجەدانی یەکتری کریستیانەکان، بناغە و بنەمایەك بۆ گفتوگۆی دامەزراند. بەڕای ئەو، ناچارکردنی هۆز، یان نەتەوەیەك کە باوەڕی بە ئایینێکیتر هەیە، کارێکی نائاقڵانەیە و نابێت داکۆکی لێبکرێت. بەڕای ئەو، باوەڕی ئایینی ڕێگەیەکە بەتەواوەتی قەناعەتمان پێدەکات، کەواتە مرۆڤ دەبێت بە گوێرەی حەز و ویستی دەروونیی خۆی، خوای خۆش بوێت و بیپەرستێت. بەڕای بیل، باوەڕی راستەقینە بریتییە لە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیی دەروونیی، دەربڕینی ڕێز و حورمەت بۆ خوا، کەواتە ناچارکردنی تاك بۆ پەرستنی خوا و ئەنجامدانی کردەوەگەلی ئایینی، نەك تەنها بەتەواوەتی نایگۆڕێت بە کەسێکی باوەڕدار، بەڵکو بە پێچەوانەوە مرۆڤێکی ریاکار و دژەئایینی لێ دروست دەکات، چونکە لە وەها حاڵەتێکدا دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیی بە هۆی ئەو گوشارانەوەیە، کە لەسەریەتی نەك ئەوەی کە خوای خۆش بوێت و ڕێزی لێ بگرێت،

کەواتە زۆرەملێ و ناچارکردن لە لایەکەوە پەرە بە ریاکاریی و دوڕوویی مرۆڤەکان دەدات، لە لایەکی دیکەشەوە باوەڕی ئایینی رەسەن لە بنەڕەتەوە ریشەکێشدەکات.

دژایەتیکردنی بیل لەگەڵ پەنابردنە بەر زۆرەملێ بە مەبەستی چاکسازیی ئایینی، تەنها لەبەرئەوە نییە، کە ئەمجۆرە شێواز و کردەوانەی بە نائەقڵانی دەزانی، بەڵکو بەڕای ئەو، بە پشتبەستن بە دەقی «کتێبی پیرۆز»یش ئەم کردەوانە هیچ رەوایەتی و بایەخیان نییە. ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ گۆڕینی ئایینەکەیان بە هیچ کلۆجێك لەگەڵ رۆحی ئێنجیلدا نایەتەوە. ئەو پێیوایە ئامۆژگاریی، دڵسۆزیی، نیەتپاکی و هەندێك ئەدگاری تری لەم چەشنە، فەرمانی مەسیحن و ئەمجۆرە فەرمانانەش لەگەڵ زۆرەملێ و ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ گۆڕینی ئایینەکەیاندا نایەتەوە، هەروەها دەڵێت ئەگەر ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ گۆڕینی ئایینەکەیان کارێکی رەوا و شیاو بێت و کتێبی پیرۆزیش دانی پێداناوە و بەرگریی لێکردووە، کەواتە بە پشتبەستن بە کتێبی پیرۆز، دەبوایە ئەشکەنجەدانی کریستیانە سەرەتاییەکانیش لەلایەن رۆمانییەکانەوە، بە کارێکی رەوا بزانرێت. بەڕای بیل، هەرچەند دەقەکانی کتێبی پیرۆز لە هەناوی مەسیحییەتەوە هەڵقوڵاون و کریستیانەکانیش بەوپەڕی دەستپاکیی و راستگۆییەوە کۆیان کردوونەتەوە و گومان لە راستییان ناکرێت، بەڵام ئەو، ئاماژە بە هەندێك کێشەی وەك راڤە جۆراوجۆر، تەنانەت دژبەیەکەکانی سەر دێڕێکی کتێبی پیرۆز دەکات، هەروەها ئاماژە بە جیاوازیی نێوان رستەکانی خودی کتێبی پیرۆز دەکات، کە هەندێکجار بە دژی یەکدیی

دێنە بەرچاو. بەهۆی وەها کێشەگەلێکەوە بیل ئەم پرسیارە دەکات، کە چۆن دەتوانین بە حەقیقەت بگەین؟

لەڕاستیدا بیل هەوڵی دۆزینەوەی میتۆدێکی دەدا، کە بەرەو مەنزڵگەی حەقیقەت پەلکێشی بکات. وەڵامیشی پشتبەستنە بە ئەقڵ، بە پشتبەستن بە ئەقڵ ئەم پرسە چارەسەردەکات. بەڕای ئەو، ئەقڵ شتێك نییە لەگەڵ یان لە دژی فەرمان و راسپاردەکانی خوا بێت، بەڵکو لەڕاستیدا هێمای خودی خوا و چەسپێنەری فەرمانەکانێتی. ئەرکی دەسنیشانکردنی راست و ناڕاست لە سەرشانی ئەقڵە، تەنانەت تاقە پێوەری تێگەییشتن لە کتێبی پیرۆز، راست و ناڕاستیی ئەمەش، لەسەرشانی ئەقڵە. دەشڵێت کتێبی پیرۆز دەبێت بەپێی بنەماگەلی ئەقڵانیی (ئەقڵی سروشتیی)، لۆژیك راڤە بکرێت و لەسەر بنەمای بەڵگەگەلی راست و باوەڕپێکراو مانای لێکبدرێتەوە. هەرجۆرە لێکدانەوە، یان راڤەکارییەك لەگەڵ ئەقڵ و ویژدانی مرۆڤدا نەیەتەوە، نادروست و هەڵەیە و کەواتە کەس بۆی نییە بەبێ پشتبەستن بە ئەقڵ و لۆژیك، بانگەشەی ئەوە بکات، بیروباوەڕەکانی باشتر و بایەخدارتر لە هی خەڵکیترن. بەڕای ئەو، هەر بیروباوەڕێکی ئایینی، کە بە پێوەری ئەقڵ هەڵسەنگێندرا و رەتکرایەوە، دەبێت وەك پرسێکی پوچەڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کەواتە ئەگەر رستەیەکی کتێبی پیرۆز هانی مرۆڤ بدات بۆ ئەنجامدانی کارێکی دژی ئەقڵ و ئاکار، ئەوە باوەڕپێکراو نییە، یان لانیکەم دەبێت بڵێین ئەو رستەیە بە دروستیی راڤە و لێکدانەوەی بۆ نەکراوە.

هەرچەند بە بــاوەڕی بیل ئەقڵ وەك ئامرازێك بۆ دۆزینەوەی ڕاست و ناڕاست، پلەیەك لە سەرووی وەحی و کتێبی پیرۆزەوەیە، بەڵام ئەقڵیش بەدوور لە خلیسکان و هەڵەکردن نابێت. ئەو پێیوانەبوو لەڕێگەی ئەقڵەوە بتوانرێت لە هەموو ڕوویەکەوە و لە هەموو بوارێکدا بە «یەقین»ی تەواوەتی بگەین. بە تایبەت لەبواری ئاییندا پێیوانەبوو بتوانرێت هەموو پرسە پێوەندیدارەکان بە ئایینەوە، ئەقڵانی و «یەقینی» بکرێن. لەڕاستیدا پێدەچوو بەدەستهێنانی ڕێگەیەکی دڵنیا بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت زۆر ئەستەمتر و تەنانەت مەحاڵتر بێت.

کەواتە بیل ڕوونتر و بەڵگەمەندتر لە نوسەرانی پێش خۆی، نەگەیشتن بە یەقین، وەك پرەنسیپێك ڕووندەکاتەوە، کە مرۆڤ ناچارە دانی پێدا بنێت، بە پرەنسیپێکی بنەڕەتیی دەزانێت بۆ لێبوردەیی فکریی. بیل لەو بــاوەڕەدا بوو، سروشتی مرۆڤ وایە، کە بە تەواوەتی ناتوانێت حەقیقەت بناسێت، بەڵکو هەمیشە تەنها بەشێکی دەناسێت، کەواتە بەردەوام ناسینێکی کەموکوڕی هەیە. ئەو پێیوایە بە تەنها بیری لێبوردەیی، گرفتی نەگەیشتن بە یەقین چارەسەردەکات، بەڵام بیری لێنەبوردەیی کاتیك بەرەوڕووبووی ئەم گرفتە دەبێتەوە، لاواز دەبێت و کارایی خۆی لەدەستدەدات، کەواتە بەراوردکردنی ئەم دوو تیۆرە ئەوە دەردەخـات، گرفتەکانی تیۆری لێنەبوردەیی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ جیاوازییە فکریی و ئایینیەکان ئێجگار زیاترە. بەڕای بیل، بوونی جیاوازیگەلی ئایینی شتێکی حاشاهەڵنەگرە. مرۆڤێك کە لە وڵات یان سەردەمێکی جیاوازدا دەژی، شتێکی ئاساییە

ئەگەر بە شێوەگەلی جۆراوجۆر و بە راڤەگەلی جۆراوجۆر لە حەقیقەتە ئایینیەکان تێبگات. بوونی ئەم جیاوازییانە شتێکی سەرسووڕهێنەر نییە، بەڵام ئەشکەنجەو کوشتوبڕی مرۆڤەکان بۆ یەکتریی، بەهۆی بوونی ئەم جیاوازییانەوە زۆر سەرسووڕهێنەرە.

بیل داکۆکی لە مافی ویژدانی مرۆڤەکان دەکات و پێیوایە، مرۆڤ بە گشتیی هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ناسینی حەقیقەت، بەڵام ئەگەر کەسێك پاش هەموو هەوڵەکانی نەیتوانی حەقیقەت بناسێت، بە دڵنیاییەوە شایستەی سزادان نییە. بیل هەرچەند بەتەواوەتی داکۆکی لە مافی مرۆڤەکان دەکات، بەڵام ئەوەشی لەبیرنەکردووە، کە رەنگە ویژدانیش توشی هەڵە و لادان ببێت، بەڵام چونکە ویژدان ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ ناسینی حەقیقەت خستۆتەگەڕ، کەواتە ئەگەر توشی هەڵەش ببێت، نابێت بە تاوانبار بزانرێت.

بەڕای بیل، ناتوانرێت بیرکردنەوەی مرۆڤ بەند بکرێت، لەڕاستیدا بیرکردنەوەکانی هەموو تاکێك بەجۆرێك لەجۆرەکان تەنها لە کۆنترۆڵی خۆیدایە. ئەو دەڵێت ئەگەر هەموو مرۆڤەکان بتوانن هاودڵ و هاوبیری یەکدیی بن، بە تایبەت ئەگەر لە بـواری بـاوەڕە ئایینیەکاندا، هـاوەڵ و پشتیوانی یەکدیی بن، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڵام هەمیشە بە هۆی نەزانیی، خەسڵەتە مرۆییەکان و چەندین هۆکاری دیکەشەوە، وەها تەبایی و هاودڵییەکی گشتیی شتێکی مەحاڵ دەبێت. توانای ناسینی حەقیقەت لەلایەن مرۆڤەکانەوە هەمیشە مەرجدار و سنوردار بووە، دیارە لەڕوانگەی ئەویشەوە ئەم

کەموکورپییانە، بەشێکن لە سروشت و کرۆکی مرۆڤ، بوونی ئەم کەموکورپییانەش ڕێگرن لەبەردەم تەبایی و هاودەنگیی گشتیدا. ئەو پێیوایە ناسینی کەموکورپییەکانی، مرۆڤ و ئەوەی کە ئەم کەموکورپییانە بەشێکن لەسروشتی مرۆڤ، تاڕادەیەکی زۆر وادەکات، باوەڕمەندیی بە لێبوردەیی بەشتێکی زەروریی بێتە ئەژمار، کەواتە لێبوردەیی، شێوازی لۆژیکی، دەرئەنجامی ئاکارییانەی راستییەکە و ئەو راستییەش ئەوەیە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتەواوە، هەرگیز ناتوانێت بانگەشەی گەییشتن بە یەقینی تەواوەتی بکات. بەڕای بیل هیچ کەس و گروپێکی ئایینی، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بەدڵنیاییەوە لافی ئەوە لێ بدات، حەقیقەت بە تەواوەتی لای ئەوە. وەك چۆن تێگەییشتنی مرۆڤەکان بۆ حەقیقەتێك جیاواز و جـۆراوجـۆرە، گروپە ئایینیەکانیش جۆراوجۆر و جیاوازن. کڵێسای کاتۆلیك بانگەشەی ئەوە دەکـات، تاقە کڵێسای لەسەرحەقە، بەڵام بـەڕای بیل کاسۆلیکەکان هەرگیز لەچاو پرۆتستانەکان لەسەرحەقتر نین. ئەگەر کڵێسای کاسۆلیك تاقە کڵێسای لەسەرحەق بێت، کەواتە هەموو ئەوانی دیکە ناحەقن، ئەگەر ئەوانی دیکەش ناحەقن، کەمترین دەرەنجام ئەوە دەبێت، کە ئازار و ئەشکەنجەدانی گروپەکانیتر رەوا و رێپێدراو دەبێت. هیچ باوەڕێك لەچاو باوەڕەکانیتر، باشتر و لەسەرحەقتر نییە. ئەو پێیوایە ئەگەر هەر کەسەو تەنها خۆی لەسەرحەق بزانێت و پێی وابێت یەقین بەتەنها لای ئەوە، هەم کاسۆلیکەکان و هەمیش پرۆتستانەکان دەبێ رێگەی جەنگ و ململانێ بگرنە بەر، لەڕاستیدا بەئاسانیی

ئازار و ئەشکەنجەی یەکتریی بدەن، بۆیە هەر کاتێك هەرکام لەو دوو گرووپە دەسەڵاتی زیاتری بەدەستبهێنایە، رێگەی بەخۆی دەدات ئەویدی ئەشکەنجە بکات.

بەڕای بیل، گەیشتنی مرۆڤ بە یەقین، مەحاڵە یان لای کەم زۆر ئەستەمە و بە دەگمەن روودەدات، بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەك کەسێکی گومانکار نییە، بۆیە پێیوایە ئەو ئەستەمییە بە ویژدانی تاکەوە دەبەستێتەوە. بیل لەو باوەڕەدایە حەقیقەتی رەها بوونی هەیە، بەڵام نەك بەتەنها لەبەرئەوەی کە مرۆڤ بیناسێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ بەدوایدا وێڵبێت و هەوڵی بەدەستهێنانی بدات. حەقیقەتی رەها بۆ ئەوە هاتۆتە ئـاراوە، مرۆڤ بەدوایدا بچێت و خواش مرۆڤی لەبەرئەوە خولقاندووە، لە قوڵایی دڵەوە خۆی بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی رەها تەرخانبکات، کەواتە مرۆڤ هەمیشە بەدوای حەقیقەتی رەهادا وێڵە و هەرگیزیش بۆی نییە بڵێ ئەو حەقیقەتەی کە بۆی دەرکەوتووە، دواحەقیقەت و حەقیقەتی رەهایە.

ئەم پابەندبوونە بۆ گەڕان و بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، هەمان ئەو شتەیە، کە بیل بە ویژدان، یان زەمیری تاك ناودێری دەکات. پێزانینی ویژدانی تاك بریتییە لەپێزانینی هەموو هەوڵە دڵسۆزانەکانی بۆ بەدەستهێنانی حەقیقەت، هەرچەند بەڕای بیل ئەم هەوڵانە بەردەوام بێئاکام دەبن، بەڵام هەر چۆنێکبێت، دەبێت رێز لە هەوڵ و ماندووبوونی هەموو ئەو کەسانە بگیردرێت، کە بەدوای حەقیقەتی رەهادا دەگەڕێن.

بەڕای ئەو، ئەگەر باوەڕێکی لێبڕاوانە و جێگیر لەئارادا هەبێت، لەم حاڵەتەدا لادان لێی، بە بیدعەت و بێدینیی لەقەڵەم

دەدرێت و دیارە ئەو لادانەش بە تاوان دەژمێردرێت، بەڵام ئەو، ئەگەری بوونی باوەڕگەلی لێبڕاوانە و جێگیر بۆ ژمارەیەکی کەمی پیاوچاکان نەبێت، کە ناسینیان بۆخەڵکانیتر زۆر ئەستەم و دژوارە، بۆ ئەوانی دیکە بە مەحاڵی دەزانێت، بەو دەرئەنجامە دەگات، ویژانی تاك، کە تاقە پێوەری حەقیقەتە، لە هەوڵەکانیدا بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، بە هۆی هەڵبژاردنی رێگەگەلی جـۆراوجـۆرەوە، جیاوازە، کەواتە وەك زەرورەتێك بیدعەت و جودابیریی دێنێتەئاراوە، هەر لەم رووەشـەوە ئازاردانی بیدعەتکاران بێسود و ناڕەوایە. ئەگەر بیدعەتکاریی ببێتە هۆکار و بەڵگەیەك بۆ رەوایەتیی ئەشکەنجەدان، کەواتە هەر گروپێك بۆی هەیە گروپەکانی دیکە ئەشکەنجە بکات، چونکە هەموو گروپێك لە روانگەی گروپەکانیترەوە بیدعەتکار و بیرجیاوازە.

ئەگەر خوا فەرمانی دەرکردبێت بیدعەتکاران ئەشکەنجە بکرێن، لەو حاڵەتەدا ئەشکەنجەی بیدعەتکاران کارێکی رەوا و شیاوە، چونکە ویست و ئیرادەی خوای تێدایە، بەڵام ئەم حوکمە شمشێرێکی دوودەمـە، کە هەم بەکەڵکی دینچاکان دێت و هەمیش بەکاری چەوتبیران و گومڕایان، چونکە هەردووکیان پێیانوایە حەقیقەتی خوایی دەناسن و لەسەرحەقن. ئەگەر خوا فەرمانی دەرکردبێت، کە دەبێت مرۆڤەکان ئازار و ئەشکەنجەی بیدعەتکاران بدەن، لەڕاستیدا هەر بەپێی ئەو حوکمە رایگەیاندووە کە بیدعەتکارانیش دەتوانن دینچاکان و باوەڕداران ئازار و ئەشکەنجە بدەن. وەها فەرمانێك ئەو مۆڵەتە بە دینچاکان، بـاوەڕداران، هەروەها بیدعەتکارانیش دەدات، کە سەربەست بن لە ئازار و ئەشکەنجەدانی یەکتر. بەڕای بیل دەرئەنجامی لێبڕاوانەی وەها حوکمێك تەنها ئەوە دەبێت:

«هەموو ئەو کەسانە ئەشکەنجە بدە، کە پێتوایە بیدعەتکارن».
بیل بەو ئەنجامە دەگات، وەها فەرمانێك لەڕووی ئاکارییەوە دروست نییە، کەواتە وەها قسەیەك یان هەرگیز نەکراوە، یان مەبەستەکەی ئەوە نەبووە. کەسێك کە خەڵکی‌تر بە بیدعەتکاریی و بێدینیی تاوانباردەکات، لەڕاستیدا باوەڕی بە پرەنسیپێکی تایبەت بە گروپەکەی خۆی هەیە و دیارە ئەو پرەنسیپەش بە بناغە و کۆڵەکەیەك بۆ ئایین دەزانێت و بە پێچەوانەشەوە لایەنی بەرامبەر هەر لەبەر هۆکارگەلی هاوشێوە، بنەما ئایینیەکانی ئەو بە بێدینیی و بیدعەتکاریی تاوانبار دەکات.

بەڕای بیل، دواچارەسەری ئەم شەڕ و ملانێیانە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو بەشەی ئایین، کە لەنێوان هەموو ئایینەکاندا هاوبەشە. ئەو بەشەی ئایین، کە جێی ناکۆکییە، بەتەنها تایبەت بە گروپێکە، کەواتە ناتوانرێت بە بەشێکی بنەڕەتیی و بنچینەیی ئایینی مەسیحییەت لەقەڵەمبدرێت، بەڵام ئەو بەشەی، کە کۆدەنگیی هەموو ئایینیەکانی لەسەرە، لەڕاستیدا بە بناغەی باوەڕ دەژمێردرێت و دەتوانێت هەموان بە ئاشتیی و تەبایی لە دەوری یەك کۆبکاتەوە. بەدەر لەم دۆخە، هیچ ڕێگەیەك بێجگە لەتۆقاندن، ترساندن و ئەشکەنجە نامێنێتەوە. ویژدانی مرۆڤ دوا دادگای تاکە و هەموو مرۆڤێك لەسەریەتی حەقیقەت بناسێت. مرۆڤەکان نابێت و ناتوانن ڕێبەری ئایینی، یان پاشای وڵاتەکەیان بە گەرەنتییەکی دڵنیا بەخشی بۆ ڕاستیی کردەوە و باوەڕەکانیان بزانن، بەڵکو دەبێت هەر کەسەو بە گوێرەی تێگەییشتنی ویژدانی خۆی، ئەو شتانە ئەنجامبدات، کە پێیوایە لای خوا ڕاست و دروستن.

## جۆن ستیوارت میل

چەمکی لێبوردەیی لە ئەندێشەی «میل»دا گەییشتە ترۆپك. میل بەهێز و وزەیەکی زیاترەوە، هێڵە کێشراوەکانی جۆن لۆك سەبارەت بە لێبوردەیی درێژە پێدا و زۆربەی ئەو سنورانەی وەلا نا، کە لۆك بۆ چەمکی لێبوردەیی دەسنیشانی کردبوون.

لەڕوانگەی میلەوە تاقە پاساو بۆ دەستێوەردان و سنوردارکردنی ئازادیی و لێنەبوردەیی ئەوەیە، کە بە هۆی ئەو کردەوانەوە ئازادیی ئەوانی دی بکەوێتە بەردەم مەترسییەوە. میل لە «ناملیکەی ئـازادی»دا ئەوە زیاتر ڕووندەکاتەوە، کە ئەگەر حکومەتێك بە مەبەستی سەرکوتکردنی باوەڕی نەیاران، تەنانەت پشتگیریی رای گشتیشی لەگەڵدا بێت، دیسانەوە بۆی نییە نەیارە فکرییەکانی سەرکوتبکات. باشترین و خراپترین حکومەتەکان، مافی ئەوەیان نییە بە کەڵکوەرگرتن لە زەبر و هێز، بیروباوەڕەکان سەرکوتبکەن. وەها کردەوەیەك خۆی لەخۆیدا رووخێنەرە، تەنانەت ئەگەر بە رەزامەندیی رای گشتیی ئەنجام بدرێت، زیانەکەی زیاتر دەبێت.

ئەگەر هەموو تاکەکانی مرۆڤ، باوەڕێکی یەکچەشنیان هەبێت، تەنها یەك کەس لەناویاندا باوەڕی جیاوازی هەبێت، هەوڵدانیان بۆ سەرکوتکردنی ئەو تاقە دەنگە، کارێکی ناڕەوایە. وەك چۆن ئەگەر ئەو تاقە کەسەش هێز و توانای سەرکوتکردنی باوەڕی هەموو خەڵکیتری هەبوایە و ئەو کارەی بکردایە، ئەویش توشی کارێکی ناڕەوا بووە. بەڕای ئەو، بـاوەڕی تاکەکان وەکو سامان و دارایـی تاکەکەسی نییە، کە ئەگەر کەسێکی لێ بێبەش بکەیت، زیانەکەی بە

تەنها بەر ژمارەیەکی کەم بکەوێت، بەڵکو زیانی لەناوبردنی ئەندێشەیەك هەموو مرۆڤایەتی بەگشتیی دەگرێتەوە، هەم نەوەکانی داهاتوو، هەمیش نەوەکانی هاوچەرخ زەرەرمەند دەبن، چونکە ئەگەر کپکردن و سەرکوتکردنی باوەڕێك لەڕێگەی زەبر و زەنگەوە ڕەوا بێت، لەوحاڵەتەدا کەسی نەیاری ئەو بـاوەڕە، ئەگەری سودمەندبوون لەو حەقیقەتەی لەدەستداوە، ئەگەریش هەڵەبێت، دیسانەوە نەیاران زیانیان بەرکەوتوە، چونکە لەسایەی دیالۆگەوە ڕاستی و حەقانییەتی باوەڕەکانی ئەوان ڕوونتر و ئاشکراتر دەبوو. میل لە ڕەتکردنەوە و لەناوبردنی ئەندێشەیەکدا سێ گریمانە دەخاتەڕوو، دەڵێت لە هەر سێ گریمانەدا لێنەبوردەیی بەرامبەر باوەڕێکدا کارێکی هەڵەیە. لە هەموو ئەم گریمانانەدا میل پێیوایە نەیارانی باوەڕێك، هەموویان کەسانی پاکداوێن و دروستکارن و تەنها بەگوێرەی تەقوا و باوەڕە پاگژەکەیانەوەیە، کە هەوڵدەدەن ڕێ لە پەرەسەندنی بیروباوەڕێك بگرن، کە بە زیانبەخشی دەزانن .

گریمانەی یەکەم ئەوەیە، کە بـاوەڕی جێی ناکۆکیی، باوەڕێکی دروستە؛ میل بە پشتبەستن بەو پرەنسیپەی، کە هەموو مرۆڤێك دەشێت هەڵەبکات، بەمجۆرە ڕوونکردنەوە دەدات، کە دەبێت هەموان ئامادەی گوێگرتن لە بیروباوەڕی نەیارەکانیان بن. ئەگەر کەسێك ئامادە نەبێت گوێ لە بیروباوەڕێك بگرێت، لەبەر ئەوەی، کە دڵنیایە لەپوچەڵبوونی، لەڕاستیدا پییوایە ئەو دڵنیاییەی «دڵنیایی ڕەها»یە. کەسانێك کە دەرحەق بە باوەڕی نەیارەکانیان لێبوردەیی نانوێنن و

دەیانەوێت بە زۆر لەناوی بەرن، لەڕاستیدا بە شێوەیەکی پێشوەخت خۆیان بە کەسانێك دەزانن، کە هەرگیز تووشی هەڵە نابن. ئەمانە بە گەڕانەوە بۆ مێژوو دەتوانن بەئاسانیی لەوە تێبگەن، کە چۆن حەقیقەتێکی نەگۆڕ و جێگیر بە درێژایی سەدە و سەردەمەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زۆرێك لەو بیروباوەڕانەی، کە لە رابردودا وەك حەقیقەتی رەها سەیرکراون، ئەمڕۆ چیدی پوچەڵبوونەتەوە، زۆرێك لەو بیروڕایانەش، کە ئەمڕۆ سەلمێندراون لەوانەیە لە داهاتوودا رەتبکرێنەوە. میل دەڵێت زۆرێك لەو بیروباوەڕانەی وەك بیروڕاگەلی نەگۆڕ و چەسپاو لەقەڵەمدەدرێن، بە هەلومەرجی ژینگە و چواردەورەوە بەستراونەتەوە، بەو واتایەی، چونکە لە فڵان شوێن، یان فڵان وڵات لەدایکبوون، فڵان بیروباوەڕمان قبووڵکردووە، ئەوە لە کاتێکدایە دەکرا پرسەکە بەشێوەیەکی دیکە بێت؛ واتە ئەگەر لەشوێن یان وڵاتێکیتردا لەدایکبوونایە، هەندێك بیروباوەڕیترمان قبووڵدەکرد. هەموو ئەم بەڵگە و هێمایانە ئەوە دەسەلمێنن، کە نابێت مرۆڤەکان بەهۆی یەقین و دڵنیابوون لە باوەڕەکانیان، باوەڕی ئەوانیدی سەرکوتبکەن، چونکە لەوانەیە رۆژێــك دابێت باوەڕەکانی ئەوانیش رەتبکرێنەوە.

میل زیاتر روونیدەکاتەوە و دەڵێت نەیارانی لێبوردەیی و ئازادیی بیروباوەڕەکان، رەنگە لەدژایەتی لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەودا بڵێن، کاتێك ئێمە رێگریی لە بڵاوبوونەوەی باوەڕێکی هەڵە دەکەین، خۆشمان بــەدوور لەهەڵە نازانین، بەڵام دەکرێت هەموو کەسێك هەڵەبکات و توانای هەڵسەنگاندنیان

بە ئێمە بەخشیوە، تا کەڵکی لێوەربگرین. ئەگەر بڕیار بێت هەر کەسێك لەبەرئەوەی، کە ڕەنگە باوەڕەکانی هەڵەبن، لەوە بترسێت نەکا کـردەوەی هەڵە ئەنجام بدات، کەواتە نابێت هیچ کەس بە کردەوە، ئەرکی ئەو بەرپرسیارێتییانەی ناو کۆمەڵگە بگرێتە ئەستۆ، کە قبووڵیکردوون.

بەڕای میل، تاقە مەرجێك کە دەتوانرێت لە سایەیدا باوەڕێك بە ڕاست و دروست بزانرێت ئەوەیە، کە دەبێت ئەو باوەڕە چەندین قۆناغی تاقیکردنەوە لەلایەن نەیارانیەوە تێپەڕێنێت، بە سەرکەوتوویی ڕزگاری بێت، پووچەڵ یان ڕەتنەکرێتەوە، تا کاتێکیش پوچەڵ نەکراوەتەوە، گومان لە ڕاست و دروستیی ئەو باوەڕە ناکرێت و بایەخی وەك خۆی دەمێنێتەوە، کەواتە دەبێت هەمیشە لە ئاست باوەڕی نەیاراندا لێبوردەیی بنوێنرێت، تا لەڕاستیی باوەڕەکانی خۆمان دڵنیابین. لەڕاستیدا ئەو بیروباوەڕانەی، کە ئەمڕۆ پتەوترین بناغە و بنچینەیان هەیە، هەمیشە ئامادەیی ئەوەیان تێدایە خۆیان لەبەردەم ڕەخنە و شیکردنەوەی هەموو خەڵکی دنیادا دابنێن و بانگهێشتی نەیاران و نکوڵیکاران بکەن، کە ئەگەر توانییان بە بەڵگە پوچەڵیی و بێبایەخییان دەربخەن. ئەگەر وەها بانگهێشتێك قبووڵنەکرا، یان هەوڵی ڕکابەران هیچ ئەنجامێکی نەبوو-ئەگەرچی هێشتا مەودایەکی زۆرمان لەگەڵ لوتکەی یەقیندا هەیە-بەڵام لانیکەم ئەوە دەزانین، کە هەموو ئەو شتانەمان ئەنجامداوە، کە لەگەڵ هەلومەرجە هەنوکەییەکانی لۆژیکی مرۆڤایەتیدا بێتەوە.

گریمانەی دووەم ئەوەیە، کە باوەڕی جێناکۆك، باوەڕێکی

هەڵەیە؛ میل دەڵێت با وایدابنێین باوەڕی ئێمە باوەڕێکی دروستبێت و باوەڕی نەیارانیشمان هەڵە و پوچەڵە، دیسانەوە نابێت رێ لەبیروباوەڕی دیتران بگرین، چونکە هەر باوەڕێك هەرچەندیش راست بێت، ئەگەر بـەردەوام نەکەوێتەبەر لێوردبوونەوە و تێڕامانەوە، لەناو خەڵکدا دەگۆڕدرێت بە باوەڕێکی مـردوو، یان بێجموجۆڵ. لێبوردەیی لە ئاست باوەڕی نەیاراندا خاوەنی باوەڕە دروستەکان ناچاردەکات بە لێوردبوونەوە و تێڕامانێکی زیاترەوە، چاو لە ئایینەکەیان بخشێنن و بەڵگەمەندتر دەستبکەن بە رەتکردنەوەی باوەڕی خەڵکانی دیکە.

میل بە مەبەستی داکۆکیکردن لە لێبوردەیی فکریی و ئازادیی ئەندێشە، بەمشێوەیە روونکردنەوە دەکات، کە بە درێژایی مێژوو، هەر کاتێك دەرفەتێك رەخسابێت، گروپە ئایینیەکان لێبوردەییان بەرامبەر یەکدیی نیشان دابێت و هەر گروپێك توانیبێتی بەوپەڕی ئازادییەوە باوەڕەکانی خۆی دەربخات، نەك تەنها لە هێز و سەقامگیریی بنەما و باوەڕە راست و لەسەرحەقەکان کەم نەبۆتەوە، بەڵکو ئەو پرەنسیپانە بە شێوەیەکی جوانتر و زیندووتر درککراون و چالاکانەتر درێژەیان بە ژیان داوە. تا کاتێك کەشوهەوای لێبوردەیی و هەڵکردن لە ئارادابێت، هەر گروپێك سەرقاڵی داکۆکیکردنی ئەقڵانی لە بنەماکانی باوەڕەکەیەتی و ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت، کە مانا و چەمکە ئایینیەکان ئامادەیی چالاکانەیان لە ژیانی مرۆڤدا دەبێت، لەم رێگەیەوە ئایینی لەسەر حەقیش، وەك توخمێکی ئەکتیڤ و چالاك لە ژیانی مرۆڤ و وەك رێنیشاندەریان بەرەو

سەرچاوەی حەقیقەت دەوری خۆی دەبینێت، بەڵام کاتێك ئەم کەشوهەوایە تێدەپەڕێنرێت و دواجار ئایینێك بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵدەبێت و دەسەڵاتی خۆی بە هەموو وڵاتدا بڵاودەکاتەوە و دەبێتە ئایینی فەرمی وڵات-تەنانەت ئەگەر ئایینێکی لەسەرحەقیش بێت-لە ماوە و دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئایین پانتایی و گشتگیریی خۆی دەپارێزێت، بەڵام هێدی هێدی داهێنان و ئامادەیی گەرموگوڕ و چالاکانەی خۆی لەدەستدەدات. قسەوباسی ئێمەش سەبارەت بە پرەنسیپەکان و باوەڕە ئایینیەکان، هێدی هێدی کاڵدەبێتەوە، لەناو دەچێت و ئەو باوەڕانەی، کە دەمێننەوە، لە رێگەی بۆماوەوە نەك لەڕێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، دەسپێردرێنە دەست لایەنگرانی. کاتێك بنەما ئایینیەکان، بوون بە شتانی بۆماوەیی و مرۆڤ، چیدی ناچار نەبوو هێزی فکری خۆی بخاتەگەڕ بۆ وەڵامدانەوەی پرسە ئیمانییەکان، ئەنجامەکەی ئەوە دەبێت، مرۆڤ وردە وردە بنەماکانی باوەڕەکەی خۆی لەبیردەباتەوە و تەنها شتە رواڵەتیی و رووکەشەکانی رەچاو دەکات و وای لێدێت بە تێپەڕبوونی زەمەن پێوەندیی ئایین بە ژیانی دەروونیی مرۆڤەکانەوە بە تەواوەتی دەپچڕێت و تەواو دەکەوێتە دەرەوەی هەرێمی بیرکردنەوە و ژیانی مرۆڤەوە.

گریمانەی سێیەم کە میل باسیدەکات بریتییە لەوەی، کە دوو باوەڕی دژ بەیەك هەر کامەو بەشێکی حەقیقەتیان لەلایە، کە لەم حاڵەتەدا بـەڕای ئەو، دەبێت باوەڕێکی سێیەمی جیاواز لەو دوو باوەڕە بێتەئاراوە، لە هەمانکاتیشدا

تێکەڵێك لەحەقیقەتەکانی هەردووکیانی تێدابێت و کۆی ئەو حەقیقەتانە وەك بیرێکی تازە بخاتە بەردەست کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە.

بەڕای میل لە سایەی لێبوردەیی بەرامبەر باوەڕی نەیارەکانەوە بوار بۆ دەرخستنی باوەڕی لایەنی رکابەر دەڕەخسێت، بەمشێوەیە ئەگەری پێکەوە لکاندنەوەی وردەپارچەکانی حەقیقەت، کە لەناو رکابەرە فکرییەکاندا پەرشوبڵاوبووەتەوە بۆتەوە، دێتەئاراوە، هەروەها دەڵێت لە سایەی لێبوردەیی فکریی و دیالۆگی ئەندێشەکانەوەیە، کە دەتوانرێت هەموو رەهەندەکانی بابەتێك بە شێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵدەسنگێندرێت. بەڕای ئەو، تەنانەت ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگەیەك سەبارەت بە بابەتێك کۆدەنگییان هەبێت و واشی دابنێین بۆچوونەکانیان راست بن، دیسانەوە ئەگەری ئەوە هەیە بیروڕای نەیاران هەندێك حەقیقەتی تێدا هەبێت، کە ئەگەر گوێیان لێنەگرین، زەرەرمەند دەبین. بەڕای میل، دەبێ هێندەی لە توانادا بێت، قەڵەمڕەوی لێبوردەیی فراوانتر بکرێت، چونکە بەڕای ئەو، کەرامەتی مرۆڤەکان لە ئازادیی و فرەیی ئەندێشەدایە و لێبوردەییش، مەرجی سەرەکی گەییشتن بە ئامانجەکانە.

لەکۆتاییدا دەبێت ئەوەش بڵێم، کە دەکرێت لەدوو روانگەوە قسە لەسەر لێبوردەیی بکرێت: روانگەی یەکەم، روانگەیەکە لێبوردەیی لەگۆشەنیگای سیاسی یان ئاکاریی یان کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەسەنگێنێت و داکۆکی لە لێبوردەیی فکریی، یان ئاکاریی، هەروەها لێبوردەیی بەرامبەر

تایبەتمەندییە تاکەکەسیی و بەکۆمەڵەکان دەکات، روانگەی دووەم، کە یەکێك لەباسە تازەکانی بـواری لێبوردەییە، خۆی بە تێڕامان و لێوردبوونەوە لەلایەنی تیۆرییانەی لێبوردەییەوە سەرقاڵدەکات. لێبوردەیی لەم روانگەیەوە بە باسەکانی مەعریفەناسییەوە دەبەسرێتەوە. داننان بەوە، کە مرۆڤ قابیلی هەڵەکردنە، پاڵپشتی تیۆرییانەی لێبوردەییە. دەتوانین کارڵ پۆپەر بە گەورەترین داکۆکیکار و تیۆرسێنی تیۆری «لێبوردەیی تیۆریك»ی سەردەمی هاوچەرخ بزانین. حەقیقەت شتێك نییە هەرگیز پێی نەگەین، بەڵکو وایدادەنێین هەمیشە دەبێت گومان لە ناسینی رەهای حەقیقەتێك بکەین، لەڕاستیدا لەڕێگەی هەر ئەم لێبوردەییەوە هێندەی بۆمان بکرێت، تیۆرەکانمان پتەوتر و بەهێزتر بکەین.

## جۆن لۆك و نامیلکەی لێبوردەیی

جۆن لۆك، لە 29ی ئوتی ساڵی 1632 لە گوندێکی بچوك بە ناوی رینگتۆن لە ناوچەی «سامرێست»ی بەریتانیا، لەدایکبوو. لۆك سەر بە بنەماڵەیەکی وردە موڵکداری ئەریستۆکرات بوو، کە شوێنکەوتەی ئایینی پڕۆتستان بوون و تا ساڵی 1646 هەر لە ماڵی خۆیاندا قۆناغەکانی خوێندنی تەواوکرد و دوای ئەوەش لە خوێندنگەی وێست مینستر درێژەی بە خوێندن دا، پاشان ساڵی 1652 چووە کۆلیجی «کرایست چێرچ»ی زانکۆی ئۆکسفۆرد و بەبێ هیچ کێشەیەك قۆناغە زانستییەکانی بڕی و پاش ماوەیەك دەستیکرد بە وتنەوەی وانە لە لقەکانی زانستی ڕەوانبێژیی و زمانی یۆنانیی لە هەمان زانکۆدا. لۆکی لاو، کە حەزێکی زۆری هەبوو بۆ

خوێندنی زانستە باوەکانی ئەو سەردەمە(هونەری رەوانبێژیی و...)، هەر زوو لێیان بێزار بوو، بۆ رزگاربوون لەیاساو رێسا و شکوبرینگەکانی کڵێسای بەریتانیا، کە بە رێگری پێشکەوتن و گەشەکردنی دەزانین، دەستیکرد بە خوێندن لەبواری زانستی پزیشکیدا، لەو رێگەیەشەوە لەگەڵ هەندێك بیرمەندی گەورەی وەك رۆبەرت بویل ئاشنایەتی پەیدا کرد، بەمشێوەیە چووە بواری فکریی فەلسەفەی سروشتییەوە (واتە فیزیا و کیمیا.)

لۆك ساڵی 1665 بۆ ماوەیەکی کورت، بوو بە باڵوێزی سیاسی وڵاتەکەی لە شاری مەدرید، بەڵام هێندەی نەخایاند سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر پیشەی وانەوتنەوە و پزیشکی. لە پاش ئەو سەفەرەی بوو، کە ئارڵ ئاوشافستبری و لۆرد ئاشلی کەسایەتی نـاوداری سیاسی ئەو کاتەی ناسی. لۆك سەرەتا وەك راوێژکاری پزیشکیی ئارڵی یەکەم دەستی بەکار کرد. لۆرد ئاشلی پیاوێکی بە جەستە بێهێز و لاواز بوو، لۆك نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوانەی بۆ ئەنجامدا، هەر بەو هۆیەشەوە هاوڕێیەتییەکی گەرموگوڕ لەنێوانیاندا هاتە ئاراوە و پانزە ساڵی خایاند. پاڵپشتییەکانی لۆرد ئاشلی لە ماوەی هاوڕێیەتییاندا وای کرد، لۆك بتوانێت وەك بیرمەندێك، سەرقاڵی بڵاوکردنەوە، پەرەپێدانی بیر و ئەندێشەکانی خۆی ببێت.

ساڵی 1683 لۆرد ئاشلی، کە بە تاوانی خیانەت لە پاشا (جیمزی دووەم) دادگایی کرابوو، لەوپەڕی داماوییدا لە وڵاتی هۆڵەندا کۆچی دوایی کرد. لۆکیش بە هۆی پێوەندیی لەگەڵ لۆرد ئاشلی ناچاربوو وڵاتەکەی بەجێبهێڵێت و وەك پەنابەرێك لە هۆڵەندا بژیت.

جۆن لۆك ساڵی 1688 و پاش ئەو شۆڕشە مەزنەی، کە رووخان و لەسەرکار لابردنی جیمزی دووەم و بەدەسەڵات گەییشتنی ویلیام و شاژن مێری لێ کەوتەوە، گەڕایەوە بۆ بەریتانیا و لەوەبەدواوە بوو، کە سێ کتێبە بەنرخەکەی خۆی، واتە دوو وتار سەبارەت بە حکومەت، نامیلکەی لێبوردەیی، هەروەها وتارێك سەبارەت بە تێگەییشتنی مرۆیی بۆ یەکەمجار لە بەریتانیا بڵاوکردەوە. وتارێك سەبارەت بە تێگەییشتنی مرۆیی، هەڵگری بیروڕاکانی لۆك بوو، سەبارەت بە سنورداریێتی و تایبەتمەندییەکانی تێگەییشتنی مرۆڤ؛ لە وتارێکدا سەبارەت بە حکومەت، روونکردنەوەی لەسەر بنەماکانی حکومەت و شیکاریی لەسەر چوارچێوە و شێوازەکانی حوکمڕانیی کردووە. کتێبی دووەم، واتە نامیلکەی لێبوردەیی، تێڕامانێکە لەسەر پێوەندیی نێوان ئایین و حکومەت. تیۆری لۆك سەبارەت بەم پێوەندییە، رێگەچارەیەك بوو بۆ گرنگترین پرسی سەردەمی خۆی؛ پرسێك، کە هەر لەسەرەتای بزاڤی چاکسازیی ئایینیەوە (واتە پڕۆتستانتیزم) بیرمەندانی ئەوروپای بە خۆیەوە سەرقاڵکردبوو، دیارە تا ئەو کاتەش سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەستنەهێنابوو. رێگەچارەیەك کە لۆك بۆ ئەم پرسە دەیخاتەڕوو، هەمان رێگەچارەیە، کە ئەمڕۆ لە وڵاتە دیمۆکراتیکەکاندا کاری پێدەکرێت. دەبێ ئاماژە بەم خاڵەش بکەین، هەوڵەکانی لۆك لەم کتێبەدا بۆ لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی کڵێسا، بۆتە هۆی ئەوە، کە بیروڕاکانی لەبواری کرۆکی حکومەتدا روونتر و ئاشکراتر بێنە بەرچاو، بەو واتایە کە دەتوانین بە باشترین شێوە درك بەو توانا و دەسەڵاتانە

بکەین، کە ئەو بۆ فەرمانڕەوای سیاسی قایلە، هەروەها ئەو سنور و چوارچێوانەش، کە دەیانخاتە بەردەمی. نامیلکەی لێبوردەیی لەکاتێکدا نوسراوە، کە تاقمی پڕۆتستانەکان لە هەموو لایەکەوە لەژێر زەخت و فشارگەلی بەردەوامدا بوون. دەسەڵاتی لویسی چواردەیەم هێندە ترسناك و چاوچنۆکانە بوو، کە سەرجەم ئەوروپای توشی قەیران و جەنگ کردبوو. لێپێچینەوە لە پڕۆتستانەکان نەك تەنها هەموو مرۆڤدۆستانی نیگەران کردبوو، بەڵکو بە گشتیی بووبووە هۆی زیادبوونی هەژاریی و گەندەڵیی نەتەوەکانی ئەوروپا. بێجگە لە فشارە سەربازییەکانی فەرەنسییەکان، بەتایبەت لە باکوری ئەوروپا، چونکە دەسەڵاتی سیاسی پێیوابوو، خاوەنی لەسەرحەقترین ئایینە و (ئەو ئایینەشی) تەنها بە موڵکی خۆی دەزانی، بەشێوازێکی کوێرانە و وشکەڕۆیانە خۆی بە پارێزەر و پەرەپێدەری ئەو ئایینە دەزانی، پڕۆتستانەکانی فەرەنسا و شوێنەکانیتری ئەوروپا خۆیان وەك قەتیسکراوانی ناو بازنەی تەسکی دەسەڵاتی ئایینی (کاسۆلیك)، لویی چواردەیەم دەبینییەوە. کۆی ئەم پرسانە بوونە هۆی ئەوە، کە بیرمەندانی پڕۆتستان دەستبکەن بە لایەنگریکردنی ئازادیی ئایینی و بیر لەهەندێك رێوشوێنی رێگرتن لە زاڵبونی دەسەڵاتی دەرەکی و دیکتاتۆرییەتی تاکەکەس بکەنەوە.

لۆك لەژێر کاریگەریی ئەو رووداوانە، لەکتێبی نامیلکەی لێبوردەییدا بە باشترین شێواز داکۆکی لە مافی ئازادیی هەموو گروپە ئایینیەکان کرد، لەپێناو راییکردنی پرسە ئایینیەکان، هەروەها داکۆکی لەوەکرد، کە هەموو کەسێك بۆی هەیە باوەڕی ئایینی خۆی هەڵبژێرێت. بە رای ئەو، بۆئەوەی

کردەوەکانی بــاوەڕداران لە بارەگای خوادا قبووڵبکرێت، دەبێت سەرجەم ئەو کردەوانە بەوپەڕی خۆشەویستیی، پاگژیی و راستگۆییەوە ئەنجام بدرێن و تەنها لەو حاڵەتەدایە، کە ئەنجامدانی کـردەوە ئایینیەکان دەبنە هۆی رزگاریی مرۆڤەکان، کەواتە هەر جۆرە کردەوەیەك لەلایەن مرۆڤەوە، کە داسەپاندنی جۆرێك لە باوەڕ یان کردەوەیەکی ئایینی لێ بکەوێتەوە، لەڕاستیدا ئەوە شێواندنی پاگژیی و پاکیی باوەڕە ئایینیەکانە، پاکیی و پاگژییەك کە کۆڵەکەی بنچینەییە بۆ قبووڵبوونی کردەوەی مرۆڤ، بۆیە ئەمجۆرە کردەوانە دەبێت بە زوترین کات رەتبکرێنەوە و رابگیردرێن. مرۆڤ دەبێت خۆی بیربکاتەوە و لە بواری باوەڕەکانیدا بڕیاربدات. کەس بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات، ئەرکی بیروباوەڕی خەڵکانیتری لەئەستۆیە. بەڕای لۆك هەرجۆرە هەوڵدانێك بە مەبەستی لەئەستۆگرتنی ئەرکی بیروباوەڕی خەڵکانیتر، کارێکی بێسودە و دەسدرێژیکردنە بۆ سەر مافی ئەوانیدی، ئەگەر پەنابردنە بەر وەها کارێك لە لایەن فەرمانڕەوای سیاسی، یان حکومەتەکانەوە ئەنجامبدرێت، جگە لە بێسودبوونی ئەو کارە، جۆرێکە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتێك، کە بەڕای لۆك، دەبێت تەنها لەپێناوی دابینکردنی بەرژەوەندیی مرۆڤەکان لە ژیانی دنیاییدا کارپێبکرێت. لۆك شەڕ و ململانێیە ئایینیەکان بە دەرئەنجامی تێکەڵبوونی دوو شتی تەواو لێکجیاواز، واتە دەوڵەت و کڵێسا دەزانێت، هەوڵدەدات وردبینانە قەڵەمڕەوی هەریەکەیان بەجیا دەسنیشانبکات و بواری کارکردنی هەرکامەشیان بەجیا پێناسە بکات.

«حکومەت پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە مرۆڤێك، کە

تەنها بە مەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندیگەلی مەدەنی پێکدەهێنرێت، مەبەست لە بەرژەوەندیی مەدەنی، ئازادیی، بواری تەندروستیی، خۆشگوزەرانیی و موڵکدارێتییە، بە سەر هەندێك شتی وەك زەوی، پارە، خانوو، شتی لەوجۆرە«.

کڵێسا پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە مرۆڤێك، کە خۆبەخشانە و بەهۆی رێککەوتنێکی هاوبەشەوە لـەدەوری یەکدیی کۆبوونەتەوە، تا بەکۆمەڵ کـاری عیبادەت و پەرستنی خوا ئەنجامبدەن. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا سەرقاڵبوون بە کاروبارگەلی ژیانی رۆژانە، یان سیاسی و مەدەنی لەئارادا نییە. بەڕای لۆك، لە قەڵەمڕەوی ئاییندا، بەهیچ شێوەیەك پەنابردنە بەر زەبر و هێز، کارێکی رەوا نییە، چونکە وەها دەسەڵاتێك بە تەواوەتی هی فەرمانڕەوای سیاسییە. ئەرکی ئایین ئەوەیە لەسەر بنەمای تەقوا و بە پشتبەستن بەو پرەنسیپانە ژیانی مرۆڤەکان رێکبخات. بەڕای ئەو، مەسیحییەکی راستەقینە دەبێت لەبەرامبەر باوەڕ و بیرکردنەوەی ئایینەکانی دیکەدا، کەسێکی هەڵکەر و لێبوردە بێت. لۆك نەك تەنها پێیوایە هەموو ئایینەکان باوەڕیان بە لێبوردەیی لەبەرامبەر سەرجەم ئایینەکانیتر هەیە، بەڵکو پێیشیوایە ئەقڵی تەندروست، پشتگیریی لە وەها شتێك دەکـات. لۆك لەو باوەڕەدایە سەرجەم ئایینەکان بەگوێرەی جەوهەریان، قابیلی ئەوە نین بتوانرێت بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێن، کەواتە هەموو ئایینەکان بەناوەڕۆك، پتانسێلی هەڵکردن و لێبوردەییان تێدایە. جۆن لۆك هەر لەم کتێبەدا دوو مەرجی سەرەکی بۆ سودمەندبوون لە لێبوردەیی دەسنیشان دەکات؛ مەرجی یەکەم ئەوەیە، کە نابێت باوەڕگەلی ئایینی تێکەڵ بە باوەڕگەلی سیاسی بکرێن،

بەشێوەیەك كە رووخاندن و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت، یان حكومەتی لێ بكەوێتەوە، كەواتە ئەو گروپە ئایینیانەی كە باوەڕە ئایینیەكانیان، بەرژەوەندییە نیشتمانییەكانی حكومەتێك دەخەنە مەترسییەوە، بە جۆرێك كە بوار بۆ زاڵبوونی بێگانەكان بڕەخسێنێت، شیاوی ئەوە نین لێبوردەییان دەرحەق بنوێنرێت.

مەرجی دووەم ئەوەیە، كە سودمەندبوون لە لێبوردەیی، تەنها تایبەت بە باوەڕدارانە و ئەو سودمەندبوونە، كافر و بێدینەكان ناگرێتەوە. بەڕای لۆك، مافی كەڵكوەرگرتن لە لێبوردەیی، ئیمتیازێكی ئایینیە، كە لە پێوەندیی نێوان تاك، خوا و ئەنجامدانی ئەركە شەرعییەكانەوە سەرچاوەدەگرێت. كەسانی بێدین و كافر، چونكە باوەڕیان بە خوا نییە، بۆیان نییە داوای مافگەلێك بكەن، كە بەتەنها لە ئەنجامدانی راستگۆیانەی ئەركە ئایینیەكانەوە سەرچاوەیانگرتووە. بەڕای لۆك، بێدینەكان، چونكە باوەڕیان بە خوا نییە بە سەرچاوەی مەترسی بۆ خەڵكانی دیكە لەقەڵەمدەدرێن، چونكە هیچ بنەمایەكی ئەوتۆی لۆژیكیی و پتەویان لەبەردەستدا نییە، كە بتوانن بەگوێرەی ئەو بنەمایانە، رەفتارێكی دروستی ئاكارییان هەبێت و بەرامبەر بە بەڵێن و پەیمانە نیشتمانییەكان وەفادار بن و توشی خیانەتكردن نەبن، چونكە بنەماكانی ئاكار بە هۆی ئەو بەڵێنانەی خواوە پێكدێن، كە لە ژیانی ئەو دنیادا دەستەبەر دەبن.

بەهەرحاڵ، كاریگەریی جۆن لۆك لەسەر رەوتی ئەندێشەی نوێ، بەتەنها بە هۆی نوسینە سیاسییەكانییەوە

نییە، بەڵکو کاریگەریی وتارێك سەبارەت بە تێگەییشتنی مرۆیی لەبواری مەعریفەناسیدا، بواری بۆ بیرمەندانی دوای خۆی خۆشکرد، تا بە کەڵکوەرگرتن لەو باسانە، سەرقاڵی باسگەلێکی تازە بن لە بـواری تێگەییشتن و مەعریفەی مرۆییدا.

لۆك لە 28ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1704ی زایینیی، لە کاتێکدا «مەزامیر»یان بۆ دەخوێندەوە، لە «ئوتس»ی بەریتانیا کۆچی دوایی کرد.

## پێشەکیی نوسەر (جۆن لۆك)

### پێشکەش بە خوێنەران

پاش چاپی یەکەمی کتێبی نامیلکەی لێبوردەیی لە ساڵی 1698 بە زمانی لاتینیی لە هۆڵەندا، ئێستا ئەم کتێبە بە زمانەکانی هۆڵەندیی و فەرەنسیش وەرگێڕدراوە. پێشوازیی هێندە فراوان لەم کتێبە رەنگە ئەوە دەربخات، کە لە بەریتانیاشدا پێشوازیی باشی لێکرابێت. لەڕاستیدا من پێموایە هیچ نەتەوەیەك نییە لە جیهاندا هێندەی ئێمە لەبواری ئەم بابەتەدا قسە و باسیکردبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە هیچ نەتەوەیەکیش هێندەی ئێمە، پێویستی بە خستنەڕوو، قسە و باسکردنی زیاتر لەمبارەیەوە نییە.

نەك تەنها حکومەتەکانمان لە پرسە ئایینیەکاندا لایەنگیرانە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵکو کەسانێکیش کە زیانیان لەو لایەنگیرییە بینیوە، کەواتە لە رێگەی نوسینەکانیانەوە هەوڵی داکۆکیکردن لە ئازادیی و مافەکانی خۆیاندەدا، زۆربەیان ئەو کارەیان بە پشتبەستن بە بنەما و باوەڕگەلی تەسکبینانەوە ئەنجامدەدا و تەنها بە دوای بەرژەوەندیی گروپەکانی خۆیاندا بـوون. ئەم تەسکبینییە، کە هەموو بوارەکانی تەنیبووەوە، بە دڵنیاییەوە بە هۆکاری سەرەکی پەککەوتەیی و پشێویی کۆمەڵگەکەمان دەژمێردرا، بەڵام هۆکارەکەی هەرچییەك بووبێت، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەتەواوەتی چارەسەربکرێت. ئێمە پێویستمان بە چارەسەرێکی زیاتر لەوە هەیە، کە تائێستا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانمان بەکارمانهێناوە. نە راگەیاندنی لێبوردەیی بەرامبەر تاوانکاران و نە ناچارکردنی نەیارانی کڵێسا بۆ بەشداریکردن لە رێوڕەسمی شێوی یەزدانی، بەو شێوازەی کە

هێشتا لەناوماندا باوە و کاری پێدەکرێت، هیچ کاریگەریی نابێت، چونکە ڕاگەیاندنی لێبوردنی تاوانکاران، لەڕاستیدا هەوڵدانە بۆ پەردەپۆشکردن و داپۆشینی تاوانەکانمان، ناچارکردنی نەیارانی کڵێساش، بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی شێوی یەزدانیی، تەنها شەڕانگێزییەکانمان زیاتر دەکات و هیچیتر. ئازادیی ڕەها، ئازادیی ڕاستەقینە و دروست، ئازادیی بێلایەنانە و یەکسان، ئەوشتەیە کە ئێمە پێویستمان پێیەتی. هەرچەند قسەی زۆر لەمبارەوە کراوە، بەڵام گومانم لەوە هەیە بەتەواوەتی درکی پێکرابێت و دڵنیاشم ئەم شتانە هەرگیز کاریان پێنەکراوە، نە لەلایەن فەرمانڕەواکانمانەوە بەرامبەر بە خەڵکەکەیان و نە لە لایەن گروپە باوەڕ لێکجیاوازەکان دەرحەق بە یەکتریی. هەرچەند ئەم باسانە بە کورتی ئاماژەیان پێدەدرێت، بەڵام هیوادارم زیاتر لە چاوەڕوانییەکانمان، بتوانن یەکسانیی ماف و جێبەجێکردنی ئەو مافانە بسەلمێنن و دەرفەتێکی لەبار بن بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی، کە بەقەدەر پێویست خاوەنی ڕۆحێکی گـەورەن، تا بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خەڵکیان بەلاوە گرنگتر بێت، وەك لە بەرژەوەندیی گروپێکی تایبەت.

بۆ سودمەندبوون لەو شتانەی تا ئێستا باسمانکرد و بۆ تێگەیاندنی ئەم ئەندێشەیە بە کەسانێك، کە بەو شێوەیە نین، ئەم کتێبەم وەرگێڕایەوە سەر زمانەکەی خۆمان(ئینگلیزی)، بەڵام ئەم کتێبە بۆئەوەی بتوانێت تەنانەت پێشەکییەکی گونجاو بێت بۆ ئەم باسانە، زۆر کورت و ناتەواوە، بۆیە تێڕامان لەمبارەیەوە دەخەمە ئەستۆی خودی هاوولاتییان و لە قوڵایی دڵیشەوە، هیوادارم سودی هەبێت و بوارەکانی بەرباسیان پێ نیشان بدات.

**جۆن لۆك**

**گەورەم!**

لەبەر ئەوەی کە پێتان خۆش بوو بۆچوونی من سەبارەت بە لێبوردەیی بەرامبەرێنی کریستیانەکان، لە بەرامبەر پرسە جێناکۆکەکانی ناو ئایینەکەیان بزانن، بەپێویستی دەزانم بوێرانە بڵێم، لێبوردەیی بە تایبەتمەندییەکی سەرەکی کڵێسای لەسەرحەق دەزانم. هەندێك خەڵك شانازیی بەدێرینبوونی شوێنەوارەکان، ناوەکان، شکۆمەندیی و گەورەیی عیبادەتی رواڵەتییەوە دەکەن، هەندێکی دیکەش شانازیی بە چاکسازییەکانی ناو ئەرکە ئایینیەکانیان دەکەن، بەڵام هەموو مرۆڤەکان شانازیی بە حەقانییەت و راستیی باوەڕیانەوە دەکەن، چونکە هەموو مرۆڤێك پێیوایە باوەڕی خۆی لەسەرحەقە. ئەم پرسە و چەندین پرسی وەها هەموویان هەوڵدانی مرۆڤن بۆ بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات بەسەر ئەوانی‌تر دەردەخەن، هیچ پێوەندیی بە کڵێسای مەسیحەوە نییە.

لێگەڕێن با هەر کەسەو چۆنی دەوێت بانگەشەی راستیی ئەم پرسانە بکات، بەڵام ئەگەر لە ئاست مرۆڤ بە گشتیی و تەنانەت ناکریستیانەکانیشدا، کەسێکی خاکەڕا و نیەتپاك نەبێت، بەدڵنیاییەوە کریستیانێکی راستەقینە نییە. رزگارکەرمان (مەسیح) بە هەڤاڵانی وتووە: «پاشاکانی خەڵکی ناجولەکە خواییان بەسەردا دەکەن، بەڵام ئێوە نابێت بەو شێوەیە بن» . پرسی ئایینی لەسەرحەق پرسێکی دیکەیە. ئایینی راستەقینە بە مەبەستی هێنانەئارای شکۆمەندیی رواڵەتیی یان بەدەستهێنانی حکومەتی کڵێسا یان بەکارهێنانی زەبر و هێز نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە، ژیانی مرۆڤ لەسەر

بنەمای یاسا، ڕێساو بنەماکانی فەزیلەت و تەقوا ڕێکبخات. هەر کەسێك بیەوێت بچێتە ناو ڕێبازی مەسیحەوە، بە پلەی یەکەم و پێش هەموو شتێك، دەبێت بەگژ شەهوەتەکان و سیفەتە خراپەکانیدا بچێتەوە. ئەوە کارێکی زۆر بێسودە، ئەگەر کەسێك بەناچاریی خـۆی بە کریستیان بزانێت، بێئەوەی ژیانی خۆی پاك و بێگەرد بکاتەوە، کردەوەکانی پاك، بێخەوش بن، بە سۆز و میهرەبانییەکی ڕۆحانیی گەیشتبێت. «هەرکەسێك خۆی بە کریستیان دەزانێت، دەبێت خۆی لە شەڕانگێزیی و ناپاکیی بپارێزێت» . گەورەمان(مەسیح) بە «پترۆس»ی وت: «کاتێك گەڕایتەوە بۆناو برادەرەکانت، هێزیان پێ ببەخشە و یارمەتییانبدە« . لەڕاستیدا بۆ کەسێك کە لە ئاست رزگاریی و بەختەوەریی خۆیدا کەمتەرخەمە، زۆر ئەستەمە بتوانێت قەناعەتم پێبکات، نیگەرانی رزگاریی و بەختەوەری منیشە، چونکە شتی وا هەرگیز نییە، کەسانێك کە لەدڵەوە ئایینی مەسیحیان قبووڵنەکردووە، راستگۆیانە و بێخەوشانە خۆیان بۆ بە کریستیانکردنی خەڵکانیتر تەرخانبکەن. ئەگەر ئینجیل و هەڤاڵانی دوامەرجەع بن، هیچ مرۆڤێك بە بێ چاکەکاریی و باوەڕێك، کە نەك بە زۆر، بەڵکو بە ویستی خۆی هەڵبیبژاردبێت، ناتوانێت کەسێکی کریستیان بێت. من ویژدانی ئەو کەسانە، کە بەناوی ئایینەوە -چ بە ناوی دڵسۆزیی، یاخود دوژمنکارانە- سزای خەڵکی تر دەدەن و ئازاریان دەدەن و دەیانکوژن، دەکەم بە دادوەر. من دڵنیام ئەوان ئەو کردەوانە بە دڵسۆزیی دەزانن، مەگەر ئەوەی، کە پێچەوانەی ئەو بۆچونەم بۆ بسەلمێت. کاتێك کەسانی وشکەڕۆی بێبەزەیی دەبینم، کە خزم و برادەرەکانیان

لەبەرخاتری ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورانەی، کە لەگەڵ وانەکانی کتێبی پیرۆزدا نایەنەوە، بەو شێوەیە سزادەدەن، یان کاتێك دەیانبینم بە ئاگر و شمشێر کەسانی سەر بە گروپەکەی خۆیان سزا دەدەن، کە تاوانگەلی گەورەیان ئەنجامداوە، ئەگەر خۆیان چاك نەکەن لەبەردەم مەترسی ئاگری هەتاییدان، کاتێکیش دەیانبینم حەز و تاسەیان بۆ رزگارکردنی رۆحی مرۆڤەکان بە نواندنی ئازار، ئەشکەنجە و هەموو شێوازە زاڵمانەکانی دیکە خۆی دەردەخات، ناتوانم بڕوا بە دڵسۆزیی و نیەتپاکییان بکەم، چونکە بەڕای من، ئەگەر ئەوان مرۆڤەکان لە سامان و داراییەکانیان بێبەشدەکەن، بە ئەشکەنجەگەلی جەستەیی نوقسانیان دەکەن، برسێتییان پێدەدەن و لە زیندانە قەرەباڵغەکاندا ئازار و ئەشکەنجەیان دەدەن، دواجاریش دەیانکوژن، ئەگەر هەموو ئەم کردەوانە وەك ئەشکەنجەدەران خۆیان دەڵێن، لە دڵسۆزیی و نیەتپاکییانەوە بەرامبەر رۆحی مرۆڤەکان سەرچاوەی گرتبێت، ئەگەر هەموو ئەم کردەوانە بە تەنها لەپێناوی بەکریستیانکردنی مرۆڤەکاندا بێت و رێگە بۆ رزگاریی و بەختەوەرییان خۆشدەکات، ئەی بۆچی هەر ئەم کەسانە خۆیان توشی داوێنپیسیی، فڕوفێڵ، رق، نەفرەت و شەڕانگێزیی لەو جۆرە دەبن، کە بە پێی نامەکەی پترۆس ئەمجۆرە کەسانە بە ئاشکرا لە گەندەڵیی کوفرئاساوە دەگلێن و گەندەڵییەکەشیان هێندە پەرەی سەندووە، تەنانەت خەڵك و دەستوپێوەندەکانی خۆشیانی گرتۆتەوە. هەموو ئەو شتانە و شتانیتری لەو چەشنە، بەدڵنیاییەوە لەگەڵ شکۆمەندیی خوا و گەورەیی کڵێسا و رزگاریی و بەختەوەریی رۆحی مرۆڤەکاندا دژایەتی زیاتری هەیە، وەك لەوەی دژایەتیکردنی

ویژدانی تاك لەگەڵ بڕیارەکانی کڵێسا، یان خۆدوورگرتنی لە عیبادەتە بە کۆمەڵەکان لەگەڵ ئەو شکۆمەندییەدا نەیەتەوە؛ ئەوەش لە کاتێکدایە ئەو تاکە هێشتا ئاڵودەی شەڕانگێزیی و ناپاکییەکان نەبووە. بۆچی ئەم وشکەڕۆییە توندوتیژەی بەناوی خوا و کڵێسا و رزگاریی و بەختەوەریی مرۆڤەکان(کە بەڕای من لەڕاستیدا بە ئاگر و چیلکە داگیرساوە و بڵێسە دەستێنێت (لە ئاست ناپاکیی و گەندەڵییە ئاکارییەکاندا(کە بەڕای هەموو مرۆڤێك بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ فێرکارییەکانی مەسیحییەتدا نایەنەوە) بەتەواوەتی کەمتەرخەمە و هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی رێوڕەسمەکان، یان چەسپاندنی بیروڕاکانی خۆی تەرخاندەکات؟! بیروڕاگەلێك کە زۆربەیان سەبارەت بە هەندێك بابەتی پێچوپەنادار و ئاڵۆزن کە ئێجگار زۆر لەسەرووی ئاستی تێگەییشتنی مرۆڤە ئاساییەکانەوەن. دواجـار کاتێك هۆکاری ناکۆکیی نێوان گروپە نەیارەکان هەڵدەسنگێندرێت، ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە، کامە گروپی ململانێکەر لەم جۆرە بابەتانەدا، چ گروپی دەسەڵاتدار و چ گروپی ستەملێکراو، لەسەر حەقە و کامەیان بەرهەمهێنەری ناکۆکیی و ناتەبایی. کەسێك کە بـەوپـەڕی یەقینەوە شوێنکەوتەی ئایینی مەسیحە، باوەڕەکانی ئەوی پێ قبووڵە و لەبەردەم فەرمانەکانیدا چۆکدادەدات، تەنانەت ئەگەر واز لە باوەڕی دایك و باوکی خۆشی بهێنێت و خۆی لە کۆڕ و کۆمەڵە ئایینیەکان بەدووربگرێت و لە رێوڕەسمە ئایینیەکانی وڵاتی خۆیدا بەشداریی نەکات، یان واز لەهەندێك کەس و شتی دیکەش بێنێت، نابێت وەها کەسێك بە بیدعەتکاریی و بێدینیی تاوانبار بکرێت.

ئەگەرچی ناكۆكییەكانی نێوان گروپە ئایینیەكان، دەبێت بە رێگری بەردەم رزگاریی مرۆڤەكان لەقەڵەمبدرێت، بەڵام زینا، گەندەڵیی، ناپاكیی، داوێنپیسیی و شریك پەیداكردن بۆ خوا و شتانی لەمجۆرە، كە بێگومان كردەوەگەلێكی ئاژەڵین هەر هەمان رۆڵ دەبینن. سەبارەت بەمجۆرە پرسانە سانت پۆل ، بەڕاشكاوانە وتویەتی: «كەسانێك كە خۆیان بەو كردەوانەوە خەریك دەكەن، میراتگری فەرمانڕەوایی خوا نین». كەواتە هەر كەسێك راستگۆیانە و بێخەوشانە ئارەزوی فەرمانڕەوایی خوای هەیە و پێیوایە وەك ئەركی سەرشانی، دەبێت ئەم فەرمانڕەواییە لەناو مرۆڤەكاندا پەرە پێبدات، لەجیاتی هەوڵدان بۆ لەناوبردنی گروپەكانیتر، دەبێت بەبێ هیچ ترس و دڵەڕاوكێیەك خۆی بۆ بنبڕكردنی گەندەڵییەكان تەرخان بكات، بەڵام ئەگەر كەسێك بە پێچەوانەی ئەوە بجوڵێتەوە، بێبەزەیی و رقاویی بێت بەرامبەر بەو كەسانەی، كە باوەڕی جیاواز لەوەی ئەویان هەیە، نوقمی وەها شەڕانگێزیی و ئاكارگەلێكی نادروستدەبێت، كە شایستەی ناوی كریستانێك نییەو وەها كەسێك هەرچەندەش خۆی بەداكۆكیكاری كڵێسا بزانێت، دیارە بە كردەوەكانی ئەوە دەسەلمێنێت، كە ئامانجی لەجۆرە فەرمانڕەواییەكی دیكەیە، نەك بەرەوپێشبردنی فەرمانڕەوایی خوا. ئەوە كە تاكێك خۆی بە لەسەرحەق بزانێت، بەڵام هەرچەندە لە قوڵایی دڵەوە خوازیاری رزگاریی، بەختەوەریی دیتران بێت، كەچی بە چەوساندنەوە و ئەشكەنجە تەفروتوونایان بكات، تەنانەت ئەگەر ئەم كارە لەو وڵاتانەشدا رووبدات، كە هێشتا نەهاتونەتە سەر ئایینی مەسیح، دیسانەوە دەڵێم لای من

شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە و پێموایە هەموو خەڵکیتریش وەکو من بیردەکەنەوە. بە دڵنیاییەوە کەس باوەڕ بەوە ناکات، وەها رەفتارێك لەبەر نیەتپاکیی، دڵسۆزیی و خۆشەویستیی بێت.

ئەگەر کەسێك پێیوابێت، کە دەبێت مرۆڤەکان بە زەبری شمشێر و ئاگر ناچار بە قبووڵکردنی هەندێك باوەڕ بکرێن، بێئەوەی رەچاوی دۆخ و تایبەتمەندییەکان بکرێت، دەبێت پەیڕەوی ئەم یان ئەو عیبادەتە رواڵەتییە بکەن، یان ئەگەر کەسێك هەوڵبدات کەسانێك، کە لە رێڕەوی باوەڕەکانیان لایان داوە و توشی هەڵە بوون، ناچار بە قبووڵکردنی شتانێك بکات، کە باوەڕیان پێیان نییە و هەوڵبدات بیانهێنێتە سەر ئایینی تازە، لە هەمانکاتیشدا رێگەیان پێبدات کارگەلێك ئەنجامبدەن، کە کتێبی پیرۆز رێی پێنەداون، بێگومان وەها کەسێك تەنها و تەنها خوازیاری جەماوەرێکی زۆر و بۆرە، کە لەو کاروبارە رواڵەتییانەدا هاودەنگی بن و هیچیتر، بەڵام ئەوەی کە بە کەڵکوەرگرتن لەم ئامرازانە، بەڕاستیی دەیەوێت کڵێسایەکی راستەقینەی مەسیحیی بێنێتەئاراوە، بەدڵنیاییەوە جێی باوەڕ و متمانەپێکردن نییە، کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کەسانێك، کە بەڕاستیی هەوڵی بەرەوپێشەوەبردنی کڵێسای مەسیح نادەن، کەڵك لە ئامرازگەلێك وەربگرن، کە کریستیانێك کەڵکیان لێوەرناگرێت.

ئەگەر ئـەوان هاوشێوەی پێشەوای رزگاریی (عیسا مەسیح)، راستگۆیانە خوازیاری خێر و رزگاریی رۆحی مرۆڤەکانن، دەبێت شوێنکەوتەی ئەو بن و جێبەجێکاری نموونە بەرزەکانی ئـەو پەیامهێنەرەی ئاشتیی بـن، کە

سەربازەکانی خۆی بۆ سەرکەوتن بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا نارد و لە کڵێساکەی خۆیدا کۆیکردنەوە، بەڵام نەك بە زەبری شمشێر، یان ئامرازەکانی‌تری هێز و دەسەڵات، بەڵکو سەربازەکانی بەچەکی ئینجیل تەیاربوون و لە دیالۆگەکانیاندا تەقوا و ئەدەبێکی بێوێنەیان دەنواند؛ ئەمە رەفتار و هەڵسوکەوتی عیسای مەسیح بوو. ئەگەر بڕیاربوایە کافران بەزەبر و هێز باوەڕ بە مەسیح بێنن، ئەگەر بڕیاربوایە ئەوانەی، کە چاویان بەڕووی حەقیقەتدا نوقاندووە، یان پێداگریی لەسەر هەڵەکانیان دەکەن، بە هۆی سەربازانی چەکدارەوە رێ لەهەڵەکردنیان بگیردرێت، دڵنیاین ئەوە زۆر ئاسانتر بوو بۆ سەربازانی مەسیح بەهێزە ئاسمانییەکانیەوە، وەك بۆ رۆڵەکانی کڵێسا، تەنانەت ئەگەر پشتیشیان زۆر بە هێزەکانیانەوە قایم بێت.

لێبوردەیی و هەڵکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەڕووی ئایینیەوە ناکۆکییان لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە، ئەوەندە پەسەند و جێی قبووڵی ئینجیلی عیسا و ئەقڵی تەندروستی مرۆڤە، کە لای تاکەکانی مرۆڤ هیچ شتێك لەوە سەرسووڕهێنەرتر نییە، کە هێندە کەڕ و کوێر بن، کە سەرەڕای روون و ئاشکرابوونیشی، نەتوانن درك بە پێویستیی و قازانجی بکەن. نامەوێت لوتبەرزیی و پلەوپایەپەرستیی هەندێك کەس، یان ئامانجە نەفسانییەکان و وشکەڕۆیی بێبەزەییانەی ئەوانی دیکە، لۆمەبکەم. ئەمانە کەموکوڕیگەلێکن، کە کردەوەکانی مرۆڤ بەدەگمەن توانیوێتی بەتەواوەتی خۆیانی لێ رزگار بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کەس تەحەمولی ئەوە ناکات بە ئاشکرا

وەها سیفەتگەلێکی قێزەونی بخرێتەپاڵ، مەگەر ئەوەی کە ماکیاژی ئەو سیفەتانە بکات و ڕەنگ و بۆنی درۆیینیان پێ ببەخشێت و بەڕواڵەت وای نیشانبدات، کە شیاوی پیاهەڵدانن، هەرچەند ئەو کەسانە بە هۆی وشکەڕۆییە بێیاسا، ڕێسا و سەرسەرییەکانیانەوە بەلاڕێدا دەچن.

هەر چۆنێك بێت، هیچ گروپێك بۆی نییە بە بیانوی پاراستن و لایەنگریی لە بەختەوەریی خەڵك، یان بە ناوی پارێزگاریی لە یاساکان، ماکیاژی ڕۆحییەتی چەوساندنەوە و نادادگەریی ناکریستیانانە بکات، هەروەها هیچ تاقم و گروپێك بۆی نییە بە ناوی ئایینەوە، چاوەڕێی ئەوە بکات لە عەیاشیی و هەرزەییەکانی خۆش بن و سزا نەدرێت. بە کورتی، کەس مافی ئەوەی نییە بە بیانوی وەفاداریی بە پاشا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی یان بە بیانوی دڵسۆزیی و پاکژیی لە پەرستنی خوادا، شتێك بەسەر خۆی، یان ئەوانی تر بسەپێنێت. بەڕای من زیاتر لە هەموو شتێك، پێویستە کاروبارەکانی حکومەتی مەدەنی و ئایین لێکجیابکرێنەوە، قەڵەمڕەوی کار، چالاکی هەریەکەیان بەتەواوەتی و بە ئاشکرا دەسنیشان بکرێت. ئەگەر ئەم لێکجیاکردنەوەیە ئەنجامنەدرێت، ناتوانرێت کۆتایی بەو مشتومڕانەی نێوان کەسانێك، کە نیگەرانی بەختەوەریی ڕۆحی مرۆڤەکانن و کەسانێك کە نیگەرانی پاراستنی حکومەتن، بهێنرێت.

بەڕای من، دەوڵەت پێکهاتەیەکە لە مرۆڤەکان، کە تەنها بۆ دابینکردن و پاراستن و بەرەپێشەوەبردنی بەرژەوەندییە مەدەنییەکان پێکهاتووە. بەرژەوەندییە مەدەنییەکانیش بەڕای من ئەمانەن؛ ژیان و تەندروستیی و ئاسایشی جەستە

و موڵکدارێتی هەندێك شتومەکی وەك پارە، زەوی، خانو، کەلوپەلی ناو ماڵەوەو...

ئەرکی فەرمانڕەوای مەدەنی ئەوەیە، بە جێبەجێکردنی دادپـەروەرانـەی یاساگەلێکی یەکسان بۆ هەموو خەڵك بە گشتیی و بۆ تاکەکانی ژێردەستی خۆی بە تایبەتی، پارێزگاریی لەموڵکایەتی رەوایـان بکات، بەرامبەر ئەو شتانەی سەر بە ژیانی ئەمدنیایەی ئەوانن. ئەگەر کەسێك هەوڵی دەستێوەردانی یاساکانی پێوەندیدار بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئەو یەکسانییەی بدات، کە بۆ دابینکردنی ژیانی دنیایی و پاراستنیان هاتوونەتە ئـاراوە، دەبێت بەرەوڕووی هەڕەشەی سزادان بکرێتەوە، واتە بێبەشکردنی لە بەرژەوەندیی و مافە مەدەنییەکان؛ بەو شێوەیە رێ لەو کارەی بگیردرێت، واتە بەرژەوەندیی و مافگەلێك کە دەیتوانی و دەبوایە لە حاڵەتی ئاساییدا کەڵکیان لێببینێت، بەڵام کەس بە حەز و ویستی خۆی، خۆی توشی ئەو سزایانە ناکات، کە لە هەندێك مافی ژیان بێبەشی بکەن، نەخوازەڵڵا ئەو سزایانەی ئازادیی، یان ژیانی لێدەستێننەوە. هەر بەم هۆیەشەوەیە، کە دەبێت فەرمانڕەوایەك هەبێت و کەسانێکی بەهێز و کارامە و بە توانای لە خزمەتدا بێت، تا بتوانێت هەموو دەسدرێژیەکەرانی سەر مافی ئەوانیدی سزا بدات.

کـەواتـە سەرجەمی قـەڵـەمـڕەوی هێز و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، تەنها و تەنها پرسە مەدەنییەکان دەگرێتەوە و بەس. بە واتایەکیتر، دەسەڵاتی مەدەنی، مافی مەدەنی و حکومەتی مەدەنی، هەموویان بەتەنها بۆ پەرەپێدانی ئەمجۆرە پرسانە تەرخاندەکرێن. قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی

فەرمانڕەوا بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت و ناشبێت خۆی لەپرسەکانی پێوەندیدار بە رزگاریی و بەختەوەریی رۆحی مرۆڤەکانەوە بگلێنێت. بەڕای من تێڕامانەکانی خوارەوە، ئەو خاڵانەی سەرەوە زیاتر روونده‌کەنەوە.

یەکەم، پارێزگاریکردن لە رۆحی مرۆڤەکان نەسپێردراوەتە دەست هیچ فەرمانڕەوایەکی مەدەنی، چ جای ئەوەی بە کەسانی دیکەش بسپێردرێت. بەڕای من خوا پارێزگاریکردن لەڕۆحی مرۆڤەکانی بە فەرمانڕەوای مەدەنی نەسپاردووە، چونکە پێناچێت خوا هەرگیز وەها دەسەڵاتێکی بە کەسێك بەخشیبێت، کە بە سەر کەسانی دیکەدا زاڵ ببێت و ناچاریانبکات ئایینەکەی ئەو قبووڵ بکەن. وەها دەسەڵاتێك تەنانەت بە رەزامەندیی خەڵکیش ناتوانرێت بسپێردرێتە دەست فەرمانڕەوای مەدەنی؛ چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت هێندە لە ئاست پارێزگاریکردن لە رزگاریی و بەختەوەریی خۆی کەمتەرخەم بێت، کە کوێرانە و نەزانکارانە بیداتە دەست ئەوانی دی، (جا ئەو کەسەش) پاشا بێت، یاخود دەستوپێوەندەکانی، تا بۆی دەسنیشان بکەن چ باوەڕ، یان عیبادەتێك قبووڵبکات. هیچ مرۆڤێك تەنانەت ئەگەریش بیەوێت ناتوانێت باوەڕی خۆی ملکەچی فەرمانی ئەوانی دیکە بکات. سەرجەمی ژیان و دەسەڵاتی ئایینی لەسەرحەق، بریتییە لە ئارەزوی تەواوەتی و دەروونیی، ئەگەر باوەڕ لە قووڵایی دڵ و دەروونەوە نەبێت، باوەڕ نییە. هەموو ئەو شتانەی ئێمە باوەڕمان پێیان هەیە و هەموو ئەو عیبادەتە رواڵەتییانەی ئەنجامیاندەدەین، ئەگەر لە هزر و مێشکماندا قەناعەتمان بە حەقانییەتیان نەهێنابێت و دڵنیا نەبین لەوەی

که قبووڵی بارەگای خوان، وەها باوەڕ و عیبادەتێك، بەدوورن لە هەموو جۆرە باڵایی و پیرۆزییەك، لەڕاستیشدا لەبەردەم رزگاریماندا گەورەترین کۆسپن، کەواتە من پێموایە بە شوێنکەوتنی ئایینێك، کە دەزانین جێی قبووڵ و ڕەزامەندیی خوا نییە، نەك تەنها تاوانەکانی دیکەمان ناسڕینەوە، بەڵکو ژمارەی تاوانەکانیشمان زیاتر دەکەین، تاوانگەلێکی وەك ریا، دوڕوویی، سوکایەتیکردن بە بارەگای پیرۆزی خوای گەورە.

دووەم: پارێزگاریکردن لە ڕۆحـی مرۆڤەکان، هیچ پێوەندیی بە فەرمانڕەوای مەدەنییەوە نییە، چونکە دەسەڵاتی ئەو، بە تەنها دەسەڵاتێکی رووکەش و رواڵەتییە و هیچیتر، بەڵام ئایینی لەسەرحەق و رزگارکەر، بریتییە لە هاندانی تەواوەتی مێشك، چونکە بە بێ ئەوە، هیچ کردەوەیەك لە بارەگای خوادا قبووڵنابێت. سروشتی تێگەییشتنی مرۆڤ وەهایە، کە ناتوانرێت بە دەسەڵاتی رواڵەتی ناچار بە قبووڵکردنی شتێك بکرێت. زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و دارایی، ئەشکەنجە و کردەوەگەلی لەم چەشنە، ناتوانن هیچ کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بڕیاری دەروونیی مرۆڤەکان هەبێت؛ ئەویش لە شتانێکدا، کە خۆیان پێیانگەییشتوون و باوەڕیان لەسەر پەیداکردووە.

ڕەنگە بوترێت فەرمانڕەوای مەدەنیی، دەتوانێت بە بەکارهێنانی بەڵگە، کەسانی گومڕا و بەلاڕێدابراو بێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست و بەمجۆرە، بەختەوەرییان بۆ دابینبکات. باشە ئەمە ڕاستە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە لەم پرسەدا فەرمانڕەوای مەدەنیش لەگەڵ خەڵکانی تردا یەکسانە. فەرمانڕەوای مەدەنی بە بەکارهێنانی ئەقڵ و

بەڵگە، بەدڵنیاییەوە دەتوانێت هەموو شتەکانی پێوەندیدار بە فێرکاریی، پەروەردە، راهێنان و راستکردنەوەی هەڵەکان، کە شیاوی هەموو مرۆڤێکی چاکەکار و باشن، ئەنجامبدات. کورسی دەسـەڵات فەرمانڕەواکان ناچار بە وازهێنان لە مرۆڤایەتی، یان مەسیحییەتەکەیان ناکات، بەڵام هاندان شتێکە و فەرمانڕەواییکردنیش شتێکیترە. پشتبەستن بە بەڵگە و ئەرگۆمێنت شتێکە و پشتبەستن بە سزادان و لێپێچینەوە شتێکیترە. ئەوە تەنها دەسەڵاتی مەدەنییە، کە مافی سزادانی هەیە، بەڵام لە پرسەکانی پشتئەستور بە بەڵگە و ئەرگۆمێنتدا، بە تەنها نیەتپاکیی، مەرجی باوەڕپێکراو و جێی متمانەیە. هەموو مرۆڤێك لەسەریەتی خەڵکانیتر لە هەڵەکانیان ئاگاداربکاتەوە و ئامۆژگارییان بکات، قەناعەتیان پێ بکات، بە بەڵگە و ئەرگۆمێنت بەرەو حەقیقەت و رێگەی راست رێنوێنییان بکات، بەڵام یاسادانان و داواکردنی گوێڕایەڵیی ئەوانی دیکە و ناچارکردنیان  تەنها و تەنها تایبەتە بە فەرمانڕەوای مەدەنی، نەك کەسیتر. هەر بەم پێیە، لەو باوەڕەدام دەسەڵاتی فەرمانڕەوا هێندە زۆر و فراوان نابێت، کە بتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی یاساکانی خۆی، شێواز و رێساکانی بـاوەڕ، یان شێوازەکانی عیبادەتکردن دەسنیشانبکات. یاسا بەبێ لێپێچینەوە و سـزادان، هیچ هێزێکی نابێت و لەبەرئەوەش، کە لێپێچینەوە و سزادان بە مەبەستی قەناعەتپێکردنی هـزری مـرۆڤ ئامرازێکی گونجاو نییە، کەواتە کەڵك لێوەرگرتنیان لەبوارەکانی باوەڕ و عیبادەتدا، شتێکی تەواو بێسود و بێمانایە.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، نە باوەڕهێنان بە پرسە

ئیمانییەکان و نە لاساییکردنەوە و پێڕەویکردنی شێوازە ڕواڵەتییەکانی عیبادەت، ناتوانن ڕزگاریی ڕۆحی مرۆڤ مسۆگەربکەن، مەگەر ئەوەی کە کەسانێك کە باوەڕ دێنن و عیبادەت دەکەن، دڵنیا بن لە حەقانییەتی باوەڕەکەیان و قبووڵبوونیشی لە لای خوا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لەڕێگەی سزادانەوە، ناتوانن وەها باوەڕێك بێننەئارا. تەنها تیشکی باوەڕ و کاریگەرییەکانێتی، کە دەتوانێت جۆری ڕوانین و ڕوانگەکانی مرۆڤ بگۆڕێت، بەڵام ئەو تیشکی باوەڕە، بە هیچ کلۆجێك لەڕێی ئەشکەنجەی جەستەیی، یان هەر جۆرە سزادانێکی دیکەوە دەستەبەرنابێت.

سێیەم: پارێزگاری لێکردن و چاودێریکردنی ڕزگاریی ڕۆحی مرۆڤەکان، هیچ پێوەندیی بە فەرمانڕەوای مەدەنییەوە نییە، چونکە ڕەنگە توندبوونی یاساکان و توانای سزادان بتوانێت زەینی تاکەکان بگۆڕێت و قەناعەتیان پێ بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت یاریدەی ڕزگاریی ڕۆحی مرۆڤەکان بدات.

ئەگەر تەنها یەك حەقیقەت بوونی هەیە و یەك ڕێگەش بوونی هەیە، کە بەرەو بەهەشت دەچێت، چ هیوایەتێك بۆ ئەوە هەیە زۆربەی مرۆڤەکان بچنە بە هەشتەوە؟ ئەگەر هیچ ڕێگەیەك جگە لە شوێنکەوتنی ئایینی «کۆشك»یان نەبێت و ناچاربن بە پێی زەرووڕەت، تواناکانی ئەقڵی خۆیان پشتگوێبخەن و دژایەتی حوکمی ویژدانی خۆیان بکەن، کوێرانە و نەزانانە ملکەچی ویستی فەرمانڕەواکەیان بن و ئایینێك قبووڵبکەن، کە جەهل و نەزانین و خورافەپەرستیی

و پلەوپایەخوازیی بەڕێکەوت لەو وڵاتەدا هێناویەتییەئارا، کە ئەوی تێدا لەدایکبووە! بە هۆی فرەیی بیروباوەڕ و ناکۆکییە ئایینیەکانەوە کە فەرمانڕەوایانی جیهان، لێرەشدا هاوشێوەی بەرژەوەندییە مادییەکانیان، ناکۆکیی زۆریان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، ئەم ڕێگە باریکەی حەقیقەت، تەنکتر و ناسکتر دەبێتەوە، واتە تەنها یەك وڵات لەسەرحەقە و هەموو خەڵکانیتری دنیا، بەپێی زەرورەت بە گوێگرتن لە فەرمانڕەواکانیان پێدەنێنە ڕێگەی لەناو چوونەوە. وەها شتێك زۆر نائاقڵانییە و ئەمجۆرە وێناکردنەی خواش، کە بەدبەختیی و بەختەوەریی هەتایی مرۆڤ بەندە بەو شوێنەی کە لێی لەدایکبووە، زۆر نەشیاو و ناڕەوایە.

ئەم تێبینییانە بەدەر لە هەندێك تێبینیتر، کە سەلمێنەری مەبەستەکەی ئێمەن، بەڕای من بەسن بۆ گەییشتنمان بەو دەرەنجامە، کە سەرجەمی دەسەڵاتی مەدەنی، تەنها پێوەندیی بە بەرژەوەندیی مەدەنی مرۆڤەکانەوە هەیە، بە تەنهاش پارێزگاریکردن، چاودێریکردنی پرسە دنیاییەکان دەگرێتەوە و هیچ پێوەندیی بە جیهانی دوارۆژەوە نییە.

با ئێستا بزانین کڵێسا چییە؟ بەڕای من کڵێسا پێکهاتەیەکە لە گردبوونەوەی خۆبەخشانەی کۆمەڵێك لەتاکەکان، کە بەپێی ڕێککەوتنێکی هاوبەش پێکەوە دەبەسترێنەوە، تا بەشێوازێك کە بەڕای خۆیان قبووڵی بارەگای خوایە و کاریگەریی بەسەر ڕزگاریی ڕۆحەکانیانەوە هەیە، بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ عیبادەتی خوا دەکەن.

وتم کڵێسا، کۆمەڵێکی ئازاد و خۆبەخشانەیە. کەس بە زگماك ئەندامی هیچ کڵێسایەك نییە، ئەگینا دەبوایە وەك

چۆن موڵك و ماڵی دایك و باوكان لەڕێگەی میراتگرییەوە بۆ منداڵەكانیان دەگوێزرێتەوە، ئایینی دایك و باوكانیش بە هەمانشێوە گوازرابایەوە بۆ منداڵەكانیان. هیچ شتێك لەوە ناماقوڵتر نییە، كەسێك وەك چۆن لەڕێگەی مافی موڵكایەتییەوە زەوی و زاری بەدەستهێناوە، بیەوێت ئیمانی خۆشی لەڕێگەی مافێكی لەو شێوەیە بەدەستبێنێت. كەوابوو هیچ مرۆڤێك بە زگماك سەر بە كڵێسا، یان گروپێكی دیاریكراو نییە، بەڵكو هەموو تاكێك خۆبەخشانە پێوەندیی بە كۆمەڵێكەوە دەكات، كە تیایدا هەموو ئەو كردە و عیبادەتانە دەبینێتەوە، كە بەڕاستیی قبووڵی بارەگای خوان. ئومێد بە رزگاریی، تاقە هۆكاری پێوەندیكردنیەتی بە كۆمەڵگەی باوەڕدارانەوە، وەك چۆن هەر ئەو ئومێدەش تاقە هۆكاری مانەوەیەتی لەناو ئەو كۆمەڵگەیەدا، كەواتە ئەگەر دواتر هەڵە و كەموكوڕتیەكی لە باوەڕ، یان شێوەی عیبادەتكردنی ئەو كۆمەڵگەیەدا (كە بە ویستی خۆشی چۆتە ناویەوە) بینی، بۆچی نابێت هەمان ئەو ئازادییەی هەبێت، كە لە كاتی پێوەندیی پێوەكردنیندا هەیبوو؟ واتە ئازادیی هاتنەدەرەوە یان جێهێشتنی! ناتوانرێت هیچ ئەندامێكی كۆمەڵگەی ئایینی، بە بێ پێدانی ئومێدێكی لێبڕاوانە بۆ جیهانی ئاخرەت، ناچار بە مانەوە بكرێت، كەواتە كڵێسا كۆمەڵگەیەكی پێكهاتوو لە كەسانی خۆبەخشە، كە بە مەبەستی گەییشتن بە ژیانی ئاخرەت لە دەوری یەكدیی كۆبوونەتەوە.

**با ئێستا بزانین**

**دەسەڵاتی کڵێسا چییە و چ یاسا و ڕێساگەلێکی هەیە؟**

بە گوێرەی ئەوەی، کە هیچ کۆمەڵگەیەك، هەرچەند ئازادیش بێت، یان لە هەر هەلومەرج و بارودۆخێکدا هاتبێتە ئاراوە (چ پێکهاتبێت لە فەیلەسوفان، کە بەدوای پەروەردە و فێرکارییەوەن، یاخود بازرگانان کە بەدوای بازرگانییەوەن، یاخود مرۆڤە دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانەکان، کە بەدوای قسەوباس و رابـواردنـەوەن)، بـەڕای من، نە کڵێسا و نە هیچ کۆمەڵێکیتر، بە هیچ شێوەیەك، ناتوانێت درێژە بە ژیانی بدات و یەکپارچەیی خۆی بپارێزێت، مەگەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگەیە بە هۆی هەندێك یاساوە رێکبخرێت و هەموو ئەندامانیش لەسەر رەچاوی نەزم و سیستمی ئەو کۆمەڵگەیە رێکبکەون، ئەگینا ئەو کۆمەڵگەیە بە زوترین کات لێکهەڵدەوەشێتەوە. دەبێت رێککەوتن لەسەر کات و شوێنی کۆبوونەوە بکرێت، دەبێت یاساگەلێك بۆ وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامان دابنرێت، دەبێت پۆست و پلەوپایەی بەرپرسان دیارییبکرێت و سەرجەم کاروبارەکانی بە شێوەیەکی رێکوپێك و سیستماتیك بەڕێوەبچێت؛ ئەمجۆرە پرسانەش نابێت نادیدە بگیرێت. وەك پێشر ئاماژەمان پێدا، لەو رووەوە، کە کۆبوونەوە و پێوەندیەکانی ئەندامانی کڵێسا، تەواو ئازادانە و خۆبەخشانەن، کەواتە بەو دەرئەنجامە دەگەین، مافی یاسادانانیش تەنها هی خودی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە، یان لای کەم هی ئەو کەسانەیە، کە ئەندامانی

ئەو کۆمەڵگەیە بە پێی ڕێککەوتنێکی گشتیی ئەو مافەیان پێ بەخشیون (کە لەڕاستیدا هەردوو ئەمانە هەر یەك شتن.)

ڕەنگە هەندێك کەس دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕن، کە ناتوانرێت وەها کۆمەڵگەیەك بە کڵێسای راستەقینە ناودێر بکرێت، چونکە کڵێسای راستەقینە «ئۆسقۆف» یان قەشەیەکی هەیە، کە پێگە و حەقانییەتی خۆی لە پێغەمبەرەوە وەرگرتووە و ئەو زنجیرەیە نەوە لە دوای نەوە تا ئەمڕۆ، بەردەوام بووە.

من وەڵامی ئەم پرسە دەدەمـەوە. سەرەتا لێگەڕێن با ئەوان ئەو فەرمانەم پێنیشانبدەن، کە مەسیح وەها یاسایەکی بۆ کڵێسای خۆی دانابێت. ئەگەر بڵێم رستەکانی ئەو فەرمانەی ئەوان پشتی پێدەبەستن، زۆر روون و ئاشکران، کەس وای بۆ نەچێت سەبارەت بەم دەرئەنجامە قسەی پڕوپووچ دەکەم، چونکە ئەم بەڵێنەی مەسیح بۆ ئێمە کە: «هەر کاتێك دوو یان سێ کەس بە ناوی ئەوەوە لەدەوری یەك کۆ بوونەوە، ئەویشیان لەگەڵدایە«. دیارە ئاماژە بە شتێکی تری جگە لەوە دەکات، کە ئەوان لێیتێگەییشتوون. تکایە کەمێك راوەستن! ئایا وەها کۆمەڵگەیەك هەموو شتە پێویستەکانی کڵێسایەکی لەسەر حەقی تێدا نییە؟ دڵنیام وەها کۆمەڵگەیەك رزگاریی ڕۆحەکانی ئێمە، کە ئەوپەڕی مەبەست و ئامانجیشمانە، دەستەبەردەکات.

دووەم: وەك دەبینن تەنانەت لەناو کەسانێکیشدا، کە جەختی زۆریان لەسەر ئەم دەزگا یەزدانییە کردەوە و جەختیشیان لەسەر نەوە لەدوای نەوە هاتنی یاسادانەران بەپێی پلەوپایەیان لە کڵێسادا کردەوە، هەمیشە چەندین ناکۆکیی و ناتەبایی گەورە لەئارادا بووە. هەر ئەم ناکۆکییانەی

ئەوان، ناچار بە تێڕامان و لێوردبوونەوەمان دەکات، کەواتە مافی هەڵبژاردنی شتێك، کە بە پێی ئەقڵ و بیرکردنەوە بە باشی دەزانین، بەڕەوا دەزانێت.

سێیەم: من وام پێ باشە ئەم کەسانە، وەك چۆن خۆیان بە پێویستی دەزانن، یاسادانەرێکیان لە کڵێساکەی خۆیاندا هەبێت، کە نەوە لە دوای نەوە و بە هۆی جێگرایەتییەوە دەسنشیان کرابێت، بە مەرجێك کاتێك پێوەندیی بەو کۆمەڵەیەوە (واتە کڵێسا) دەکەم-کۆمەڵەیەك کە هاتبێتمە سەر ئەو قەناعەتەی دەتوانێت رزگاریی و بەختەوەریی رۆحم دەستەبەر بکات-ئازادیی و مافی هەڵبژاردنم هەبێت. بەمجۆرەیە کە ئازادیی ئایینی دەستەبەردەبێت و هەرگیز هیچ یاسادانەرێکی بەسەردا ناسەپێنرێت، بەڵکو ئەو خۆی یاسادانەر هەڵدەبژێرێت.

چونکە مرۆڤ هەمیشە بەدوای کڵێسای راستەقینەدا دەگەڕێت، من تەنها ئەو پرسیارەیان لێدەکەم، کە ئایا هێنانەئارای بارودۆخێك بۆ هاوسۆزیی و پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان لەڕێگەی ئازادیگەلی ئایینی و هەموو ئەو شتانەی، کە تەنها «رۆحی پیرۆز» لە «کتێبی پیرۆز»دا، راشکاوانە ئاماژەی پێ کردوون، کە بۆ رزگاریی و ئاسودەیی رۆحی من پێویستن، لەگەڵ کڵێسای مەسیحدا سازگارتر نییە؟ من پرسیار دەکەم و دەڵێم ئایا ئەوە بۆ کڵێسای مەسیح جوانتر و خۆشتر نییە، کە بوار بۆ هەرەوەزی و پێوەندیی هەموو مرۆڤەکان بڕەخسێنێت؟ لەجیاتی ئەوەی کە رێگە بە کەسانێك بدات، ئەو بیدعەتکاریی و راڤە ئایینیانەی خۆیان، کە پێیانوایە پاڵپشتیی خوایان لە پشتەوەیە، بەسەر خەڵکانی دیکەدا بسەپێنن و

بە هۆی یاسا ئایینیەکانەوە ڕاڤەکاریی و بیدعەتەکانیان وەك پرسێکی تەواو پێویست بۆ وانەکانی مەسیح بسەپێنن؟ ڕاڤە و بیدعەتگەلێك کە کتێبی پیرۆز هیچ ئاماژەی پێ نەکردون، یان هیچ حوکمێکی ڕاشکاوانەی بۆ دەرنەکردون؟ ئەگەر کەسێك بە مەبەستی بەشداربوون و پێوەندیی ئایینی، شتێك بە پێویست بزانێت، کە مەسیح بۆ ژیانی ئاخرەت بە پێویستی نازانێت، لەڕاستیدا کۆمەڵگەیەك لەسەر بنەمای بیروڕا و بەرژەوەندییەکانی خۆی بنیات دەنێت. من نازانم چۆن دەتوانرێت وەها کڵێسایەك بە کڵێسای مەسیح ناودێربکرێت، لە کاتێکدا فڕی بە مەسیحییەتەوە نییە، کەسانێك لە بەشداریی و پێوەندیی بێبەشدەکەن، کە ڕۆژێك مەسیح لە بەهەشتی بەریندا وەریاندەگرێت.

ئێرە شوێنێکی گونجاو نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هێماکانی کڵێسای ڕاستەقینە. ڕووی قسەم تەنها لەو کەسانەیە، کە لە قوڵایی دڵەوە بۆ ویست و ئامانجەکانیان خەباتدەکەن، بەردەوام بە هاتوهاوار، دەنگە دەنگ و لەوانەشە هاوشێوەی زیوسازانی «ئێفێسوس» لەپێناوی «دیانا»ی خواوەندیان شیوەن بۆ کڵێسا بگێڕن. حەزدەکەم ئەوەیان بێنمەوە یاد، کتێبی پیرۆز چەندین جار ئەوەی دووبارە کردۆتەوە، کە دەبێت شوێنکەوتە ڕاستەقینەکانی مەسیح، ڕەنج و ئازار بکێشن، بەڵام من لە هیچ بەشێکی ئێنجیلدا ئەوەم نەبینیوە، کە دەبێت کڵێسای مەسیح، خەڵك ئازار و ئەشکەنجە بدات، بەزەبری ئاگر و شمشێر ناچاریان بکات باوەڕ و ئیمانەکەی ئەو قبووڵبکەن.

ئامانجی کۆمەڵگەی ئایینی، وەك پێشتر قسەمان لەسەر

کرد، عیبادەت و پەرستنی بەکۆمەڵی خوا و لەئەنجامی ئەوەشدا، بەدەستهێنانی ژیانی ئەبەدییە، کەواتە دەبێت هەموو یاساکانی کڵێسا، بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو بنێن و هەموو یاسا ئایینیەکان لەو چوارچێوەیەدا سنوردار بکرێنەوە. لەو کۆمەڵگەیەدا هەرچییەك پێوەندیی بە بەدەستهێنانی مافە دنیایی و مەدەنییەکانەوە هەبێت، نابێت و ناتوانرێت بازرگانیی و مامەڵەی پێوە بکرێت. لە هەرێمی ئاییندا پەنابردنەبەر هێز و زۆر، کارێکی رەوا نییە، چونکە هێزی زۆرەملێ و داپڵۆساندن، بەتەواوەتی هی فەرمانڕەوای مەدەنییە و هەروەها بەرپرسیارێتی سەرجەم شتومەك و سامان و داراییە دنیاییەکانیشی لە ئەستۆدایە.

رەنگە ئەم پرسیارە بێتە پێشەوە، کە ئەگەر یاسا ئایینیەکان خاوەنی هێز و دەسەڵاتی ناچارکەر نەبن، چۆن دەتوانرێت (لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا) فەرمانڕەواییان پێبکرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، کە دەبێت ئەم یاسایانە بە شێوازێکی گونجاو لەگەڵ کرۆك و چییەتی ئەمجۆرە کاروبارانەدا بێنە ئاراوە و فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە ئەگەر دەربڕینە رواڵەتییەکان و پاراستن و رەچاوکردنی رێوڕەسمە ئایینیەکان، لەسەر بنەمای باوەڕێکی پتەو، سەقامگیر و پەسەندی ئەقڵ نەبێت، هیچ سودێکیان لێ ناکەوێتەوە. هاندان و پاڵپێوەنان، بیرخستنەوە و ئامۆژگاریکردن، ئامرازگەلێکن، کە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە ناچار بە راییکردنی ئەرکەکانیان دەکات. ئەگەر بەم شێوازانە تاکی تاوانکار چاك نەکرا و قەناعەت پێنەکرا، ناتوانرێت هیچ کارێکی دیکە ئەنجامبدرێت، جگە لەوەی، ئەمجۆرە تاکە سەرکەش و کەللەڕەقانە، کە هیچ

هیوایەك بۆ چاكبوونەوەیان لەئارادا نییە، لەو كۆمەڵگە ئایینیەوە دەربكرێن و دوور بخرێنەوە. ئەوپەڕی ئاستی هێز و دەسەڵاتی ڕێبەرانی ئایینی، هەر ئەوەندەیە، كەواتە جگە لە پچڕانی پێوەندیی نێوان كڵێساو كەسی دوورخراو، ناتوانرێت هیچ سزایەكی دیكەی بدرێت، تاكی تاوانباریش چیدی ناتوانێت وەك ئەندامی ئەو كڵێسایە بمێنێتەوە.

ئێستا كە ئەم شتانەمان بۆ ڕوونبووەوە، لە قۆناغی دواتر ئەم خاڵە تاوتوێدەكەین، تا كەی دەتوانین درێژە بە لێبوردەیی بدەین و لێبوردەیی، تاك بە چ شتانێكەوە پابەند دەكات؟

یەكەم: من لەو باوەڕەدام هیچ كڵێسایەك لەپێناو كاركردن بە لێبوردەی، ناچار نییە دوای ئامۆژگاریی و ئاگاداركردنەوەی كەسێك، كە هێشتاش سورە لەسەر دژایەتیكردنی یاساكانی كۆمەڵگە، لە ئامێزی خۆیدا ڕابگرێت، چونكە ئەم یاسایانە مەرجی بەشداریی، هەروەها گەرەنتیكەری پاراستنی كۆمەڵگەشن، ئەگەر بە بێ هیچ پەرچەكردارییەك پێشێلبكرێن، هێندە ناخایەنێت كۆمەڵگە بەتەواوەتی دەڕووخێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا دەبێت بزانین دەركردنی سزای «تەكفیر» و جێبەجێكردنیشی-بە دەم بێت یاخود بە كردەوە-دەبێت بە بێ هیچ جۆرە توندوتیژیی و زۆرەملێیەك ئەنجام بدرێت، كەواتە تاكی دەركراو لە كڵێسا بە هیچ شێوەیەك نابێت زیانی مادیی و گیانی بەربكەوێت. وەك پێشتریش وتمان، زەبر و زۆرەملێ، تەنها تایبەتە بە فەرمانڕەوای مەدەنی و هیچ كەسێكی ئاسایی، مەگەر بۆ بەرگریكردن لەخۆی لەدژی ستەم و چەوساندنەوە نەبێت،

له هیچ شوێنێکدا نابێت کەڵك لەهێز و زەبر وەربگرێت. تەکفیرکردن، نە دەتوانێت تاکی دەرکراو لەو ماف و ئیمکانیاتە مەدەنییانە بێبەش بکات، کە پێشتر هەیبووە، نە تەنانەت بۆی هەیە ئەو کارە بکات. ئەمجۆرە کارانە تەواو کاری حکومەتی مەدەنین و لەژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی فەرمانڕەوای مەدەنیدان. هەموو هێزی تەکفیر لەوەدا کورتدەکرێتەوە، کە را و بۆچوونی کۆمەڵگەی ئایینی لەمبارەیەوە بە ئاشکرا رادەگەیەنرێت. بەمجۆرە یەکێتیی نێوان ئەندامانی کڵێسا و تاکی دەرکراو لەناو دەچێت و پێوەندییشیان دەپچڕێت. بە کۆتاییهاتنی ئەم یەکێتیی و پێوەندییە، سودمەندبوون لە هەندێك ماف(ئیمتیاز)، کە کۆمەڵگەی ئایینی دەیخاتە خزمەتی ئەندامانییەوە، لەناو دەچێت. کەواتە ئەگەر قەشەی کڵێسا لەڕێوڕەسمی «شێوی یەزدانی»دا لەو نان و شەرابەی پێ نەدات، کە بە پارەی کەسی دەرکراو نەکڕدراوە، بەڵکو بە پارەی کەسانی دیکە کـڕدراوە، هیچ زیانێکی مەدەنی پێنەگەییشتووە.

دووەم: هیچ تاکێکی ئاسایی هەرگیز بۆی نییە دەرحەق بە کەسانێك، کە تەنها لەبەرئەوەی سەر بە کڵێسا یان ئایینیکی دیکەن، جیاوازیی دابنێت لە پێدانی مافە مەدەنییەکانیان. دەبێت سەرجەمی ئەو ماف و ئیمکاناتانەی، کە وەك مرۆڤێك یان ئەندامێك دەیگرێتەوە، بۆی پارێزراوبێت. ئەمجۆرە شتانە هیچ پێوەندییان بە ئایینەوە نییە، جا ئەو کەسە کریستیان بێت، یاخود کافر، نابێت هیچ توندوتیژیی و زیانێکی بەربکەوێت. ئێمە نابێت پشت بە پێوەرگەلی تەسکبینانە و نادادپەروەرانە

ببەستین، بەڵکو دەبێت دڵسۆزیی، دڵفراوانیی، ئازادیی فکر و کردەشی بخەینە سەر. ئەمانە ئەو شتانەن، کە ئێنجیل و ئەقڵیش فەرمانیان پێدەدات، سۆز و عاتیفە خۆڕسکەکانی ناخمان، ناچارمان دەکەن پابەند بین بەرامبەریان.

ئەگەر کەسێك لەڕێگەی راست لایدا، ئەو نەهامەتییە داوێنی خۆی دەگرێتەوە و هیچ زیانێك بە ئێوە ناگەینێت، کەواتە نابێت لە پرسەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ئەم جیهانەوە سزاییدەن، چونکە بە پێی باوەڕی ئێوە، لە جیهانی ئاخرەتدا رۆژڕەش و سیاچارە دەبێت. ئەو شتانەی، کە من سەبارەت بە لێبوردەیی نێوان خەڵکانێك، کە وەك ئایین ناکۆکییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە باسیدەکەم، کڵێساکانی گروپە جۆراوجۆرەکانیش دەگرێتەوە، وەك بڵێی پێوەندیی نێوان کڵێسا جۆراوجۆرەکان، رێك وەکو پێوەندیی نێوان تاکە ئاساییەکان وایە، تەنانەت ئەوە لە کاتێکیشدا روودەدات، کە فەرمانڕەوای مەدەنی دەبێتە ئەندامی فڵان، یان فیسار گروپی ئایینی، چونکە نە حکومەتی مەدەنی و نە کڵێسا هیچکامیان ناتوانن مافێکی تازە بە یەکدیی ببەخشن. کەواتە فەرمانڕەوای مەدەنی، چ ئەندامی کڵێسایەك بێت، یاخود نا، کڵێسا هەمان ئەو کۆمەڵگە خۆبەخشانەیە دەبێت، کە پێشتر هەبووە. کڵێسا بەهۆی بە ئەندامبوونی فەرمانڕەوای مەدەنییەوە، نە مافی بەکارهێنانی هێزی شمشێر بەدەستدێنێت، نە بە دەرچوونیشی لە کڵێسا، مافی رێنوێنی و تەکفیرکردنی خۆی لەدەستدەدات. ئەمە مافی پێویست و نەگۆڕی کۆمەڵگەیەکی خودموختارە، کە بتوانێت هەر ئەندامێکی بکاتە دەرەوە و سەرپێچیی لە یاسا و رێساکانی بکات، بەڵام کڵێسا ناتوانێت

بە هۆی بە ئەندامبوونی ئەندامانی تـازەوە (بۆ نموونە فەرمانڕەوای مەدەنی) مافێکی وەکو سەپاندنی هێز و زۆر بە سەر کەسانێکدا بەدەست بێنێت، کە نەچونەتە ریزیەوە، کەواتە دەبێت هەمیشە ئاشتیی، دادگەریی، برایەتی، سۆز و خۆشەویستیی لە لایەن کڵێسای گروپە جۆراوجۆرەکانەوە رەچاوبکرێت، وەك چۆن لە لایەن خەڵکانی ئاساییەوە بە بێ هیچ جۆرە هەوڵدانێك بۆ بە کارهێنانی زەبر و زەنگ، دەرحەق بە ئەوانی دیکەی رەچاودەکرێت.

دەتوانرێت ئـەم خاڵە بە هێنانەوەی نموونەیەکی دیکەش روونتربکرێتەوە. دوو کڵێسا یەکێکیان کڵێسای ئەرمەنییەکان و ئەوی تریان کڵێسای کالڤینیستەکانی شاری کۆنستانتین لەبەرچاوبگرن. ئایا کەس هەیە بڵێ وەك چۆن لە شوێنەکانیتردا کاری پێدەکرێت، هەریەك لەم کڵێسانە مافی ئەوەیان هەیە، ئەندامانی کڵێساکەی دیکە لە موڵك و ماڵ و داراییەکانیان بێبەشبکات، لەبەرئەوەی کە لە هەندێك بیروباوەڕ، یان رێوڕەسمی ئایینیدا لەیەکتری جیاوازن، لە کاتێکدا تورکەکان (عوسمانلییەکان) لەم ناوەدا بێدەنگ و ئارام، سەیری بارودۆخەکە دەکەن، بە بینینی ئەو زوڵم و ستەمە نامرۆڤانانەی، کە کریستیانەکان دەرحەق بە یەکتریی دەیکەن، لە قاقای پێکەنین دەدەن. ئەگەر یەکێك لەم کڵێسانە مافی چاککردنەوەی هەڵەی ئەوی تری هەبێت، پرسیارەکەی من ئەوەیە کامیان ئەو مافەی هەیە و بە چ ناوێکەوە ئەو مافەی پێدراوە؟ بێگومان وەڵامەکە ئەمە دەبێت کە کڵێسای راستئەندێش و راست باوەڕ مافی چاککردنەوەی هەڵەی

کڵێسای بیرچەوت و بێدینی هەیە. ئەم قسە زل و بەڕواڵەت جوانە، بە هیچ کلۆجێك مانایەکی تەواو و پڕاوپڕی نییە، چونکە هەموو کڵێسایەك خۆی بە راستئەندێش و لەسەر حەق دەزانێت و لەڕوانگەی ئەوی ترەوە تاوانبار و بێدینە. هەموو کڵێسایەك باوەڕەکانی خۆی لەسەر حەق دەزانێت و دژایەتیکردنیشیان رەتدەکاتەوە، کەواتە لە مشتومڕ و وتوێژەکانی نێوان ئەم دوو کڵێسایەدا، سەبارەت بە حەقانییەتی باوەڕ و دروستبوونی عیبادەتەکانیان، هەردوولا وەکو یەك خۆیان لەسەر حەق دەزانن. نە لە کۆنستانتین و نە هیچ شوێنێکی‌تری ئەم دنیایەدا دادوەرێك نییە، کە بتوانرێت بە حوکمی ئەو، ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت. دادوەریکردن لەمبارەیەوە تەنها تایبەتە بە دوادادوەری هەموو مرۆڤەکان، وەك چۆن سزادانی تاوانبارانیش تەنها لەدەستی ئەودایە. با ئەم مەسیحییانە-ئەگەر نەڵێین تاوانەکانیان، دەبێت بڵێین نادادپەروەرییان -بە لوتبەرزیی و لەخۆباییبوونیان ئیزافە کردووە و بێفکرانە و لوتبەرزانە، لەگەڵ لایەنگرانی کڵێساکانی دیکەدا هەڵسوکەوتی نەگونجاو دەکەن، ببینن تا چەند ڤێزەونانە تاوان دەکەن؛ ئەوەش لە کاتێکدایە، کە بە هیچ شێوەیەك لەلایەن خواوە، ئەرکی بەرپرسیارێتیی کار و کردەوەی خەڵکی‌تریان پێ نەسپێردراوە.

نەخێر! ئەگەر دەربکەوێت، کە کامیەك لەم دوو گروپە ئایینیە لەسەر حەقە، دیسانەوە ئەو مافە بە کڵێسای راستئەندێش و راستباوەڕ نابەخشرێت، کە ئەویتریان لەناو بەرێت. نە کڵێساکان مافی دادوەریکردن لەسەر کاروبارە

دنیاییەکانیان هەیە، نە ئاگر و شمشێریش ئامرازگەلێکی گونجاون بۆ قەناعەت پێکردنی زەینی مرۆڤ بۆ دوورخستنەوە لە هەڵە و ئاگاداربوونەوە لە حەقیقەت. ئێستا با وای دابنێین فەرمانڕەوای مەدەنی حەز بە پشتگیریکردنی یەکێك لەو لایەنانە دەکات و شمشێرەکەشی بخاتە خزمەتیانەوە، تا بە پاڵپشتیی ئەو بتوانن هەرچۆنێکیان دەوێت، کوشتوبڕی نەیارە فکرییەکانیان بکەن. ئایا کەس هەیە بڵێ کڵێسایەکی مەسیحیی، مافی ململانێ و دژایەتیکردنی برا ئایینیەکانی خۆی لە پاشای عوسمانییەوە وەربگرێت؟ کافرێك، کە خۆی لە هیچ بوارێکی کاروبارە ئایینیەکاندا مافی سزادانی کریستیانەکانی نییە، ناتوانێت وەها مافێك بە تاقمێك لە کریستیانەکان ببەخشێت. باردۆخی کۆنستانتین بەمجۆرە دەبێت و هەر ئەم ئەرگۆمێنتە، بۆ هەموو قەڵەمڕەوی کریستیانەکانیش راستیی لەخۆدەگرێت. دەسەڵاتی مەدەنیی لە هەموو شوێنێکدا یەکسانە و ئەم دەسەڵاتە کاتێك لەبەردەستی پاشای مەسیحیدایە، ناتوانێت مافێکی زیاتر بە کڵێسا ببەخشێت، چ بگات بەوەی کە ئەو دەسەڵاتە لەبەردەستی کافراندا بێت، ئەو کافرانەی کە هیچ کاتێك، هیچ کەسێك پێیوانەبووە کە بتوانن مافێکی زیاتر بە کڵێسا ببەخشن.

بەڵام جێی تێڕامان و داخیشە ئەم داکۆکیکارە سەرسەختانەی حەقیقەت و ئەوانەی، کە رێگریی لە ئەنجامی تاوان دەکەن، هەروەها ئەوانەش، کە دژی ناکۆکیگەلی ئایینین، ئەگەر فەرمانڕەوای مەدەنیی لە پشتیانەوە نەبێت، بەدەگمەن جۆش و خرۆش دایاندەگرێت، لەپێناوی خوادا خەبات و تێکۆشان دەکەن و هەرکە لەلایەن کۆشکەوە،

پلەوپایە و بەرژەوەندیگەلی دنیاییان پێ ببەخشرێت و هەست بەوە بکەن لە خەڵکی دیکە بەهێزترن، بە زوترین کات ئاشتیی، دڵسۆزیی و نیەتپاکیی لەبیردەکەن. ئەم کەسانە تەنها لەکاتێکدا دەتوانن باوەڕمەندیی خۆیان بپارێزن، کە دۆخێکی لەوجۆرەیان بۆ نەیەتە پێشێ. ئەوان کاتێك دەسەڵاتی ئەنجامدانی ئەشکەنجەیان نەبوو، لەڕیزی دەسەڵاتداراندا نەبوون، حەزیان دەکـرد لەسەر بنەمای پێوەندیگەلی دادگەرانەوە بژین و خەڵکیتریشیان بۆ لێبوردەیی هاندەدا. ئەمانە کاتێك پشتیوانیی دەسەڵاتی مەدەنییان لەپشتەوە نەبێت، دەتوانن بەوپەڕی تەحەمول و پشودرێژییەوە، نەخۆشیی بتپەرستیی، گروپپەرستیی و خوانەناسیی لە تەنیشت خۆیانەوە تەحەمولبکەن، بەڵام لەکاتی گونجاوی خۆیدا بەرژەوەندییە ئایینیەکان (بەرژەوەندیی ئایینی، بە گوێرەی قسەی خۆیان) ناچاریاندەکەن نیگەرانیی و ناڕەزایی خۆیان دەرببڕن. ئەوان بوێریی ئەوەیان نەبوو، هێرش بکەنە سەر ئەو تاوانانەی، کە لە کۆشکدا دەکـران، یان بە هۆی حکومەتەوە پەرەیان پێدەدرا و لەو کاتانەدا وایان پێ باش بوو، واز لە بەڵگە و ئەرگۆمێنت بێنن. ئەگەر ئەرگۆمێنت تاقە شێوازی دروست بۆ پەرەپێدانی حەقیقەت بێت و ئەوان خۆیانی لێ بپارێزن، ئەگەر بەڵگەگەلی بەهێز و دیالۆگی رێکوپێك، تێکەڵ بە زماننلوسیی و زماندرێژیی ببێت، چیدی هیچ رێگەیەك بۆ پەرەسەندنی حەقیقەت نامێنێتەوە.

بە کورتی، نە تاکەکان نە کڵێساکان و تەنانەت دەوڵەت، مافی ئەوەیان نییە بەناوی ئایینەوە دەسدرێژیی بکەنە سەر مافی مەدەنی و مافە دنیاییەکانی خەڵکی دیکە.

کەسانێکیش کە رایەکی جیاواز لەمەیان هەیە، ئەگەر باش بیربکەنەوە بۆیان دەردەکەوێت، چاندنی تۆوی دووبەرەکی و جەنگ، چەند زیان بەخشە و ئەو دوژمنکارییە بێکۆتایی و کوشتوبڕانەی، کە بەو هۆیەوە بەرەورووی مرۆڤ دەبنەوە، چەند زیانبەخش و مەترسیدارن. تا ئەم بیروباوەڕە زاڵ بێت، کە حکومەت مافێکی خواییە و ئایینیش دەبێت بەزەبری چەك و هێز پەرەبستێنێت، هیچ ئاشتیی، ئاسایش، برایەتی و هاریکارییەکی گشتیی لەناو مرۆڤەکاندا سەقامگیر و بەردەوام نابێت.

سێیەم: دەبێت بزانین ئایا نواندنی لێبوردەیی، داوای چی لەو کەسانە دەکات، کە بە هۆی هەندێك تایبەتمەندیی و پلەوپایەی ئایینیەوە لە خەڵکیتر، واتە خەڵکی ئاسایی جیاکراونەتەوە، وشەیەك (واتە رەشۆکی) کە ئەوان (خاوەن پلەوپایەی ئایینی) حەزدەکەن بیدەنە پاڵمان و بەو ناوەوە بانگمان بکەن. جا ئەم خاوەن پلەوپایانە قەشەی کاسۆلیك بن، یاخود ئۆسقۆف، قەشەی پرۆتستان، رێبەری ئایینی، یان هەرکەسێکی دیکە، چونکە هەرچییەك بن خاوەن کەسایەتی و بەڕێزن. قسەی من لێرەدا لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی دەسەڵات یان پلەوپایەی پیاوە ئایینیەکان نییە. من تەنها ئەوەندە دەڵێم، دەسەڵاتی پیاوانی کڵێسا هەرچەندەش زیاد بکات، لەبەرئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە، ئایینیە، کەواتە دەبێت تەنها لەچوارچێوەی کڵێسادا کاری پێبکرێت، چونکە جەوهەری کڵێسا شتێکی جیاوازە لە دەوڵەت، سنورەکانی نێوان ئەم دوانە نەگۆڕ و جێگیرن. خوا، ئاسمان و زەوی دەسوڕێنێتەوە و ئەم هەموو بوونەوەرە جۆراوجۆر و

فرەچەشنانە پێکەوە دەژیێنێت، ئەوە خوایە کە ئەم کۆمەڵانە پێکەوە دەبەستێتەوە، کۆمەڵگەڵێك کە لەسەرەتا و کۆتایی، هەروەها لە ژیان و تارادەیەکی زۆر لە هەموو شتەکاندا بە تەواوەتی لێکجیاوازن. هیچ مرۆڤێك لە هەر پلەوپایە و پۆستێکی کڵێسادا، کە بە هۆی ئەو پۆست و پلەوپایەوە بە شانوشکۆ، رێز و حورمەت گەییشتبێت ناتوانێت مرۆڤێکی دیکە، کە ئەندامی کڵێساکەی ئەو نییە، یان باوەڕەکانیان یەك ناگرێتەوە، بە هۆی ئەو جیاوازییە ئایینیانەی نێوانیانەوە، لەئازادیی یان بەشێك لە ماف دنیاییەکان بێبەشیبکات. شتێك کە بۆ هەموو کڵێساکان حەرام و رێپێنەدراوە، ناتوانرێت بە پاڵپشتیی مافی کڵێسا بۆ هیچ یەك لە ئەندامانی ئەو کڵێسایە بە رەوا و رێپێدراو بزانرێت.

بەڵام ئەمە هەموو بابەتەکە نییە. هەر ئەوە بەس نییە، کە رێبەرانی ئایینی واز لە توندوتیژیی، تاڵانکاریی، هەموو جۆرەکانی ئازار و ئەشکەنجەدان بێنن. کەسێك، کە بانگەشەی جێگرایەتی حەوارییەکان دەکات، رێنماییکردن و فێرکردنی خەڵك بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت، دەبێت هەموو لایەنگرانی خۆی بۆ رەچاوکردنی ئاشتیی و دڵسۆزیی لەبەرامبەر سەرجەم مرۆڤەکان هانبدات، جا ئەو مرۆڤانە چ نەزان، گومڕا بن و چ زانا و دروستکار؛ چ لەڕووی عیبادیی و بیروباوەڕەوە لێکجیاواز بن و چ هاوبیر بن. ئەگەر تۆزقاڵێك نیەتپاکی و سۆز و میهرەبانی لە کڵێساکەیدا هەبێت، دەبێت بە جیدییەتەوە هەموو مرۆڤەکان، چ سەر بە چینی فەرمانڕەوایان و چ خەڵکی ئاسایی بن، بۆ خێرخوازی، سۆز، خۆشەویستی، لێبوردەیی هان بدات و شێلگیرانەش هەوڵبدات

هەموو ئەو قەیران و دوژمنکارییە نابەجێیانەی، کە یان بە هۆی وشکەڕۆیی زێدەڕۆیانەی مرۆڤەکانەوە لە بەرامبەر گروپی خۆیان، یان بە هۆی فیتنە و ئاژاوەگێڕیی ئەوانی دیکەوە، لەدژی نەیارانیان هەڵگیرساون، هێور بکاتەوە. من بە تەمای روونکردنەوەی ئەوە نیم، کە ئەگەر وتاربێژانی سەر مینبەرەکان هەمیشە لەگەڵ پرەنسیبی لێبوردەییدا هاودەنگ بن، هەم دەوڵەت و هەمیش کڵێسا تا چەند لێی سودمەند دەبـن. پێتان وانەبێت دەمەوێت سوکایەتی بەو مرۆڤە گەورانە بکەم. من نامەوێت لە شانوشکۆ و پلەوپایەیان کەم بکەمەوە، نابێت خودی ئەوان یان هیچ کەسێکی دیکەش لە گەورەیی و پلەوپایەیان کەم بکاتەوە، بەڵکو بەڕای من، دەبێت بپارێزرێت. کەسێك کە خۆی بە پەرەپێدەری وشەی یەزدان و بانگەشەکاری ئێنجیل دەزانێت، ئەگەر پڕوپاگەندە بۆ شتێکی جگە لەم فێرکارییانە بکات، ئەوە یان درکی بە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی نەکردووە، یان کەمتەرخەمە لە ئاستیدا، دەبێت رۆژێك لەڕۆژان لەبەردەمی عیسای مەسیحدا وەڵام بداتەوە. ئەگەر کریستیانەکان پاش ئەوەی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر بدرێن، ئنجا پێیان بوترێت واز لە هەموو شێوازەکانی رق و قین لەدڵیی بێنن، سەرەتا دەبێت ئەوانەیان، کە زیانیان بەر نەکەوتووە، خۆیان لە نواندنی توندوتیژیی و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ بەدوور بگرن و شێوازی ناشایست، دەرحەق بەو کەسانە نەگرنە بەر، کە هیچ زیانێکیان پێ نەگەیاندون. ئەوان دەبێت هەر ئەم شێوازە نەرمونیان و میانەڕۆیانەیە، بە تایبەت دەرحەق بەو کەسانە بەکاربهێنن، کە تەنها و تەنها سەرقاڵی کاروباری خۆیانن و هیچ کارێکیان

جگە لە سەرقاڵبوون بە کاروبارە شەخسییەکانی خۆیانەوە نییە. ئەمانە بەدەر لەوەی کە خەڵك چۆن بیریان لێدەکەنەوە، دەتوانن بەو شێوازەی، کە خۆیان پێیانوایە قبووڵی بارەگای خوایە، عیبادەتی خوا بکەن و لە ڕێگەی هەر ئەم عیبادەتەوە، هیوایەتێکی زۆریـان بۆ بەختەوەریی ئەبەدیی هەبێت. هەموو تاکێك لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لە بەڕێوەبردنی موڵك و ماڵ و پاراستنی تەندروستیی خۆیدا، دەتوانێت ڕەچاوی هەموو ئەو شتانە بکات، کە بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانیی خۆی پێویستن و هەروەها ڕێگەیەکیش بگرێتە بەر کە بە باشترین ڕێگەی دەزانێت.

کەس گلەیی لە خراپ بەڕێوەچوونی ژیانی دراوسێکەی ناکات. کـەس لە تاکێك کە لە کێڵانی زەویـیـەکـەی، یان بەشودانی کچەکەیدا توشی هەڵە بووە، تووڕە نابێت. کەس تەمبێی ئەو تاکە هەڵەخەرجە ناکات، کە هەموو پوڵ و پارەی خۆی لە مەیخانەکاندا بەفیڕۆدەدات. هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە تێکیبدات، یان ئاوەدانبکاتەوە، یان بەدڵی خۆی پارەکانی خەرجبکات. کەس کەمترین ناڕەزایی لە بەرامبەریدا دەرنابڕێت. کەس چاودێریی ناکات. ئەو کەسێکی تەواو ئازادە، بەڵام ئەگەر کەسێك بــەردەوام هاتوچۆی کڵێسا نەکات و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕێوڕەسمە عیبادییە باوەکاندا ڕێکنەخات، یان منداڵەکانی نەخاتە ژێر ڕکێفی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی ئایینی فڵان، یان فیسار ڕێکخراو، یان کۆمەڵی ئایینیەوە، ئەم پرسە دەستبەجێ دەنگوهەرایەکی زۆری لێدەکەوێتەوە و هات و هاوار سەرتاپای گەڕەکەکە دەگرێتەوە. هەموو کەسێك ئەو مافە بە ڕەوای خۆی دەزانێت، کە تۆڵەی ئەو تاوانە گەورەیە

بکاتەوە، تا ئەم قسەوباس و پڕوپاگەندانە لە گۆڕێدا بن، کەسانی وشکەڕۆ و دەمارگیر بەدەگمەن دەتوانن دان بە خۆیاندا بنێن، توندوتیژیی و تاڵانکاریی نەکەن. پاشان ئەو مرۆڤە داماوە، بە پێی داب و نەریتە باوەکان، ناچار دەبێت هەموو ئازادیی و ژیان و موڵك و ماڵی لەدەست بدات. بەداخەوە وتاربێژە ئایینیەکانمان، لە هەموو گروپەکان، بە هەموو هێزی توانایانەوە خۆیان بۆ ئەوە تەرخان کردووە، کە بتوانن هەڵەی مرۆڤەکان لەناو بەرن، بەڵام خودی خۆیانیان لەبیر کردووە. ئەوان نابێت کەموکوڕیی بەڵگەکانی خۆیان بە کەڵکوەرگرتن لەهێزی زەبر و زەنگ قەرەبوو بکەنەوە، چونکە ئەم ئامرازانە تایبەت بە قەڵەمڕەوێکی دیکەن و نابێت دەستی پیاوانی خوا، ئاڵودەی شەڕانگێزیی و کردەوەگەلی قێزەون بکرێت. ئەوان نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەن بە قازانجی قسە یان فێرکارییەکانیان، لەلایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە یارمەتیبدرێن. ڕەنگە ئەوان لافی ئەوە لێبدەن، کە بێجگە لە حەقیقەت، عەوداڵی هیچ شتێکی دیکە نین، بەڵام ئەو دەمارگیرییە زێدەڕۆیانەیان کە تەنها بە پاڵپشتیی ئاگر و شمشێر زیندو ماوەتەوە، لوتبەرزیی و دەسەڵاتخوازییان ئاشکرا دەکات، دەریدەخات هەموو ئەو شتەی ئەوان دەیانەوێت، حکومەتی دنیاییە، چونکە زۆر ئەستەمە کە خەڵکانی ئاقڵ باوەڕ بەوە بکەن کەسێك بە ویست و ئارەزوی خۆی، لەوپەڕی دڵڕەقیی و بێبەزەییدا براکەی خۆی بداتە دەست جەللادێك، بۆئەوەی هەربە زیندویی بیسوتێنن. دیارە ئەو کارەش ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە ئەنجامدەدات، تا براکەی خۆی لە بڵێسەی ئاگری دۆزەخ لە دنیای ئاخرەتدا ڕزگار بکات.

سێیەم: دەبێت ئێستا مشتومڕ لەسەر ئەرکی فەرمانڕەوا، سەبارەت بە لێبوردەیی بکەین، کە دیارە بابەتێکی گرنگ و قابیلی تێڕامانە.

پێشتر وتمان چاودێریکردنی رۆحی مرۆڤەکان هیچ پێوەندیی بە فەرمانڕەوای مەدەنییەوە نییە؛ واتە هیچ پێوەندیی بە چاودێریکردنی «زۆرەملێیانە« و حکومییەوە نییە، ئەڵبەتە ئەگەر بتوانرێت وەها ناوێکی لێبنرێت. چاودێریکردنێکی زۆرەملێیانە، کە لەڕێگەی یاساوە هەندێك بابەت دەسەپێنێت، یان لەڕێگەی سزادان و لێپێچینەوەوە شتێك دەسەپێنێت، بەڵام چاودێریکردنی دڵسۆزانە، کە بریتییە لەفێرکردن، ئاگادارکردنەوە و هاندانی مرۆڤەکان، شتێك نییە کەس بتوانێت نکوڵیی لە دەور و کاریگەرییەکانی بکات. چاودێریکردنی رۆحی هەموو تاکێك، شتێکە پێوەندیی بە خودی ئەو تاکەوە هەیە و دەشبێت بسپێردرێتە دەست خۆی، بەڵام ئەگەر لە چاودێریکردنی رۆحی خۆیدا، کەمتەرخەمیی بکات، چی؟ وەڵامی من ئەوەیە ئەگەر لە ئاست تەندروستیی و پاراستنی ماڵ و داراییەکانیدا کەمتەرخەمیی بکات، چی؟ کامییەك لەم دوانە پێوەندیی زیاتریان بە فەرمانڕەوای مەدەنییەوە هەیە؟ ئایا فەرمانڕەوای مەدەنی، دەتوانێت لەڕێگەی یاسایەکی قایم و لێبڕاوانەوە تاکەکان ناچاربکات، کە نابێت هەژار یان نەخۆش بن؟ یاساکان، هێندەی بکرێت، هەلومەرجێك دەڕەخسێنن، کە مافە دنیاییەکان و تەندروستیی خەڵکانی ژێردەستی حکومەت، بە هۆی فڕوفێڵ و توندوتیژیی هیترانەوە خەوشدارنەکرێن. یاساکان گەرەنتیی زەرەر و زیانی کەمتەرخەمیی مرۆڤەکان ناکەن، لەبەرامبەر

پاراستنی موڵك و داراییەكانیاندا. ناتوانرێت هیچ مرۆڤێك - چ بیەوێت و چ نەیەوێت - ناچار بە دەوڵەمەندبوون یان تەندروستبوون بكرێت. نەخێر، خودی خواش بە پێچەوانەی ویست و ئیرادەی مرۆڤەكانەوە رزگـاریـان ناكات. وای دابنێین هەندێك پاشا حەزبكەن خەڵكانی ژێردەستیان ناچار بە كۆكردنەوەی ماڵ، سامان، پاراستنی تەندروستیی و بەهێزكردنی جەستەیان بكەن. ئایا وەها داواكارییەك لەڕێگەی یاساوە قابیلی جێبەجێكردنە، واتە بەو مانایە، كە ئـەوان بڕیاربدەن و نابێت خەڵك بێجگە لە پزیشكە رۆمانییەكان، لای هیچ پزیشكێكی‌تر بچن؟ وە ئایا هەموو مرۆڤەكان ناچارن ملكەچی فەرمانەكانیان بن؟

بۆچی نابێت هیچ دەرمـان، یان خواردنێك بخورێت، مەگەر ئــەوەی، كە لەچێشتخانەكانی «ڤاتیكان» یان فرۆشگەكانی شـاری «ژنـێـڤ»دا دروستكرابێت؟ ئایا بە مەبەستی دەوڵەمەندكردنی تاكەكانی ناو كۆمەڵگە، دەبێت لەڕێگەی یاساوە ناچاربكرێن ببنە بازرگان، یان مۆسیقازان؟ یان دەبێت هەموویان ببنە وردەواڵەفرۆش یان ئاسنگەر؟ چونكە ئەمانەش كەسانێكن هەر لەڕێگەی ئەم پیشانەوە، بژێوی و خۆشگوزەرانییان بۆ بنەماڵەكانیان دابینكردووە و سەروەت و سامانیشیان كۆكردۆتەوە. رەنگە بوترێت هەزاران رێگە بۆ دەوڵەمەندبون هەیە، بەڵام بۆ چونەناو بەهەشت، تەنها یەك رێگە هەیە. بەدڵنیاییەوە ئەمە وەڵامێكی گونجاوە، بە تایبەت بۆ ئەو كەسانەی، كە دەیانەوێت مرۆڤەكان ناچاربكەن بە فڵان یان فیسار رێگەدا بڕۆن، چونكە ئەگەر رێگەگەلێكی زۆر هەبن، كە مـرۆڤ بــەرەو بەهەشت

بەرن، چیدی هیچ بیانویەك بۆ ناچارکردنی خەڵکانی دیکە لەبەردەمدا نامێنێت. ئێستا ئەگەر من بە هەموو توانامەوە پێ بنێمە رێگەیەکەوە، کە بە پێی وانەکانی جوغرافیای پیرۆز، راستەوخۆ بە «بەیتولموقەدەس» کۆتایی بێت، ئیدی بۆچی دەکەومە بەر زەبر و زەنگ و ئازاردان لە لایەن دیترانەوە؟ رەنگە لەبەر ئەوە بێت، کە پۆستاڵی جەنگ لەپێ ناکەم، یان رەنگە لەبەرئەوە بێت قژم وەکو خەڵکی ئاسایی کورت ناکەمەوە، یان رەنگە لەبەرئەوە بێت کە پێڕەویی لەشێوازە باوەکانی ناو کۆمەڵگە ناکەم، یا رەنگە لەبەر ئەوە بێت، کە لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا گۆشت یان هەندێك خواردنی ترم خواردووە، کە حەزم لێیان بووە، یا رەنگە خۆم لەو رێگە چەوت و لارانە بەدورگرتووە، کە پێموابووە بە لاڕێمدا دەبەن، یان بەرەو هەڵدێری کەوتنەخوارەوە پەلکێشمدەکەن. یان رەنگە لەبەرئەوە بێت، کە بە پێچەوانەی ئەو رێگە جۆراوجۆرانەی کە لەبەردەمدا هەن، پێ دەنێمە رێگەیەکەوە، کە بە باوەڕی خۆم پاکترین و راستەوخۆترین رێگەیە، یان رەنگە لەبەرئەوە بێت، کە خۆم لە هاوڕێیەتی و هاوسەفەریی ئەوانە دەپارێزم، کە وشکەڕۆتر و رووگرژترن لەوەی، کە دەبێت هەبن. سەرئەنجام، رەنگە لەبەرئەوە بێت، کە پێڕەویی لە رێبەرێك دەکەم، کە تاجی ئۆسقۆفایەتی لەسەر دەنێت و جلی سپی لەبەر دەکات، یان بە پێچەوانەوە، پێڕەویی لە رێبەرێك دەکەم، کە بەو شێوەیە نییە. بەدڵنیاییەوە ئەگەر باش تێ بفکرین، بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەی ئەم شتانە پوچ و بێمانان، بە جۆرێك کە ئەگەر دەمارگیریی ئایینی و کەڵکەڵەی رزگاریی رۆحی مرۆڤیان تێدا نەبێت، یان تێکەڵ بە خورافە

و فڕوفێڵ و ساختەکاریی نەکرێن، یا دەبێت پێداچونەوەیان بۆ بکرێت یاخود بسڕدرێنەوە و ڕەت بکرێنەوە. بەڕای من، هەندێك شتی لەمجۆرە هەن، کە گەلێك دوژمنکاریی لەناو برادەرە کریستیانەکاندا دێننەئاراوە. ئە برادەرە مەسیحییانەی، کە لە بەشە گرنگ و بنەڕەتییەکانی ئاییندا، کۆك و هاودەنگ و هاودڵن.

وەرن با لەگەڵ ئەو مرۆڤە وشکەڕۆیانەدا، کە دژی هەر شتێکی ناتەبا لەگەڵ پێوەرەکانی خۆیاندا دەوستنەوە، لەسەر ئەوە ڕێك بکەوین، کە ئەم بارودۆخە (ئـەوە کە هەر کەسەو بە حەز و ویست و هەڵبژاردنی خۆی کار بکات) چەندین ئامانج و مەبەستی لێدەکەوێتەوە. ئایا دەبێت چاوەڕێی چ دەرئەنجامێك لەم بارودۆخە بکەین؟ تەنها یەکێك لەو ڕێگەیانە، ڕێگەی دروستی گەییشتن بە بەختەوەریی ئەبەدییە، بەڵام لەناو ئەم هەموو ڕێگە فرەچشن و جۆراوجۆرانەدا کە مرۆڤ هەڵیاندەبژێرێت، هەمیشە ئەم گومان و ڕاڕاییە لەئارادایە، کە کامیان ڕاست و دروستترە؟ نەمافی پارێزگاریکردن لە حکومەت و نە مافی یاسادانان، هیچکامیان ئەو ڕێگایەمان بۆ نادۆزنەوە، کە بەرەو مەلەکوت کۆتایی دێت. جیا لەوەش، فەرمانڕەوای مەدەنی، بە بـەراورد لەگەڵ کەسێکی ئاساییدا، کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی بەختەوەریی خۆی، توێژینەوە و خوێندنەوە دەکات، کەسێکی سەرکەوتوتر نییە. با وای دابنێین من جەستەیەکی لاواز و بێهێزم هەیە و توشی نەخۆشییەکی هەمیشەیی بووم، تەنها یەك چارەسەریشی هەیە. ئایا ئەوە ئەرکی فەرمانڕەوای

مەدەنییە ئەو چارەسەرەم بۆ دەسنیشانبکات؟ چونکە ئەو نەخۆشییەم، تەنها یەك چارەسەری هەیە و ئەو چارەسەرەش تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە. لەبەرئەوەی کە تەنها یەك رێگەم بۆ دەربازبوون لە مەرگ لەبەردەمدایە، ئایا لە قازانجمدا نییە بە تەواوەتی گوێ لە فرمان و قسەکانی فەرمانڕەوای مەدەنی بگرم؟ ناتوانرێت هەندێك پرسی لەم چەشنە، کە دەبێت هەموو مرۆڤێك راستگۆیانە بەدوایاندا بگەڕێت و بە تێڕامان و خوێندنەوە بگات و بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆیەوە زانیارییان لەسەر بەدەست بێنێت، بە ئەرکی سەرشانی تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە بزانرێت (واتە نابێت بە کەسێکی دیاریکراو بسپێردرێت). دیارە شازادەکان، لەڕووی هێز و دەسەڵاتەوە، سەرووتر لە خەڵکی ئاسایی لە دایکدەبن، بەڵام لەڕووی خۆڕسکییەوە لەگەڵ خەڵکی دیکەدا یەکسانن. بەو شێوەیە نییە، کە مافی فەرمانڕەوایی و هونەری حوکمڕانیی، حەتمەن زانیاریی تەواو لەسەر شتەکانی دیکە بە فەرمانڕەوای مەدەنی ببەخشێت. لانیکەمەکەی ئەوەیە، هیچ ئاگایی و زانیارییەك سەبارەت بە ئایینی لەسەرحەقی پێ نابەخشێت، چونکە ئەگەر وەها بوایە، (واتە مافی فەرمانڕەوایی، ببوایەتە هۆی زانیاریی پەیداکردن لەسەر ئایینی لەسەرحەق)، چۆن شتی وا دەبـوو، کە پاشاکانی دنیا ئەو هەموو ناکۆکییە ئایینیانەیان پێکەوە هەبوایە؟، بەڵام با بەچاوپۆشیکردنەوە ئەم گریمانەیە قبووڵبکەین، کە رەنگە پاشا باشتر لە خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی، رێگەی (گەییشتن بە) ژیانی هەتایی و

ئەبەدیی بناسێت، یان وایدابنێین لە بواری پرسە تەمومژاویی و جێگومانەکاندا، باشترین چارەسەر بۆ خەڵکانی ئاسایی ئەوەیە، کە پێڕەویی لە ئەمر و فرمانی فەرمانڕەوای مەدەنی بکەن. ئێوە دەڵێن ئەی دواتـر چی؟ ئەگەر ئەو، داواتـان لێبکات بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانتان، دەبێ ببنە بازرگان، ئایا بە هۆی ترس لە سەرنەکەوتنەوە، سەرپێچیی لە فرمانەکەی دەکەن؟ وەڵامی من ئەوەیە، بە پێی فەرمانی پاشا، دەبمە بازرگان، چونکە ئەگەر لە بازرگانییەکەمدا سەرنەکەوتم، فەرمانڕەوای مەدەنیی بە تەواوەتی دەتوانێت لە هەندێك رێگەی دیکەوە قەرەبووی زەرەر و زیانەکانم بۆ بکاتەوە. ئەگەر حەزی ئەو بۆ دەوڵەمەندبوون و سەرکەوتنم، راستەقینە بێت، هەرکاتێك لەسەفەرە دەریاییەکانمدا سەرنەکەوتم و مایەپوچ بووم، ئەو دەستمدەگرێت و یارمەتیمدەدات، بەڵام لە کاروبارەکانی پێوەندیدار بە ئاخرەتەوە، بەمشێوەیە نییە. ئەگەر لە کاروبارەکانی پێوەندیدار بە ئاخرەتەوە توشی هەڵە ببم و جارێك شکست بخۆم، فەرمانڕەوای مەدەنیی ناتوانێت بۆم قەرەبووبکاتەوە و ئازارەکانم سارێژبکات، یان لانیکەم بمگەڕێنێتەوە بۆ دۆخێکی لەبار و رێکوپێك. ئایا بۆ دنیای مەلەکوت دەتوانێت چ گەرەنتییەك بدات؟

رەنگە هەندێك کەس بڵێن باوەڕیان بەوە نییە، کە هەموو مرۆڤەکان لە کاروبارە ئایینیەکاندا، ناچارن پێڕەویی لە فەرمانڕەوای مەدەنی بکەن، بەڵکو کاروبارگەلی ئایینی، تایبەت بە کڵێسان. هەموو ئەو شتانەی، کە کڵێسا دەسنیشانی کـردوون، لە لایـەن فەرمانڕەوای سیاسییەوە فەرمان بە

ئەنجامدانیان دەدرێت و بە پشتبەستن بە دەسەڵاتەکەیەوە بوار بۆ ئەوە دەڕەخسێنێت، کە نابێت هیچ کەسێك باوەڕی بە شتێك هەبێت، یان پێڕەویی لە شتێك بکات، کە کڵێسا دەسنیشانی نەکات، کەواتە تەنها کڵێسا دەتوانێت لەم بوارانە داوەریــی بکات. فەرمانڕەوای مەدەنیی، خۆی ملکەچی فەرمانەکانی کڵێسایە و فەرمان بە خەڵکانیتریش دەدات، ملکەچی فەرمانەکانی کڵێسا بن. وەڵامی من ئەوەیە، کێ هەیە نەزانێت ناوی کڵێسا، کە لەسەردەمی حەوارییەکاندا چ شکۆمەندیی و ڕێـز و حورمەتێکی هەبوو، چـۆن لە سەردەمانی دواتردا بوو بە دڕێکێك لە چاوی خەڵکدا و بۆ ئازاردانیان بەکار هێنرا، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم بابەتە لەم ڕووەوە هیچ یارمەتییەکمان نـادات. دیارە وەها نییە، کە حاکمی مەدەنی ئەو تاقە ڕێگە باریکەی، کە بەرەو بەهەشت دەچێت، باشتر لە خەڵکی ئاسایی بناسێت، کەواتە من ناتوانم بەپێی متمانەکردن، ڕێبەری سیاسی وەك ڕێبەر و ڕێنمای خۆم هەڵبژێرم، چونکە لەوانەیە ئەویش هێندەی من سەبارەت بە ڕێگەی گەییشتن بە بەهەشت، نەزان و بێئاگا بێت و دڵنیاشم، هەرگیز هێندەی خودی خۆم خەمی ڕزگاریی و بەختەوەری من ناخوات. لەناو فەرمانڕەوا بێشومارەکانی جولەکەدا، چەندین فەرمانڕەوا هەبوون کە کۆمەڵگەی «بەنی ئیسراییل» بە هۆی پێڕەویکردنی کوێرانە و نەزانکارانە لێیان، کەوتنە داوی بتپەرستییەوە و لەناو چوون. سەرەڕای ئەوەش، چاوەڕێی ئەوە لە من دەکەن، کە بوێریی و ئازاییەتی بنوێنم و دەڵێن هەموو شتێك لە ئەمن و ئاسایشدایە، چونکە فەرمانڕەوای مەدەنی داوامان لێ ناکات لە کاروبارە

ئایینیەکاندا پێڕەویی لێ بکەین، بەڵکو تەنها داوای ئەوەمان لێدەکات، ملکەچی فەرمانەکانی کڵێسا بین. ئێستە من ئەم پرسیارە لە ئێوە دەکەم، کە ئایا دەبێت ملکەچی فەرمانەکانی کام کڵێسا بکەین؟ حەتمەن لەو کڵێسایە، کە زیاتر لەوانی تر پشتیوانی فەرمانڕەوایە. ئەگەر فەرمانڕەوای مەدەنی، لە رێگەی یاسا و هەڕەشەی سزادانەوە، ناچارمبکات، کە ببمە ئەندامی فلان یان فیسار کڵێسا، ئایا ئەو لەم رووەوە بیر و بۆچوونە تاکەکەسییەکانی خۆی بەسەر مندا نەسەپاندووە؟ چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان ئەوەدا، کە ئەو خۆی رێبەریی و رێنماییم بکات، یان بمداتە دەست کەسێکی دیکە رێبەریی و رێنماییم بکات؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا من ملکەچی ویست و ئیرادەی ئەوم، لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر ئەو، دۆخی ژیانی ئاخرەتم بۆ دەسنیشان دەکات.

ئایا ئەو بەنی ئیسرایلەی کە بە پێی فەرمانی پاشاکەیان، «گوێرەکە»یان دەپەرست، دۆخێکی باشتری هەیە؟ چونکە پێیوتراوە پاشا لە کاروبارە ئایینیەکاندا، نە بە پێی بیر و بۆچوونی تاکەکەسیی خۆی دەجوڵێتەوە و نە هیچ فەرمانێك دەردەکات، بەو مەبەستەی، کە خەڵکانی ژێردەستی، لە پەرستنی خوادا بەکاریبێنن، بەڵکو فەرمانڕەوا فەرمان بە شتێك دەدات، کە فتوای قەشەکانی (بەنی ئیسرائیل)ە و زانایانی ئایینیش بە مافی کڵێسای دەزانن. ئەگەر ئایینی هەموو کڵێساکان، واتە ئۆسقۆف و قەشە و گەورەپیاوانی هۆزەکە، بە هەموویانەوە رێز لەو ئایینە بگرن و پیایدا هەڵبدەن، لە وەها حاڵەتێکدا کامە ئایین بە پوچ و درۆیین و رووخێنەر دێتە ئەژمار؟ من گومانم لە (دروستیی) باوەڕی «سۆسیۆنەکان»

هەیە. من گومانم لە (دروستیی) شێوازی عیبادەتکردنی لایەنگرانی «پاپ» و«لۆسەر» هەیە. ئایا ئەوە کە فەرمانڕەوا لە بواری کاروبارە ئایینیەکاندا بە پشتبەستن بە پێگە و فتوای زانایانی کڵێساوە نەبێت، هیچ فەرمانێك دەرناکات، تۆزقاڵێك متمانەم لا دروستدەکات، کە بە پێی فەرمانەکەی ئەو، پێوەندیی بە فڵان، یان فیسار کڵێساوە بکەم؟

حەقیقەتی بابەتەکە ئەوەیە، کە دەبێت ئەوە قبوڵبکەین، کە هەرچەند کڵێسا، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك پیاوی ئایینی، کە یاساگەلی ئایینی دادەدرێژن و دەشبێت هەربەو ناوەوە بناسرێن، بەڵام کڵێسا لەجیاتیی ئەوەی، کە کاریگەریی لەسەر کۆشك دابنێت، بە پێچەوانەوە کاریگەریی لە کۆشکەوە وەردەگرێت. تەواو روون و ئاشکرایە، کە کڵێسا لەناو باوەڕە کریستیانەکاندا چەند توشی گۆڕانگاریی بووە و چەند لەژێر کاریگەریی ئیمپراتۆرەکانی «ئاریانی»دا بووە. هەرچەند ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە، بەڵام مێژووی ئەمدواییانەی بەریتانیا، چەند نموونەیەکی تازەمان دەخاتە بەردەست، کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی «هینری هەشتەم»، «ئـێـدواردی شەشەم»، «شـاژن مێری» و «ئەلیزابێت»دا، پیاوانی ئایینی زۆر بەئاسانیی سەرجەم فتوا و بیروباوەڕ و شێوازی عیبادەتکردن و هەموو شتێکی‌تریان بەپێی ویست و خواستی ئەم پاشا و شاژنانە، گۆڕیوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو پاشا و شاژنانە، خاوەنی بیروباوەڕگەلێکی هێندە فرەچەشن و جۆراوجۆر بوون و لەڕووی باوەڕی ئایینیەوە هێندە جیاوازییان لەگەڵ یەکدیدا هەبوو، کە دزە ناکاتە ناو مێشکی هیچ مرۆڤێکی ئاقڵەوە (مەگەر کەسێکی بێدین)،

که بڵێت کەسێکی باوەڕدار و دینداری راستەقینە دەتوانێت بە ویژدانێکی ئاسودەوە پێڕەویی لە فەرمانە جۆراوجۆر و دژبەرەکانیان بکات. کەواتە ئەوەی، کە پاشا یاساگەلێك بەسەر ئایینی خەڵکانیتردا بسەپێنێت، چ بەو بیانوەوە، کە بە تێگەییشتنی خۆی ئەو کارەی کردووە، یاخود بە پاڵپشتیی ئایین و تێبینیی و بۆچوونی خەڵکانی دیکەوە، هیچ فەرقێك ناکات. ناکرێت بڕیارەکانی گەورەپیاوانی کڵێسا، کە بە قەدەر پێویست دەمەقاڵ و مشتومڕیان لەناو خۆیاندا هەیە و بە ئاشکراش دیارن، راستتر و دروستتر لە بڕیاری فەرمانڕەوای مەدەنیی بن، هەروەها بۆچوونە گشتیی و کۆمەڵایەتییەکانی خاوەن کڵێساکان، ناتوانێت دەسەڵاتێکی تازە بە دەسەڵاتی مەدەنیی ببەخشێت. ئەگەرچی دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت، کە پاشاکان زۆر بەدەگمەن گرنگی بە بیر و بۆچوونی ئەو کڵێسایانەش دەدەن، کە پشتیوانی لە ئایین و رێوڕەسمە ئایینیەکانیان ناکەن، بـەڵام جیا لە هەموو ئەمانەش، سەرەکیترین تێبینیی، کە ئەم باسەمان بۆ روونتر دەکاتەوە ئەوەیە، کە هەرچەند رەنگە بۆچوونی فەرمانڕەوای مەدەنی لەپێوەندیی لەگەڵ کاروبارە ئایینیەکاندا دروستبێت، ئەو رێگەیەشی کە دەسنیشانکردووە، بەتەواوەتی لەگەڵ وانە و فێرکارییەکانی مەسیحییەتدا بێنەوە، بەڵام ئەگەر من لەڕووی فکرییەوە بەو قەناعەتە نەگیشتبم، کە پێڕەویی لێ بکەم، ئەم پێڕەویکردنە بۆ من، هیچ رزگارییەکی بەدواوە نابێت. بەهەرحاڵ ئەگەر بە پێچەوانەی دەنگی ویژدانمەوە هەنگاو باوێم، هەرگیز ناگەمە سەرمەنزلی بەختەوەریی.

من دەتوانم لەڕێگەی هونەرێکەوە، کە هیچ حەزم

لێی نییە، دەوڵەمەند ببم. دەتوانم لەڕێگەی دەرمانێکەوە، کە باوەڕم پێی نییە چارەسەر ببم، بەڵام ناتوانم لەڕێگەی ئایینێکەوە، کە باوەڕم پێی نییە و عیبادەتێك، کە لێی بێزارم، بە بەختەوەریی بگەم. بۆ کەسێك کە باوەڕی بەشتێك نییە، هیچ سودێکی نابێت ئەگەر بە ریاکاریی و دوڕوویی رۆڵی مرۆڤێك ببینێت، کە وای نیشانبدات باوەڕی بەو شتە هەیە. تەنها باوەڕ و راستگۆیی دەروونییە، کە دەتوانرێت قبووڵی بارەگای خوابێت. ئەگەر گەدەی کەسێکی نەخۆش هەرچی دەرمانێك بخوات، دەسبەجێ بیهێنێتەوە، باشترین دەرمان و بەکەڵکترین چارەسەریش هیچ سودێکی بۆی نابێت، ئەگەر مەزاجی نەخۆشەکە، دەرمانەکە بگۆڕێت بە ژەهر، کارێکی زۆر بێسودە، ئەگەر بەزۆر دەرمانەکەی دەرخوارد بدرێت. بە کورتیی، رەنگە زۆربەی کاروبارە ئایینیەکان جێی گومان و دودڵیی بن، بەڵام لانی کەم ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە هەر ئایینێك من باوەڕم بە حەقانییەتی نەبێت، ناتوانێت لای من لەسەر حەق بێت و قازانجیشی بۆم هەبێت، کەواتە ئەگەر فەرمانڕەواکان، خەڵکانی ژێردەستی خۆیان بە بیانوی رزگارکردنی رۆحەکانیان ناچاربکەن لەڕێوڕەسمی کڵێساکەی ئەواندا بەشدارییبکەن، کارێکی بێهودەیان ئەنجامداوە، چونکە ئەگەر خەڵك باوەڕیان بە کڵێسا هەبێت، بەوپەڕی رەزامەندیی خۆیانەوە بەشداریی تێدادەکەن و ئەگەریش باوەڕیان پێ نەبێت، بەشداریکردنیان هیچ سودێکی نابێت. سەرئەنجام، هەرچەندەش نیەتی خێرخوازیی، دڵسۆزیی، مرۆڤدۆستیی و نیگەرانیی سەبارەت بە رزگارکردنی رۆحی مرۆڤەکان، بیانوگەلێکی باش و بەکەڵك بن، بەڵام ناتوانرێت

مرۆڤەکان ناچاربکرێن چییان بوێت و چییان نەوێت. سەرئەنجامیش دوای هەموو ئەم شتانە، دەبێت خەڵك بسپێردرێنە دەست ویژدانی خۆیان.

کەواتە سەرئەنجام دوای بە دەستهێنانی ئازادیی مرۆڤەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەوانی دی لەبواری کاروبارە ئایینیەکاندا، با بزانین ئەرکی سەرشانی ئەم مرۆڤانە چییە؟ هەموو مرۆڤەکان دەزانن و دان بەوەدادەنێن، کە دەبێ خوا بەشێوەی بەکۆمەڵ عیبادەت بکرێت، ئەگینا چ بیانویەك بۆ ئەوە هەیە، خەڵك یەکدیی ناچاربکەن لەشوێنە گشتییەکاندا عیبادەتی خوا بکەن؟ کەواتە کەسانێك، کە بەهەڵبژاردنی ئەمجۆرە عیبادەتانە لە دەوری یەکدیی کۆبوونەتەوە، دەبنە ئەندامی کۆمەڵە ئایینیەکان تاوەکو بەوشێوەیە بتوانن چاویان بە یەکدیی بکەوێت، ئەوەش تەنها لەبەرخاتری فێرکردنی یەکتر نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە نیشانی هەموو خەڵکی جیهانی بدەن عیبادەتی خوا دەکەن. ئەوان بە شێوەیەکی وەها عیبادەتی بارەگای خوای گەورە دەکەن، کە خۆیان شەرمی لێ ناکەن و پێیانوایە ئەمجۆرە عیبادەتکردنەیان، هەم شیاو و شایستەی پێگەی خوایە و هەمیش قبووڵی بارەگایەتی. دواقسەش ئەوەیە، کە ئەوان بە باوەڕی پتەو، قایم، بەپیرۆزکردنی ژیان و نیەتپاکیی لە عیبادەتکردندا، خەڵکانیتریش وا لێدەکەن، حەز لە ئایینی لەسەرحەق(ی ئەوان) بکەن و هەندێك کردەوەی ئایینی دەنوێنن، کە هیچ کەسێکی لائیکی ئاسایی ناتوانێت ئەنجامیان بدات.

من ئەمجۆرە کۆمەڵە ئایینیانە بە کڵێسا ناودەبەم و پێموایە دەبێت فەرمانڕەوا لێبوردەیی بەرامبەر ئەم کۆمەڵ

ئاینیانە بنوێنێت، چونکە پرسەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵە ئاینیەکانەوە، مافێکی یاسایی هەموو مرۆڤێکە و بۆی هەیە لە ژیانی شەخسییدا جێبەجێیان بکات. مەبەستم لەوەیە، کە مافی یاسایی هەموو مرۆڤەکانە خەمی رزگاریی رۆحیان بخۆن و لەم پێوەندییەدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان کڵێسای حکومیی و کۆمەڵە ئاینیە (ناحکومییە)کانی دیکەدا نییە.

بەڵام لە هەموو کڵێساکاندا دوو شت هەیە، دەبێت گرنگی تایبەتیان پێبدرێت. یەکەم: رواڵەت و دیوی دەرەوەی عیبادەت و رێورەسمەکانە و ئەوی تریان، باوەڕگەل و پرسە ئیمانییەکانە، کە دەبێت هەرکامە و بەجیا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت تاکو کۆی پرسی لێبوردەیی، بەشێوەیەکی روونتر دەرکبکرێت.

دووەم: بـەڕای من، فەرمانڕەوای مەدەنی، بۆی نییە سەبارەت بە رواڵەت و دیوی دەرەوەی عیبادەتکردن، بە پشتبەستن بە یاساوە، نە کڵێساکەی خۆی نە هیچ کڵێسایەکی دیکە ناچاربکات لە عیبادەتەکانیاندا کەڵك لە رێورەسم، یان شێوازێکی تایبەتیی وەربگرن. ئەمەش تەنها لەبەرئەوە نییە، کە کڵێساکان کۆمەڵگەلێکی ئازاد و خۆبەخشانەن، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە عیبادەتکردنی خوا تەنها لە حاڵەتێکدا دروستە، کە ئەنجامدەرانی ئەو عیبادەتە دڵنیابن لەوەی، کە خوا لێیان قبووڵدەکات. هەر کردەوەیەك باوەڕی لە پشتەوە نەبێت، خۆی لەخۆیدا نە باشە نە قبووڵی بارەگای خوایە، کەواتە داسەپاندنی شتانێك بەسەر خەڵکدا، کە لەگەڵ ویژدانیاندا نایەتەوە، لەڕاستیدا بە مانای ئەوە دەبێت، کە

فەرمانیان پێ بکرێت سەرپێچیی لە فەرمانەکانی خوا بکەن و بە سەرنجدان بـەوەی، کە ئامانجی هەموو ئایینەکان، ڕەزامەندیی خوایە، ئازادیی کـردەوە مەرجی سەرەکی (دەستەبەربوونی) ئەم ئامانجەیە، کەواتە کردەوەگەلی لەم چەشنە، زۆر بێهوودە دێنە بەرچاو.

ڕەنگە لەم قسانە ئـەوە هەڵبهێنجێندرێت، کە من جێبەجێکردنی هەموو جۆرە زۆر و زەبر و زەنگێك لە پرسە ڕێپێدراوەکاندا بۆ فەرمانڕەوای مەدەنی بە ناڕەوا دەزانم بە جۆرێك، کە ئەگەر ئەو، وەها مافێکی نەبێت، سەرجەمی پرسی یاسادانان بێهوودە دەبێت. نەخێر، بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەوەم قبووڵە، کە پرسە ڕێپێدراوەکان، لەژێر دەسەڵاتی یاسادان و ڕەنگە بتوانین بڵێین، هیچ شتێك هێندەی ئەم پرسانە یاسایی نییە، بەڵام ئەم قسەیە ئەوەی لێ دەرناکەوێت، کە فەرمانڕەوا بۆی هەبێت لەپرسە ڕێپێدراوەکاندا بە حەز و ویستی خۆی (بجوڵێتەوە و) فەرمان دەربکات. خێر و قازانجی گشتیی، پێوەری یاسادانانە؛ ئەگەر شتێك قازانجی بۆ دەوڵەت نەبێت، هەرچەند شتێکی تەواو ڕێپێدراویش بێت، بەڵام نابێت لە ڕێگەی یاساوە بچەسپێنرێت.

جیا لەوەش، کارگەلێك، کە لە بنەڕەتدا ڕێپێدراون، کاتێك دەکەونە خزمەتی کڵێسا و عیبادەتی خـواوە، لە بازنەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای مەدەنی دەچنە دەرەوە، چونکە بەو کارکردەیانەوە، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ کاروبارە مەدەنییەکاندا نایەنەوە. تاقە ئەرکی کڵێسا، ڕزگارکردن و ئاسودەیی ڕۆحی مرۆڤە و ئـەوەش هیچ پێوەندیی بە دەوڵەت، یان هیچکام لە ئەندام و دەستوپێوەندەکانییەوە

نییە، کە فڵان یان فیسار ڕێوڕەسمی عیبادیی، چ کارکرد و قازانجێکی هەیە؟ نە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمگەلی عیبادیی و نە وازلێهێنانیان لەلایەن کۆمەڵە ئایینیەکانەوە، هیچ زیانیان بۆ ژیان، ئازادیی، موڵك و دارایی هیچ مرۆڤێك نییە. بۆ نموونە با وای دابنێین ڕێوڕەسمی «سەرانشۆ»ی منداڵی تازە لەدایکبوو بە ئاو، خۆی لەخۆیدا کارێکی ڕەوا و ڕێپێدراوە، هەروەها ئەگەر وای دابنێین تێگەییشتنی فەرمانڕەوای مەدەنی لەو سەرانشۆیە ئەوە بێت، کە بۆ چارەسەرکردن، یان پێشگرتن بە نەخۆشییەکانی منداڵان بەسودە و ئەوەندەش گرنگە، کە دەبێت یاسا چاودێریی بەڕێوەبردنی بکات، لەم حاڵەتەدا فەرمانڕەوای مەدەنی بۆی هەیە فەرمان بدات یاسایەك لەوبارەیەوە دابڕێژرێت. لەم حاڵەتەدا ئایا کەس هەیە بڵێ فەرمانڕەوای مەدەنی، بەپێی هەمان ماف دەتوانێت بە پشتبەستن بە یاسا فەرمان بدات هەموو منداڵان لەپێناوی پاکبوونەوەی ڕۆحیاندا، دەبێت لەلایەن قەشەکانی کڵێساوە لە کانیاوی پیرۆزدا سەرانشۆیان بۆ بکرێت؟ پارادۆکسییەتی ئەم دوو پرسە هەر لە یەکەم تێڕوانیندا بۆ هەموان ڕوون و ئاشکرایە. ئێستا ئەگەر پرسی دووهەم بۆ منداڵی بنەماڵەیەکی جولەکە بەکاربێنین، ئایا دیـارە چی ڕوو دەدات؟ ئایا چ شتێك هەیە ڕێگریی لەوە بکات فەرمانڕەوایەکی مەسیحیی ئەنجامدانی ئەو کارە بەسەر خەڵکی جولەکەی ژێردەستیدا نەسەپێنیت؟ ئێستا ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەین، کە نابێت وەها زیانێك لەکەسێکی جولەکە بکەوێت، واتە نابێت بە زۆرەملێ ناچار بە ئەنجامدانی کارێکی پێچەوانەی باوەڕەکانی بکرێت کە خۆی لەخۆیدا ڕێپێدراویشە، چۆن دەتوانین باوەڕمان

بەوە هەبێت، کە دەشتوانرێت شتگەلی لەمجۆرە بەسەر مەسیحییەکدا بسەپێنرێت؟

جیا لەوەش هەر بەم هۆیەوە، هەرگیز ناکرێت شتە رێپێدراوەکان بەزەبری هێز و دەسەڵات، بکرێن بە بەشێك لە عیبادەتی خوا، چونکە ئەوانە (خۆ لە خۆیاندا) رەوا و رێپێدراون، لەبەرئەوەش، کە پرسە رێپێدراوەکان خۆ لەخۆیاندا ناتوانن رەزامەندیی خوا دەستەبەربکەن، کەواتە هیچ دەســەڵات، یان هێزێکی مرۆیی، ناتوانێت شانوشکۆ و پێگەیەکی ئەوتۆیان پێببەخشێت، کە ئەنجامدانیان رەزامەندیی خوایان بەدواوە بێت. کەڵکوەرگرتن لە پرسگەلی رێپێدراو لەژیانی رۆژانــەدا، کە خواش حەرامی نەکردون، ئازاد و یاساییە، کەواتە مرۆڤیش سەرپشکە تیایاندا، بەڵام لە پرسەکانی پێوەندیدار بە ئایینەوە بەوشێوەیە نییە. لە عیبادەتی خوادا، پرسە رێپێدراوەکان شەرعییەتیان نییە. مەگەر ئەوەی کە خوا خۆی دایانبڕێژێت، وەك بڵێی خوا بەپێویستیان بزانێت و فەرمان بدات، کە بەشێکن لەو عیبادەتەی کە خۆی گەرەنتی کردووە لە مرۆڤی داماو و تاوانکاریان قبووڵبکات. نەخێر، ئایا کاتێك خوای «قەهار» پرسیارمان لێ بکات، کە کێ داوای لێکردووین مل بۆ ئەم پرسانە کەچ بکەن، ئایا هەر ئەوەندە بەس دەبێت، کە وەڵام بدەینەوە فەرمانڕەوا فەرمانی پێداوین؟ ئەگەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی مەدەنی، تا ئەو رادەیە پەرە بستێنێت، ئایا (شیمانەی ئەوە ناکرێت) چ شتگەلیتری نــاڕەوا، بە ناوی پرسگەلی ئایینی بە خەڵك نەناسرێن و بەسەریاندا نەسەپێنرێت؟ زۆرن ئەو رێوڕەسم و عیبادەتە پوچ و وەهمییانەی، لەڕێگەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە

سەریانهەڵداوە و بە پێچەوانەی ویژدانی مرۆڤەکان و بەندەکانی خواوە، بەسەریاندا سەپێنراون، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ڕێوڕەسمە عیبادیی و خورافانە، لەڕاستیدا کەڵك لە شتانێك وەردەگرن، کە لەڕوانگەی ئایینەوە بەتەواوەتی ڕێپێدراون و لەو ڕووەوە، کە خوا واجبی نەکردون، ئەنجامدانیان بۆ هیچ کەسێك بە تاوان ناژمێردرێت. پژاندنی ئاوی پیرۆز و خواردنی نان و شەرابیش هەم خۆی لەخۆیدا و هەمیش لە هەلومەرجی ژیانی رۆژانەدا ئاساییە. کەواتە ئەگەر خوا پرسە ڕێپێدراوەکانی نەخستبێتە ریزی ئایین، یان عیبادەتی خۆیەوە، ئایا کەس هەیە بڵێت دەتوانرێت ئەم پرسانە وەك پرسی ئایینی، یان بەشێك لە عیبادەتی خوا لەقەڵەم بدرێن؟ ئەگەر دەسەڵاتی مرۆڤ یان دەسەڵاتی مەدەنیی لە توانایدا هەبوایە ئەو کارە بکات، بۆچی لە ڕێوڕەسمی سەرانشۆدا لەبری (خواردنی) نان، کەڵك لە ماسیی و لەبری خواردنەوەی شەراب، کەڵك لە بیرە  وەرنەگیردرێت؟ بۆچی لە کڵێسادا لەبری پژاندنی ئاو، کەڵك لەخوێنی ئاژەڵە وەحشییەکان وەرنەگیردرێت؟ بۆچی ئاگری دۆزەخ لەبری ئاگر لە ئاو چێ نەکرا؟ زۆر شتی‌تری لەم چەشنە. ئەم پرسانە هەرچەندەش لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا رەوا و ڕێپێدراو بن، بەڵام کاتێك بە بێ مۆڵەتی خوا، ببن بە بەشێك لە عیبادەتی خوا، قوربانیکردنی سەگێك چەند حەرام و قێزەونە، ئەنجامدانی ئەوکارانەش لە بارەگای خوادا(هێندە) قێزەونە. بۆچی قوربانیکردنی سەگ، ئەوەندە قێزەونە؟ مەگەر لەڕوانگەی خوای گەورە و پیرۆزەوە چ جیاوازییەك لەنێوان سەگ و بزندا هەیە؟ ئایا تاقە جیاوازیی ئەوە نییە، کە خوا سودوەرگرتن لە یەکێکیان لە عیبادەتکردنیدا

واجبکردووە و سودوەرگرتن لەوی تریانی حەرام کردووە؟ کەواتە وەك دەبینین پرسە ڕێپێدراوەکان، چەندیش لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی فەرمانڕەوای مەدەنیدا بن، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن بەم بیانووانەوە وەك پرسگەلی ئایینی پێناسە بکرێن و بەسەر کۆمەڵە ئایینیەکاندا بسەپێنرێن، چونکە ئەگەر ئەمجۆرە پرسانە تێکەڵ بە عیبادەتی خوا بکرێن، ڕەوایەتیی و ڕێپێدراویی خۆیان بەتەواوەتی لەدەستدەدەن. کەسێك کە عیبادەتی خوا دەکات، بە نییەتی ڕەزامەندیی خوا و میهر و بەخششەکانی ئەوەوە ئەو کارە دەکات، بەڵام کەسێك کە بەزەبری فەرمانی خەڵکانی دیکە، کارگەلێك لە بارەگای خوادا ئەنجام دەدات، کە دەزانێت باش و گونجاو نین، چونکە خوا فەرمانی پێ نەداون. ئەم کردەوانە ڕەزامەندیی خوایان بەدواوە نابێت و ئاگری توڕەیی دانامرکێننەوە، بەڵکو بە هۆی سەرکێشیگەلی ئاشکرای وەهـاوە، کە بە تەواوەتیش دژی جەوهەر و کرۆك و ئامانجی عیبادەتی خوان، بڵێسەکانی ئاگری تووڕەیی خوا زیاتر و زیاتر بەرز دەکەنەوە.

ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بکرێت، کە ئەگەر هەموو شتە پێوەندیدارەکان بە عیبادەتی خوا، لە دەرەوەی توانای دەسنیشانکردن و ناسینی مرۆڤدا بێت، کەواتە خودی کڵێسا چۆن دەتوانێت کـات، شوێنی عیبادەت و شتانی لەوجۆرە دەسنیشان بکات؟ وەڵامی من ئەوەیە، کە دەبێت لەعیبادەتە ئایینیەکاندا، جیاوازیی لەنێوان ئەو شتانەی، کە بنەماکانی عیبادەتن و ئەو شتانەی، کە پاشکۆی عیبادەتن بکەین. ئەو شتانەی کە لەڕیزی بنەماکانی ئاییندان، لە لایەن خودی خواوە دەسنیشانکراون و دڵخوازی خۆیەتی، کەواتە

کارێکی ئەرکە. پاشکۆکان شتانێکن، کە ئەگەرچی زۆربەی کات ناکرێت لەڕیزی عیبادەتەکانی خوا جیابکرێنەوە، بەڵام وردەکارییەکانیان، یان فەرماندان بە چاککردن و هاوسەنگکردنیان لە لایەن خواوە دیاریی ناکرێت، کەواتە پرسگەلێکی رێپێدراون. کات و شوێنی عیبادەت و شێواز و چۆنیەتیی عیبادەتی خوا لە لایەن باوەڕدارانەوە، لەوجۆرە پرسانەن. ئەمانە پاشکۆن، هەروەها بەتەواوەتی رێپێدراون، کە خوا بە پێی هیچ فەرمانێك واجبی نەکردون، بەڵام بۆ نموونە لای کەلیمییەکان، کات و شوێنی عیبادەتکردنیان و رەوشتی کەسانێك کە تیایاندا بەشدارییدەکەن، لەڕیزی پاشکۆکاندا نین، بەڵکو بەشێکن لە بنەماکانی ئایین و ئەگەر بە نوقسانیی یان بە پێچەوانەی نۆرمە باوەکان ئەنجام بدرێن، ناتوانن هیچ ئومێدیان بۆ قبووڵیی عیبادەتەکانیان لە لایەن خواوە هەبێت، بەڵام ئەم پرسانە لای کریستیانەکان، کە لەژێر سایەی ئازادیی ئێنجیلدا دەژین، تەنها بەشێکن لەپاشکۆکانی عیبادەت و هەموو کڵێسایەك بەپێی تێگەییشتنی خۆی، دەتوانێت کەڵك لەو شتانە وەربگرێت کە ئامانجی گروپە ئایینیەکەی خۆی دەپێکێت و سودیشیان بۆ کەماڵ و پاککردنەوەی رەوشت و ئاکار هەیە.

ئەڵبەتە کەسانێك کە لەژێر کاریگەریی فێرکارییەکانی مەسیحدا پێیانوایە خوا یەکەمین، یان حەوتەمین رۆژی هەفتەی خستۆتە لاوە و ئەو رۆژانە تایبەتن بە عیبادەتکردنی ئەو، لای ئەوانیش ئەم قۆناغە زەمەنییە، پرسێکی پاشکۆیی و ئاسایی نییە، بەڵکو بەشێکی سەرەکی عیبادەتی خوایە، کە نە دەتوانرێت بگۆڕدرێت و نە لە بەرامبەریدا کەمتەرخەمیی بکرێت.

دووەم: وەك چۆن فەرمانڕەوا بە کەڵکوەرگرتن لە یاسا، بۆی نییە هیچ ڕێوڕەسم و بۆنەیەکی عیبادیی بەسەر هیچ گروپێکدا بسەپێنێت، هەر ئاواش بۆی نییە ڕێ لەو ڕێوڕەسم و بۆنە عیبادییانە بگرێت، کە پێشتر لە لایەن کڵێساوە پەسەند کراون و ئەنجامدراون. چونکە ئەگەر فەرمانڕەوای مەدەنی، توشی ئەو کارە ببێت، لەڕاستیدا کڵێسای لەناو بـردووە. ئامانجی ئەو دەزگا ئایینیە ئەوەیە، کە ئازادانە و بەویستی خۆی، تەنها و تەنها سەرقاڵی عیبادەتکردنی خوا بێت.

بە پێی ئەم ڕێسایە، ئێوە دەڵێن ئەگەر هەندێك گروپی ئایینی باوەڕیان بە قوربانیکردنی منداڵان بێت، یان هەر وەك مەسیحییە سەرەتاییەکان بە درۆ تاوانبار کران، ئەمانیش لەڕووی شەهوەتڕانییەوە خەریکی بەرەڵڵایی سێکسی بن، یان دەستبدەنە هەندێك کـردەوەی قێزەون و ناشیرینی دیکە، ئایا لە وەها حاڵەتێکدا تەنها لەبەرئەوەی کە کەسانی ئەنجامدەری ئەم کردەوانە، ئەندامی کۆمەڵێکی ئایینین، دەبێت فەرمانڕەوای مەدەنی نەرمییان لەگەڵ بنوێنێت و لێیان خۆش ببێت؟ وەڵامی من نەخێرە. ئەم شتانە نەك تەنها لە پرسە ئاساییەکانی ژیاندا یاسایی نین، بەڵکو لە ژیانی هیچ تاکێکیشدا یاسایی نین، کەواتە نە لە عیبادەتی خوادا و نە لەهیچ کۆمەڵێکی ئایینیدا، ڕێپێدراو و یاسایی نین. ئەگەر ژمارەیەك لە خەڵك بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی ئایینی، لە دەوری یەك کۆببنەوە، بیانەوێت گوێرەکەیەك قوربانیی بکەن، بەڕای من نابێ یاسا ڕێگە لەو کارەیان بگرێت. «ملیبۆئس» کە گوێرەکە هی ئەوە، بەپێی یاسا دەتوانێت گوێرەکەکەی لە ماڵی خۆیدا قوربانیی بکات و

هەرچی ئەندامێکی پێی خۆش بێت بیسوتێنێت، چونکە ئەو کارەی ئەو، هیچ زیانێك بە ماڵ و گیانی خەڵکی‌تر ناگەیەنێت و هەر بە پشتبەستن بەو هۆیەشەوە، دەتوانێت گوێرەکەکەی لە کۆبوونەوەیەکی ئایینیدا قوربانیی بکات و ئەو کارەشی چ رەزامەندیی خوای بەدواوە بێت و چ نەبێت، پێوەندیی بە خۆیەوە هەیە، کە بزانێت ئایا خوا لێی قبووڵ دەکات یان نا. تاقە ئەرکی فەرمانڕەوا لەم پێوەندییەدا ئەوەیە، کە ئاگای لەوە بێت هیچ زیانێك بەر حکومەت نەکەوێت و بەهۆی ئەو کارەشەوە هیچ زیانێکی چ گیانیی و چ مادیی بەر هیچ کەس نەکەوێت. کەواتە، شتێك، کە دەتوانرێت لە میوانداریيەکدا بەکار بهێنرێت، دەشتوانرێت لە قوربانیشدا بەکار بهێنرێت، بەڵام ئەگەر بەڕێکەوت بارودۆخێك بێتە ئاراوە، کە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە لەوەدا بێت بە مەبەستی زیادکردنی وەچەی گایەکان، کە بە هۆی مەرگەوە (کوشتن یاخود هەرجۆرە مردنێکەوە) لەناوچون، بۆ ماوەیەك رێگە لە هەموو جۆرە سەربڕینێك بگیردرێت، لە وەها حاڵەتێکدا چ کەسێك دەستێوەردانی فەرمانی فەرمانڕەوای مەدەنی دەکات بۆ رێگرتنی لە سەربڕینی گاکان، جا مەبەستەکە هەر چییەك بێت؟ بەڵام دەبێت ئاگامان لەوەبێت یاسایەك، کە لەم پێناوەدا دادەڕێژرێت، پێوەندیی بە ئایینەوە نییە، بەڵکو ئاماژەیە بە پرسێکی سیاسی. واتە یاسا هیچ کاری بە رێوڕەسمی قوربانیکردنەوە نییە، بەڵکو رێگە لە سەربڕینی گاکان دەگرێت.

بەمجۆرە جیاوازیی نێوان کڵێسا و دەوڵەتمان بۆ دەردەکەوێت. فەرمانڕەوا ناتوانێت ئەو شتانە لە کڵێسادا

قەدەغەبکات، کە لەدیدی حکومەتەوە یاسایی و ڕێپێدراوە. هەموو ئەو شتانەی خەڵکی ڕەشۆکی بۆیان هەیە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریانبێنن، فەرمانڕەوا ناتوانێت و ناشبێت بە مەبەستی سودی گروپێکی تایبەتی ئایینی، ڕێگەیان لێ بگرێت.

ئەگەر کەسێك بە شێوەیەکی یاسایی، نان یان شەراب لە حاڵەتی دانیشتن، یان بە چۆکداداویی لە خانووەکەیدا بخوات، نابێ یاسا ڕێ لە ئازادیی ئەو عیبادەتە ئایینیەی بگرێت، هەرچەند خواردنی نان و شەراب لە کڵێسادا بە شێوازێکی تایبەت و جیاواز ئەنجامدەدرێت و وەك بەشێك لە دروشم و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی عیبادەتی خوا لەقەڵەمدەدرێت، بەڵام نابێت ئەو مۆڵەتە بە کڵێساکان بدرێت، لەناو ڕێوڕەسمە پیرۆزەکانیاندا، خۆیان بە کاروبارگەلێکەوە سەرقاڵبکەن، کە زۆربەی کات زیان لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خەڵك دەگەینێت، کەواتە لەڕووی یاساییەوە ڕێی لێگیراوە. دەبێت فەرمانڕەوای مەدەنی هەمیشە ئاگای لەوە بێت، کەڵکی خراپ لە دەسەڵاتەکەی وەرنەگرێت، لەپێناوی خێری گشتیدا و هیچ ستەمێك لە کڵێسا نەکات.

ڕەنگە بوترێت ئەگەر گروپێك کافر بێت، چی؟ ئایا دیسانەوە دەبێت فەرمانڕەوا لەگەڵ ئەو گروپە کافرەدا هەڵبکات و لێبوردەییان لەگەڵدا بنوێنێت؟ منیش لە وەڵامدا ئەم پرسیارە دەکەم بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئەو گروپە کافرە، چ دەسەڵاتێك دەتوانرێت بە فەرمانڕەوا ببەخشرێت، کە هەمان دەسەڵات لە کات و شوێنێکی دیکەدا بۆ سەرکوتکردنی گروپی لەسەر حەق بەکارنەهێنرێت؟ دەبێت

هەمیشە ئەوەمان لەیاد بێت، دەسەڵاتی مەدەنی لە هەموو شوێنێکدا یەکسانە و هەموو فەرمانڕەوایەك ئایینی خۆی بە لەسەر حەق دەزانێت، کەواتە ئەگەر لە پرسە مەعنەوییەکاندا، وەها دەسەڵاتێك (دەسەڵاتی سەرکوتکردنی گروپی کافر) بە فەرمانڕەوای مەدەنی بدرێت، وەك چۆن بۆ نموونە لە ژنێڤدا رووی دا، دەشتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لە زەبر و زەنگ و خوێنڕشتن، ئەو ئایینەی کە لە وڵاتەکەیدا وەك ئایینی کوفر و بتپەرستیی ناسراوە، ریشەکێش بکات، هەروەها لەسەر هەمان رەوت فەرمانڕەوای وڵاتی دراوسێش دەتوانێت ئایینی چاکسازیی تێداکراو(ی پڕۆتستان) سەرکوت بکات و لە هندستانیشدا فەرمانڕەوا دەتوانێت کریستیانەکان سەرکوت بکات. دەسەڵاتی مەدەنی، بەپێی ویست و ئیرادەی فەرمانڕەوا هەم دەتوانێت هەموو شتێك لە ئاییندا بگۆڕێت و هەمیش دەتوانێت رێگە لە هەموو جۆرە گۆڕانکارییەك بگرێت. ئەگەر دەسەڵاتی مەدەنی بتوانێت بۆ تەنها جارێك، لەڕێگەی داڕشتنی یاسا و سەپاندنی سزاوە، گۆڕان و وەرگۆڕان لە ئاییندا بێنێتە ئاراوە، چیدی ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەك سنور بۆ کردەوەکانی دابنرێت، هەر بە هەمانشێوە، گۆڕانکاریکردن لە هەموو شتێکدا، بەپێی پێوەری ئەو حەقیقەتەی، کە فەرمانڕەوا بە دروستی دەزانێت، یاسایی و رێپێدراو دەبێت. نابێ هیچ مرۆڤێك لەبەرخاتری هیچ باوەڕێکی ئایینی، لە نیعمەت و بەهرە دنیاییەکانی بێبەش بکرێت. تەنانەت ئەمەریکاییەکانیش کە ژێردەستی فەرمانڕەوای مەسیحین، نابێت لەبەرخاتری ئەوە، کە بیرو باوەڕ و عیبادەتەکانی ئێمەیان قبووڵ نییە،

هیچ زیانێکی چ گیانیی و چ مادییان بەر بکەوێت. ئەگەر ئــەوان بـاوەڕیـان بـەوە هەبێت بە رەچاوکردنی بۆنە و ڕێورەسمە عیبادییەکانی وڵاتەکەی خۆیان، رەزامەندیی خوا مسۆگەردەکەن و لەو رێگەیەوە بەختەوەر دەبن، کەواتە دەبێت وازیانلێبهێنرێت بۆ خۆیان و خوای خۆیان. وەرن با بچینە قوڵایی پرسەکەوە. با وای دابنێین ژمارەیەکی کەمی خەڵکانێکی هــەژار و نــەداری مەسیحیی، دەچنە وڵاتی کافرانەوە. ئەم غەریبانە (کریستیانەکان) داوای یارمەتیی لە خەڵکە کافرەکەی ئەو وڵاتــە دەکــەن و کافرەکانیش لەڕووی رەحم و بەزەیی مرۆڤانەوە، هەندێك کەلوپەلی پێویستی ژیانیان بۆ دابیندەکەن و ماڵ و خانوویان پێدەدەن و بەمجۆرە هەموویان (مەسیحیی و کافرەکان) پێکەوە دەبەسترێنەوە و دەبنە یەك نەتەوە. ئایینی مەسیحیی وردە وردە لەو وڵاتەدا پەرە دەستێنێت و گەشەدەکات، بەڵام ئایینی مەسیحیی ناتوانێت بەجارێك و لەپڕێکدا ببێتە بەهێزترین ئایین و تا کاتێکیش دۆخەکە بۆ کریستیانەکان بەوشێوەیە بێت، ئاشتیی و ئاشتەوایی، ئیمان و یەکسانی ماف، لەناو خەڵکدا دەمێنێتەوە؛ تا ئەوەی، کە فەرمانڕەوای مەدەنی دێتە سەر ئایینی مەسیح و بەمجۆرە گروپەکەیان (واتە کریستیانەکان) زۆر بەهێز دەبێت، پاشان دەسبەجێ سەرجەم گرێبەستەکان هەڵدەوەشێنرێتەوە و هەموو مافە مەدەنییەکان پێشێلدەکرێن و هەوڵی ریشەکێشکردنی کفر و بتپەرستیی دەدرێت. پێدەچێت ئەو کافرە بێتاوانانە (ناکریستیانەکان)، کە هەموو یاسا و رێساکانی ویژدان و دادگەریی و مافە سروشتییەکانیان بەتەواوەتی رەچاو

کـردووه، هەرگیز سەرپێچییان لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان نەکردووه، ئەگەر واز لە ئایینە کۆنەکەی خۆیان نەهێنن و ئەو ئایینە تازە و نامۆیە قبووڵنەکەن، دەبێت هەموو ئەو موڵك و داراییەی لە باوباپیرانیان بۆیان ماوەتەوە، لەبیر بکەن و هیچ ئومێدیان پێی نەبێت، تەنانەت رەنگە لە مافی ژیانیش بێبەشبکرێن، کەواتە دواجار ئەوەمان بۆ روونبووەوە، کە ئەگەر ئەو دەمارگیرییە ئایینیە، کە لە خزمەتی دەزگای کڵێسادایە، تێکەڵ بە حەزی خۆسەپاندن بەسەر خەڵکانی دیکەدا بکرێت، چ رووداوگەلێکی لێدەکەوێتەوە! چۆن بە ناوی ئایین یان چاودێریکردنی رۆحی مرۆڤەکانەوە، دەمامکی تەماحکاریی، تاڵانکاریی و پلەوپایەخوازیی لە دەموچاویان دەدەن!

کەسێك کە باوەڕی بەوە بێت، دەبێت کوفر و بتپەرستیی لەڕێگەی یاسا، سزادان، ئاگر و شمشێرەوە لە هەموو وڵاتاندا ریشەکێش بکرێت، ئەگەر هەر ئەم بەسەرهاتە بۆ خۆی رووبدات چی؟ چونکە هۆکاری ئەم پرسانە چ لە ئەوروپا و چ لە ئەمەریکادا هاوشێوەن. ئەو گروپە دەسەڵاتدارەی، کە دەسەڵاتەکەی بەرهەمی یەکگرتن و یەکێتیی نێوان کڵێسا و کۆشکە، بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە نە کافرانی ئەمەریکا و نە جودابیران و نەیارە کریستیانەکانی بریتانیا لە بەهرە و مافە دنیاییەکانیان بێبەشبکات. ناتوانرێت بەهۆی کێشە ئایینیەکانەوە لەشوێنێکدا زیاتر لە شوێنێکی دیکە، گۆڕانکاریی لە مافە مەدەنییەکاندا بکرێت.

هەندێك کەس پێیانوایە کوفر(بێدینیی)، تاوانە، کەواتە نابێت لێبوردەییان لەگەڵ بنوێنرێت. ئەگەر قسەکەی ئەوان

بەو مانایە بێت، کە دەبێت خۆمان لە کوفر بەدوربگرین، ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە، بەڵام ئەم قسەیە لەوە ناچێت بە مانای ئەوە بێت، کە کوفر لەبەر ئەوە کە تاوانە، کەواتە دەبێت فەرمانڕەوا کافران سزا بدات، چونکە ئەرکی فەرمانڕەوا ئەوە نییە لە هەر ئان و ساتێکدا، کە هەست بە روودانی تاوان یان سەرپێچییەك لەدژی خوا بکات، بە شێوەیەکی یەکسان و (لە هەردوو پرسە ئایینی و مەدەنییەکاندا) شمشێرەکەی بە مەبەستی سزادان بەکاربێنێت. تەماحکاریی، دڵڕەقیی و زۆر شتی تری لەم چەشنەش هەن، کە زۆر کەس بە تاوانیان دەزانن، بەڵام کەس ناڵێ فەرمانڕەوای مەدەنی، دەبێت سزای ئەو جۆرە تاوانانە بداتەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە، ئەم تاوانانە هەرگیز هیچ زیانێك نە بە مافە مرۆییەکانی خەڵکانی دیکە دەگەینن، نە ئاشتیی گشتیی کۆمەڵگە خەوشدار دەکەن. نەخێر لە هیچ وڵاتێکدا تەنانەت هەندێك تاوانی وەك درۆکردن و پەیمانشکێنیی، لەڕێگەی یاساوە سزا نادرێن، مەگەر لەحاڵەتی ئاوارتەدا، کە تەنانەت لەو حاڵەتە ئاوارتانەشدا، رووی سزادانەکە لە گەندەڵیی راستەقینەی ئەم تاوانانە و لێکەوتە قێزەونەکانی نییە، بەڵکو سزادان لەبەرخاتری ئەو زەرەر و زیانەیە، کە بەر کۆمەڵگە یان دراوسێکانی کەسی تاوانکار دەکەوێت. ئەگەر لە وڵاتانی دیکەدا، بەڕای فەرمانڕەوای موسڵمان یان کافری ئەو وڵاتانە، ئایینی مەسیح بە ئایینێکی درۆیین و ساختەچییانە و سوکایەتیکردن بە خوا لەقەڵەم بدرێت، چی؟ ئایا بە پشتبەستن بەم بەڵگانە و بەکارهێنانی هەر ئەم شێوازە، کوشتوبڕ و تەفروتووناکردنی کریستیانەکان لەو وڵاتانەدا دەست پێ ناکەن؟

بەڵام رەنگە دیسانەوە ئەمانە پێداگریی لەسەر بکەن، کە بە پێی شەریعەتی حەزرەتی موسا، دەبێ کافران ریشەکێشبکرێن. ئەمە بە پێی شەریعەتی حەزرەتی موسا تەواو راست و دروستە، بەڵام لەسەر ئێمەی مەسیحیی فەرز نییە. کەس بانگەشەی ئەوەی نەکردووە، کریستیانەکان هەموو ئەو شتانە ئەنجامبدەن، کە لە لایەن شەریعەتی موساوە دارێژراون. هیچ شتێك هیچ و پووچتر لە لێکجیاکردنەوەی یاساگەلی ئاکاریی و شەرعیی، لە یاساکانی رێورەسمە عیبادییەکان نییە، کە مرۆڤەکان رۆژانە کەڵکیان لێوەردەگرن، چونکە هیچ یاسایەکی دارێژراو ناتوانێت تاکەکان ناچار بە ئەنجامدانی کارێك بکات، مەگەر ئەوەی، کە ئەو تاکانە خۆیان یاسایان قبووڵ کردبێت. رستەی «گوێ بگرن ئەی نەتەوەی بەنی ئیسرائیل!» تەواو ئەوە دەردەخات، کە فەرمان و راسپاردە دەسنیشانکراوەکانی شەریعەتی موسا، تەنها تایبەتن بە نەتەوەی بەنی ئیسرائیل. سەرنجدان بەم خاڵە، خۆی وەڵامێکی تەواوە بۆ ئەو کەسانەی کە پێداگریی لەسەر حەقانییەتی شەریعەتی موسادا دەکەن، لەمەڕ سزادانی کافران بە مەرگ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من بە لێوردبوونەوە و تێڕامایێکی زیاترەوە لەم قسەیە دەکۆڵمەوە.

پرسی کافران لە دیدی کۆمەڵگەی جولەکەوە، دوو حاڵەتی هەیە. حاڵەتی یەکەم: ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە تازە هاتونەتە سەر ئایینی حەزرەتی موسا و بوونەتە ئەندامی کۆمەڵگەی جو، بەڵام دوای ماوەیەك وازیان لە پەرستنی خوای نەتەوەی بەنی ئیسرائیل هێنا. لەگەڵ ئەمجۆرە کەسانەدا وەك کەسانێکی سەرپێچیکەر و خائین

هەڵسوکەوت دەکـرا، کە تاوانەکەیان وەکو خیانەتکردن لە فەرمانڕەوا وابوو، چونکە شێوازی بەرەوڕووبوونەوەی حکومەتی جولەکەکان لەگەڵ کافران و بێدینان، جیاوازە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە، حکومەتێکی ئایینی بێسنور و ڕەهایە. لەو حکومەتەدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان دەوڵەت و مەرجەعی ئایینیدا نـەبـوو، نەشدەکرا هەبێت. لەو کۆمەڵگایەدا یاسا دارێژراوەکانی پێوەندیدار بە عیبادەتکردنی خوای تاك و نادیار، هەمان یاسا مەدەنییەکانی خەڵك بوون، بە بەشێك لە یاساکانی سیستمی سیاسییان لەقەڵەمدەدرا. لەڕاستیدا لەوەها کۆمەڵگەیەکدا خوا خۆی یاسادانەر بوو. جا ئەگەر کەسێك بتوانێت لەم سەردەمەدا، کۆمەڵگەیەکم پێ نیشانبدات، کە لەسەر بنەمایەکی لەوجۆرە پێکهاتبێت، منیش ئەوە قبووڵ دەکەم، کە لەو کۆمەڵگەیەدا، دەبێت یاسا ئایینیەکان بەشێك لە یاساگەلی مەدەنی بن و دەتوانرێت و دەشبێت خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت، بە تەواوەتی ملکەچی کڵێسا بکرێن، بەڵام بەپێی وانەکانی ئێنجیل، شتی لەوجۆرە لە کۆمەڵگایەکی مەسیحیدا هەرگیز بوونی نییە. شار و وڵاتگەلێکی زۆر هەبوون، کە ئایینی حەزرەتی مەسیحیان قبووڵکردبوو، بەڵام شێوازە کۆنەکانی حکومەتی خۆیانیان دەپاراست و یاساگەلی مەسیحییەت بە هیچ شێوەیەك دەستێوەردانی شێوازی حکومەتیانی نەدەکرد. دیارە مەسیح ئەوەی فێری مرۆڤەکان کردبوو، کە چۆن لەڕێگەی باوەڕ و کردەوەی چاکەوە دەتوانن بە ژیانی هەتایی بگەن، بەڵام حکومەتی پێکنەهێنا. ئەو، هیچ شێوازێکی تایبەت و تازەی حکومەتکردنی بۆ لایەنگرانی دەسنیشان نەکرد و هەرگیز

شمشێری نەدایە دەست فەرمانڕەوایەکی سیاسی و مۆڵەتی ئەوەی نەدا بەزەبری شمشێر، مرۆڤەکان ناچار بە وازهێنان لەئایینی پێشویان و قبووڵکردنی ئایینەکەی ئەو بکرێن.

دووەم: بێگانەکان و کەسانێك کە لەچاو کۆمەڵگەی بەنی ئیسرائیل وەك بێگانە وابـوون، هیچ کاتێك بەزەبری هێز، ناچار بە قبووڵکردنی شەریعەتی (ئایینی) جو نەبوون، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەر لەو وڵاتەدا فەرمانی لەسێدارەدانی جولەکەیەك دەردەکرا، کە کافر بووبوو، ئەوە لە کاتێکدایە کە بەپێی فەرمانەکانی تەورات، «نابێت بێگانەکان بکەونە بەر ئازاردان و ئەشکەنجەوە«. دان بەم راستییەدا دەنێم، کە حەوت هۆزی دانیشتوی ئەو وڵاتەی، کە بە بەنی ئیسرائیل بەڵێن درابوو، بەتەواوەتی لەناوچوون، بەڵام ئەو کوشتوبڕە، تەنها لەبەر ئەوە نەبوو، کە ئەوان کافر و بتپەرست بوون. چونکە ئەگەر هۆیەکەی ئەوە بوایە، بۆچی «مۆئابییەکان» و هۆزەکانی دیکە کەوتنە بەر لێبوردەییەوە؟ نەخێر، هۆیەکەی ئەوەبوو، کە خوا، بە بێ ئەوەی هیچ هاوەڵێکی هەبێت، تاقە فەرمانڕەوای جولەکەکان بـوو، پەرستنی خوایەکی دیکەی لە وڵاتی «کەنعان»دا پێ قبووڵ نەدەکرا، چونکە بە خیانەتێکی گەورە لە دژی ئەو لەقەڵەم دەدرا، چونکە وەها سەرپێچییەکی ئاشکرا، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ حکومەتی ئەو لە وڵاتێکدا، کە پرسێکی تەواو سیاسی بوو، نەدەهاتەوە. کەواتە، دەبوایە هەموو جۆرە هاوەڵدانان و بتپەرستییەك لە قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی ئەودا ریشەکێش بکرێت، چونکە ئەوە لەڕاستیدا بە مانای سەلماندنی خوایەکی دیکە بوو، واتە سەلماندنی فەرمانڕەوایەکی دیکە، کە دژی شەریعەتی

خوا (فەرمانڕەوای ڕەها)یە. هەربۆیە دانیشتوانی کەنعان لە وڵاتەکەیاندا دەرکران و موڵکایەتی ئەو وڵاتە بەتەواوەتی کەوتە دەستی بەنی ئیسرائیل. هەر لەبەر ئەوەش بوو، کە ڕۆڵەکانی «ئیسحاق» و «لوت ئێمیم»ەکان و«هۆریم»ەکانیان لە وڵاتەکەیاندا دەرکردن و دوای ئەوەش خوا وڵاتەکەیانی بە هێرشکەرەکان بەخشی. هەرچەند بەوشێوەیە کوفر و بتپەرستیی لە وڵاتی کەنعاندا ریشەکێش کرا، بەڵام هەموو کافران و بتپەرستان لەناو نەچوون. سەرجەم ماڵباتی «راحاب» و سەرجەم هۆزی «گیبۆن» کە هاوئایینی هۆزی «یوشع» بوون، بەپێی ڕێککەوتنێك، مۆڵەتی مانەوەیان پێدرا و زۆرێك لە دیلەکان تیایاندا دەژیان، کە کافر و بتپەرست بوون. حەزرەتی «داود» و حەزرەتی «سلێمان»، لەدەرەوەی وڵاتی بەڵێندراو، چەندین وڵاتیان خستە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیانەوە و داگیرکارییەکانیان تا لای ڕووبـاری «فورات» پەرەپێدا. لەناو ئەم هەموو دیلەی کە گرتبوویانن، تەنانەت تاقە کەسێکیش نابینین بە زۆر هێنرابێتە سەر ئایینی جو و ناچار بە پەرستنی خوای لەسەرحەق کرابێت، یان بە هۆی کوفر و بتپەرستییەوە سزا درابێت، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە تاوانباریش بوون. بەدڵنیاییەوە ئەگەر کەسێك بچوبایەتە سەرئایینەکەیان و حەزی بکردایە ئەندامێکی کۆمەڵەکەیان بێت، دەبوایە ملکەچی یاساکانیان بێت، بەو مانایە کە ئایینی ئەوانی قبووڵ کردووە، بەڵام ئەو، ئەمکارەی بە ویست و ئارەزوی خۆی ئەنجامدەدا، نەك بە زۆر و لەژێر گوشاردا. ئەو، بە پێچەوانەی ویستی خۆی ملکەچی ئەو ئایینە نەدەبوو، تاکو بەوشێوەیە ملکەچیی خۆی نیشانی خەڵکانی دیکە

بدات، بەڵکو وەکو نیعمەتێك لە ئایینی دەڕوانی و خوازیاریی بوو، هەرکە ئایینی جوی قبووڵ دەکرد، دەکەوتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی یاساکانی حکومەتەوە، یاساگەلێك کە بەوپێیە، هەموو هێما و کردەوەکانی کوفرو بتپەرستیی لە وڵاتی کەنعاندا ڕێپێنەدراون، بەڵام وەك پێشتریش باسمکرد، ئەو یاسایانە، هیچ یەك لە وڵاتانی دەرەوەی سنورەکانی کەنعان و تەنانەت وڵاتانی ژێردەسەڵاتی جولەکەکانیشی نەدەگرتەوە.

تا ئێرە باسمان لە شێوازە رواڵەتییەکانی عیبادەت کرد و ئێستاش بنەماکانی باوەڕ (ئوسوڵی ئیمان) تاوتوێ دەکەین.

هەندێك لە پرەنسیبەکانی باوەڕ، کردەیین و هەندێکیتریشیان تیۆرین. ئەگەرچی هەرکامەیان هەوڵی دۆزینەوەی مەعریفە دەدەن، بەڵام پرەنسیبە تیۆرییەکان، تەنها پێوەندییان بە زەین و تێگەییشتنی مرۆڤەکانە هەیە و پرەنسیبە کردەییەکان، کاریگەرییان لەسەر ئیرادە و رەفتاری ئەواندا هەیە. باوەڕە تیۆرییەکان و بنەماکانی باوەڕ، وەك چۆن بەو ناوەوە دەناسرێن، تەنها دەبێت لە ریزی بیروباوەڕەکانی خەڵکدا بن و ناتوانرێت لە رێگەی یاسای مەدەنییەوە بەسەر کلێسایەکدا بسەپێنرێن، چونکە کارێکی بێهودە دەبێت ئەگەر یاساکان، فەرمانی ئەنجامدانی کارگەلێك بە خەڵك بدەن، کە توانای ئەنجامدانیان نییە. باوەڕمەندیی بە راست و ناڕاستیی پرسەکان، بەدەست خواست و ئیرادەی ئێمەوە نییە. بەهەرحاڵ، لەمبارەیەوە قسە زۆر کراوە، بەڵام هەندێك کەس دەڵێن لێگەڕێن با هەر هیچ نەبێت مرۆڤەکان وای نیشان بدەن کەسانێکی ئیماندار و باوەڕمەند بە ئایینن. ئەو ئایینە ئازیز و خۆشەویستەی کە مرۆڤەکان ناچار بە ریاکاریی

دەکات و بۆ رزگارکردنی رۆحەکانیان هەم درۆ لەگەڵ خوادا دەکات و هەم لەگەڵ مرۆڤدا!! ئەگەر فەرمانڕەوا پێیوایە دەتوانێت بەوشێوەیە مرۆڤەکان رزگار بکات، دەبێت بڵێین هیچ ئاگاییەکی لە شێوازەکانی بەختەوەریی نییە، بەڵام ئەگەر ئەو کارانە بە مەبەستی رزگارکردنی ئەوان ئەنجامدەدات، کەواتە بۆچی زۆربـەی کات بنەماکانی بـاوەڕ لە شێوەی یاسا(یەکی مەدەنیدا) رێکدەخات؟ (بە واتایەکی دیکە، بۆچی دەیانکاتە یاسای مەدەنیی؟)

جیا لەمانەش، نابێت فەرمانڕەوا رێگە لە لێدوانە ئایینیەکان بگرێت، چونکە ئەو کارانە بە هیچ شێوەیەك پێوەندییان بە مافە مەدەنییەکانی خەڵکەوە نییە. ئەگەر ئەندامێکی کڵێسای کاتۆلیکی رۆم پێیوایە ئەو شتەی، کە خەڵکانی دیکە پێیدەڵێن «نان»، لەڕاستیدا جەستەی مەسیحە، ئەو بەمکارەی هیچ زیانێك بە دراوسێکەی ناگەیەنێت. ئەگەر جولەکەیەك باوەڕی بەوە نەبێت، کە ئینجیل کەلامی خوایە، بەمکارەی هیچ شتێك لە مافە مەدەنییەکانی خەڵك ناگۆڕێت. ئەگەر کافرێك گومانی لە رەسەنایەتیی ئینجیل و تەورات هەبێت، نابێت وەك هاووڵاتییەکی مەترسیدار و شەڕانگێز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و سزا بدرێت. چ کەسێك باوەڕی بەم شتانە هەبێت و چ نەبێت، دەبێت دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و مافی موڵکایەتیی خەڵك وەکو یەك و بە یەکسان بپارێزرێت. من ئەوەم قبووڵە، کە بـاوەڕی کافران پوچ و بێ بنەمان، بەڵام ئەرکی یاساکان، دەسنیشانکردنی راستیی و ناڕاستیی باوەڕەکان نییە، بەڵکو ئەرکی ئەوان، دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی کۆمەڵگە و پاراستنی گیان وماڵی هەموو تاکەکانە.

تەنها ئەوە ئەرکییانە و هیچی‌تر، چونکە ئەگەر بۆ تاقە جارێك واز لە حەقیقەت بێنین و وەك خۆی بیهێڵینەوە، باشتر دەتوانێت خۆی دەربخات. حەقیقەت بەدەگمەن توانیوێتی و لەوەش دەترسم، هەرگیز نەتوانێت یارمەتییەکی ئەوتۆ لە دەسەڵاتی ئەو پیاوە گەورانەوە وەربگرێت، کە بەئەستەم لێی تێگەییشتون و کەمتر رێزیان لێگرتووە. ناتوانرێت لەڕێگەی یاساکانەوە حەقیقەت فێری خەڵك بکرێت (پێیان بناسێنرێت) و پێویستیش ناکات بەزەبری هێز بخرێتە مێشکیانەوە. لەڕاستیدا ناپاکیی و ناڕاستییەکان بە هۆی هێزی دەرەکیی و نـەخـوازراوەوە پەرە دەستێنن، بەڵام ئەگەر حەقیقەت نەتوانێت بە پشتبەستن بە هێزی خۆیەوە دزە بکاتە ناو هزر و مێشکی خەڵکەوە و بۆ ئەو مەبەستە پەنا بباتە بەر هێز و زۆرەملێکردن، چیدی هیچ هێز و دەسەڵاتێکی نامێنێت. ئەمە قسەکانمان بوو سەبارەت بە باوەڕە تیۆرییەکان. ئێستاش باوەڕە کردەییەکان تاوتوێدەکەین.

ژیانێکی باشی پێکهاتوو لە ئایین و تەقوای راستەقینە، لە هەمانکاتدا پێوەندیی بە حکومەتی مەدەنیشەوە هەیە. لە ژیانێکی باشدا، هەم ئاسایشی رۆحی مرۆڤەکان و هەمیش ئاسایشی کۆمەڵگە دابیندەکرێت، کەواتە کردەوەگەلی ئاکاریی، هەم پێوەندییان بە قەڵەمڕەوی داوەری دەروونەوە و هەمیش پێوەندییان بە داوەری دەرەوە هەیە، واتە هەم پێوەندیی بە فەرمانڕەوای مەدەنییەوە هەیە، هەم فەرمانڕەوای دەروون؛ واتە هەم قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی مەدەنیی و هەم ویژدان، بۆیە ئەگەری ئەم مەترسییە گەورەیە لەئارادایە، کە هەرکام لەمانە دەستێوەردانی قەڵەمڕەوی ئەوی دیکەیان

بکات و کێشە و ناتەبایی بکەوێتە نێوان پارێزەری ئاشتیی و ئاسایشی وڵات و پارێزەرانی رۆحی مرۆڤەکانەوە، بەڵام ئەگەر هەموو شتەکانی پێوەندیدار بە سنوری ئەم دوو دەسەڵاتە، کە پێشتر قسەمان لەسەر کرد، بەتەواوەتی رەچاوبکرێن، هەموو کێشە و گرفتەکانی ئەم بابەتە چارەسەر دەبن.

هەموو تاکێك خاوەنی رۆحێکی هەتاییە و دەکرێت بۆ هەتایە بەختەوەر یان بەدبەخت بێت و، بەختەوەریشی بەندە بە باوەڕمەندیی و ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی کە رەزامەندیی خوایان بەدواوەیە و خواش هەر لەبەرئەوە واجبی کردوون. لەم پێشەکییانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە یەکەم: جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیبانە، گەورەترین ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکە و دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلای خۆی بدات بۆ بەدواداگەڕان و چەسپاندنیان، چونکە هیچ شتێك لەم دنیایەدا، بەبەراورد لەگەڵ ئەبەدییەتدا، شایستەی بایەخپێدان نییە. دووەم: چاودێریکردنی مرۆڤەکان کارێکی پێویستە، تاکو بە هۆی باوەڕگەلی چەوت، هەڵە و شێوازی نادروستی عیبادەتەکانیانەوە، دەسدرێژیی نەکەنە سەر مافی یەکدیی، هەروەها سزای هەتایی یەکێکیان، زیان بە ژیانی ئەوی تریان نەگەینێت، کەواتە چاودێریکردنی بەختەوەریی و رزگاریی رۆحی هەموو تاکێك، تەنها پێوەندیی بە خودی خۆیەوە هەیە. نامەوێت وا لە قسەکانم تێبگەن، کە بەتەمای رەتکردنەوەی هەموو ئەو رێنمایی و هەوڵوتەقەلا دڵسۆزانانەم، کە بە مەبەستی چاککردنی هەڵەکانی مرۆڤ ئەنجامدەدرێن. بەدڵنیاییەوە ئەنجامدانی ئەم کارانە، گەورەترین ئەرکی هەموو مەسیحییەکە. هەموو کەسێك

دەتوانێت چەندی بوێت لەپێناوی رزگاریی مرۆڤەکانی دیکەدا قسە و ئامۆژگاریی بکات، بەڵام دەبێت رێگە لە هەموو جۆرە جەبر و زۆرەملێیەك بگیردرێت. نابێت هیچ شتێك بە زۆرەملێ و ناچاریی ئەنجامبدرێت. هیچ مرۆڤێك، پێش ئەوەی قەناعەتی پێبهێنرێت، ناچار نییە ئەمر و فەرمانەکانی دیتران قبووڵبکات. لەم رووەوە هەموو کەسێك توانایەکی رەها و بێسنوری بۆ داوەریکردن لەسەر خۆی هەیە و هۆیەکەشی ئەوەیە هەموو کردارەکانی پێوەندییان تەنها بە خودی خۆی هەیە و هیچ زیانێك بە کەسانیتر ناگەیەنێت.

بەڵام مرۆڤ جگە لە لایەنی رۆحیی، کە نەمرە، ژیانێکی جەستەییشی لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا هەیە، لەبەرئەوە ژیانی مرۆڤ زوتێپەڕ، نا نەمر و ناسەقامگیریشە، کەواتە هەموو مرۆڤەکان پێویستیان بە هەموو جۆرە کەرەستە و ئامڕاز و کەلوپەلێك هەیە، تاکو پارێزگاریی لێ بکەن. ئەم کەلوپەل و ئامڕازانەی ژیانیش، شتانێکن بە هەوڵ و ماندوبوون بەدەستهاتون و پارێزراون، چونکە هەموو ئەو شتانەی بۆ ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیی ژیان پێویستن، هەر لەخۆوە نەهاتونەتە دی، حاز و ئامادە نەخراونەتە بەردەستمان، کەواتە بە شە دنیاییەکەی ژیانی مرۆڤ، پێویستی بە چاودێریی و گرنگی پێدانێکی زیاتر هەیە و دەبێت کەسێکی شیاو، لە ئەستۆی بگرێت، بەڵام سیاچارەیی مرۆڤ لەوەدایە لەجیاتی خۆماندوکردن، حەز دەکات بەری رەنجی کەسانیتر تاڵان بکات، کەواتە پێویستیی دابینکردنی مافی موڵکایەتی مرۆڤ لەئاست ئەو شتانەی، کە بە رەنج و ماندوبوون بەدەستیهێناوە، هەروەها پێویستیی

دابینکردنی ئازادیی کردەوە و توانایەکانی، بە مەبەستی بە دەستهێنانی ئەو شتانەی، کە لە داهاتودا خوازیاریان دەبێت، مرۆڤەکانی ناچارکرد کۆمەڵگەیەك پێکبێنن، کە لەڕێگەی هاریکاریی دولایەنە و هاوبەشەوە، بتوانن پارێزگاریی لە مافی موڵکایەتی خۆیان لە ئاست هەموو ئەو شتانەدا بکەن، کە ئاسایش و بەختەوەریی ژیانی دنیایان بۆ دابیندەکات. ئەوە لە کاتێکدایە، کە چاودێریکردنی بەختەوەریی دنیای ئاخرەتی هەموو کەسێکیش بە خۆی سپێردراوە، چونکە گەییشتن بە بەختەوەریی دنیای ئاخرەت، نە بە هۆی هەوڵ و تەقەلایەکی دیکەوە دەستەبەر دەبێت و نە نەبوونیشی زیان بە کەسانی دیکە دەگەینێت. هەروەها ناتوانرێت هیوایەتی بەختەوەریی دنیای ئاخرەت، بە هێزی دنیایی لەناو ببرێت، بەڵام ئەگەرچی مرۆڤەکان دەچنە ناو کۆمەڵگایەکەوە، کە بە پێی رێککەوتنی هەردوو لا بۆ مەبەستی بەرگریکردن لە موڵك و ماڵ و داراییەکانیان پێکهێنراوە، بەڵام رەنگە موڵك و ماڵەکانیان بەهۆی فرِوفێڵ و دزیی هاوڵاتییان، یان دەسدرێژیکردنی دوژمنکارانەی کەسانی بێگانەوە بکەوێتە مەترسییەوە. چارەسەری گرفتی دووەم (واتە بێگانەکان)، سوپا، پارە و زیادبوونی ژمارەی حەشامەتی دانیشتوانی وڵاتە و چارەسەری گرفتی یەکەم (واتە هاوڵاتییان)، دارِشتنی یاسا و مافی چاودێریکردنی هەموو ئەو شتانەیە، کە پێوەندییان بە دوژمنی ناوەکیی، دەرەکییەوە هەیە و لە لایەن کۆمەڵگەوە سپێردراوەتە دەست فەرمانرِەوای سیاسی. ئەمە هۆی هاتنەئارای یاسادانەرە و ئەوەش قازانجیەتی، ئەوەش رادەی دەسەڵاتی کەسێکە، کە لە وڵاتێکدا دەسەڵاتی رەهایە.

بەڕای من بە مەبەستی پاراستن و دابینکردنی موڵکایەتیی تاکە کەسیی هەموو مرۆڤەکان، دەبێت ئەم هۆکارە (واتە یاسادانەر) بێتەئاراوە؛ واتە بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتیی، موڵك، ماڵی گشتیی و بەهێزترکردنی هێزی رۆحیی خەڵك بۆ روتەڵبوونەوەی دەسدرێژیی بێگەنەکان، بوونی ئەم ئامرازانە پێویستە.

ئێستا کە ئەم بابەتەمان روونکردەوە، دەتوانین بەئاسانیی لەوە تێبگەین، کە دەسەڵاتی یاسادانەر، دەبێت بەدوای (دابینکردنی) چ ئامانجێکدا بێت و بە هۆی چ رێساگەلێکەوە یاسامەند دەبێت. لەم بابەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تاقە هۆی ئەندامبوونی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا و تاقە شتێك، کە لە کۆمەڵگەدا بەدوایەوەن، (دابینکردنی) بەختەوەریی دنیا و (بەدەستهێنانی) سەروەت و سامانە رواڵەتییەکانی کۆمەڵگەیە، هەروەها ئەوشمان بۆ روونبووەوە، کە ئازادیی مرۆڤ، لەپێوەندیی لەگەڵ بەختەوەریی ئەبەدیدا بە پارێزراویی دەمێنێتەوە و هەر بەو هۆیەشەوەیە، کە دەبێت هەموو تاکێك کردەوەیەك ئەنجامبدات، کە ویژدانی قبووڵی کـردووە. ئەو کردەوەیە قبووڵی بارەگای خوای بەتوانایە؛ بەتوانایەکی رەها کە بەختەوەریی ئەبەدیی، بەندە بەڕەزامەندیی ئەوەوە، چونکە ئەرکی مرۆڤ، یەکەم، عیبادەت، بەندەگیی خوایە، پاشان ملکەچبوون بەرامبەر بە یاسا مەدەنییەکان.

رەنگە هەندێك کەس ئەم پرسیارە بکەن، ئەگەر فەرمانڕەوا بە پشتبەستن بە دەسەڵاتەکەی خـۆی، خەڵك بە شتێك فەرمان بدات، کە لەگەڵ ویژدانیاندا نەیەتەوە چی؟ وەڵامی

من ئەمەیە ئەگەر حکومەت بە دڵسۆزیی و ڕاستگۆییەوە بەڕێوەببرێت و فەرمانەکانی فەرمانڕەواش لە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵك بێت، وەها شتێك بەدەگمەن ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر هات و شتی لەوجۆرە ڕوویدا، بەڕای من دەبێت ئەو کەسە (واتە هاوڵاتی) خۆی لە کردەوەیەك، کە بە خراپی دەزانێت بەدوربگرێت، لە هەمانکاتدا دەبێت ئەو سزایەش تەحەمولبکات، کە بۆی دەبڕنەوە و بە نادروستیشی دەزانێت، چونکە لە کاروبارە سیاسییەکاندا چارەنوسی هەڵسەنگاندنی تاکەکان بۆ یاساکان دەسنیشانکراوە، لە هەمانکاتدا بەرژەوەندیی گشتیی ڕێ لەجێبەجێکردنی سزاکانی یاسا ناگرێت و ناکرێت سزاکانی یاسا پوچەڵ بکرێتەوە، یان پشتگوێبخرێت، بەڵام ئەگەر یاسا سەبارەت بە شتگەلێك بێت، کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادان، بۆ نموونە خەڵك، یان ژمارەیەك لە خەڵك، ناچار بە قبووڵکردنی ئایینی فەرمیی بکرێن و لە عیبادەت و ڕێوڕەسمە عیبادییەکانیاندا پێڕەویی لە کڵێسایەکی دیکە بکەن، لەو حاڵەتەدا ئەوان ناچار نین بە هۆی ئەو یاسایەوە، لەدژی پرسە ویژدانییەکانی خۆیان بوەستن، چونکە کۆمەڵگەی سیاسی، تەنها و تەنها بۆ دابینکردن و پاراستنی موڵکایەتی مرۆڤەکان لە کارگەلی پێوەندیدار بە ژیانی دنیاییەوە هاتۆتە ئاراوە. پارێزگاریکردن لە ڕۆحی مرۆڤەکان و چاودێریکردنی کاروبارەکانی پێوەندیدار بە بەختەوەریی ئەبەدییەوە، هیچ پێوەندییەکی بە حکومەتەوە نییە و ناشکرێت بخرێتە ژێر کۆنترۆڵییەوە، بەڵکو بەختەوەریی ڕۆحی مرۆڤەکان بە تەواوەتی دراوەتـە دەست خۆیان. فەرمانڕەوا بۆی نییە شتە دنیاییەکان لە مرۆڤەکان بە گشتیی

یان لە هەندێکیان بستێنێتەوە و بیبەخشێت بە هەندێکی دیکەیان. ئەو تەنانەت بە پشتبەستن بە یاساشەوە ناتوانێت موڵك و ماڵی هاوڵاتییان لەناو (دەستوپێوەندەکانی) خۆیدا ئاڵوگۆڕ پێ بکات. چونکە ئەم پرسانە هیچ پێوەندییەکیان بە ئامانجی حکومەتی مەدەنییەوە نییە؛ مەبەستم لەوەیە، کە نابێت فەرمانڕەواکان بە بیانوی ئایینەوە، چ دروستبێت و چ نادروست بێت، زیان بە کارە دنیاییەکانی هاوڵاتییانی خۆیان بگەیەنن، چونکە حکومەت تەنها بۆی هەیە چاودێریی ئەم کارانە بکات.

ڕەنگە هەندێك کەس بپرسن ئەگەر فەرمانڕەوا پێیوابێت، کە وەها یاسایەك لە بەرژەوەندیی گشتیدایە چی؟ وەڵامی من ئەمەیە، کە ئەگەر تەنانەت داوەریکردنی شەخسیی تاکەکان هەڵەش بێت، بەو حاڵەشەوە چاوپۆشییان لێناکرێت و سزا دەدرێن، کەواتە داوەریکردنی شەخسیی فەرمانڕەواش-کە من ئاوا ناوی دەبەم-هیچ مافێکی تازەی پێ نادات بۆ سەپاندنی یاساکان بەسەر خەڵکانی ژێردەستیدا، چونکە وەها مافێك نە لە دەستوری حکومەتدا پێی دەبەخشرێت، نە خەڵکیش بۆیان هەیە مافێکی وەهای پێ ببەخشن. ئەگەر وەها مافێك بە فەرمانڕەوا ببەخشرێت، کەمترین دەرەنجامی ئەوە دەبێت لە ڕێگەی تاڵانکردنی خەڵکەوە، سیاسەتێکی وەها دەگرێتەبەر، کە ئامانجەکەی بریتیی دەبێت لە دەوڵەمەندکردن و بە پلەوپایە گەیاندنی لایەنگران و هاوگروپەکانی خۆی، بەڵام ئەگەر فەرمانڕەوای سیاسی، پێیوابێت مافی وەها کارێکی هەیە و ئەو یاسایانەش لە بەرژەوەندیی گشتیدان، بەڵام خەڵکانی ژێردەسەڵاتەکەی، ڕایەکی پێچەوانەی ئەوەیان

هەبێت، چی؟ کێ دەبێت لەنێوانیاندا دادوەریی بکات؟ وەڵامی من ئەوەیە، کە تەنها خوا، چونکە هیچ دادوەرێك لەسەر زەوی بوونی نییە، بتوانێت لەنێوان فەرمانڕەوای دەسەڵاتدار و خەڵکدا دادوەریی بکات. بەڕای من دەبێت لەم بارەیەوە، تەنها خوا حوکم بکات، خوایەك کە لە دوارِۆژدا (رۆژی پەسڵان)، هەموو کەسێك بەپێی کار و کردەوەکانی سزا دەدات، واتە هەرکەسێك، چەند هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانە و راستگۆیانەی لەپێناوی پەرەپێدانی تەقوا و بەختەوەریی خەڵك و ئاشتەوایی مرۆڤەکاندا دابێت، بە هەمان رادەش پاداش دەکرێت، بەڵام ئایا لەم مەودا زەمەنییەی، کە تا رۆژی پەسڵان ماوە، دەبێت چی بکەین؟ وەڵامی من ئەوەیە، کە دەبێت هەرکەسەو پێش هەموو شتێك، گرینگیی بە نەفسی خۆی بدات، و پاشان بە بەرژەوەندیی گشتیی. هەرچەند هێشتاکەش ژمارەیەکی کەمی خەڵك هەن پێیانوایە لە وەها کۆمەڵگەیەکدا ئاشتیی و ئاسایش بوونی هەیە، لە کاتێکدا بە چاوی خۆیان دەبینن هەموو شتێك وێران کراوە. دوو جۆر رکابەریی و ململانێ لەناو مرۆڤەکان هەیە، یەکێکیان ملکەچی یاسایە و ئەوی تریان، لەڕێگەی زۆر، زەبر و زەنگەوە کارەکانی بەرەو پێشەوە دەبات و هەردووکیشیان لە ناوەڕۆکدا بەو شێوەیەن، کە هەمیشە کۆتاییهاتنی یەکێکیان، دەسپێکردنی ئەوی تریانی بەدواوە دەبێت. بە تەمای ئەوە نیم دەستوری وڵاتە جۆراوجۆرەکان تاوتوێ بکەم، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەگەر مشتومڕێك بێتەئاراوە و دادوەرێك نەبێت، ئەم مشتومڕ و دەمەقاڵانە چارەسەر بکات، ئایا چی روودەدات؟ رەنگە بڵێن، چونکە فەرمانڕەوا بەهێزترە، ویست و ئیرادەی

خۆی دەسەپێنێت و قسەکانی خۆی دەچەسپێنێت، بێگومان وایە، بەڵام پرسەکە لێرەدا ئەوە نییە ئایا شتی وا روودەدات یان نا، بەڵکو پرسەکە پێوەندیی بە شێوازی حوکمڕانیی راست و دروستەوە هەیە.

با ئێستە بچینە سەر وردەکارییەکان. بەڕای من دەبێت فەرمانڕەوا هەموو ئەو بیروباوەڕانەی، کە هیچ دژایەتییەکیان نییە لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆیی و ئەو پێوەرە ئاکارییانەی، کە بە درێژەکێشانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستن، تەحەمولبکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە بیروباوەڕگەلی لەوجۆرە لە کڵێساکاندا بە دەگمەن دەبینرێت، چونکە هیچ گروپێك بە ئاسانیی ناگاتە ئەو پلەی گەمژەیی و نەفامییە، کە وای پێ باش بێت بە مەبەستی فێرکردنی وانە ئایینیەکان، شتگەلێك فێر بکات، کە بە ئاشکرا بناغەکانی کۆمەڵگە هەڵدەتەکێنن و بەوجۆرە بە داوەریکردنی هەموو مرۆڤەکان تاوانبار بکرێت، چونکە لەو حاڵەتەدا بەرژەوەندیی، ئاسایش، پێگە، کەسایەتی و هەموو شتێکیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

گێچەڵێکی شـاراوە و گەورەتر کە بۆ کۆمەڵگە زۆر مەترسیدارە، بارودۆخێکە کە مرۆڤەکان تیایدا هەندێك مافی تایبەت بۆ خۆیان و هاوگروپەکانیان قایلبن و ئەو مافە نابەجێیانەش لە پشت پەردەی وشەگەلێکی درۆیین و فێڵبازانەدا بشارنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە ئەو ئیمتیازە نابەجێیانە، دژی مافە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەن. بۆ نموونە ناتوانین هیچ گروپێك بەدیی بکەین، کە بە ئاشکرا و راشکاوانە پڕوپاگەندە بۆ ئەوە بکات، کە مرۆڤەکان ناچار نین بە بەڵێنەکانیان وەفادار بن، یان ئەوە رابگەینن کەسانێك کە

باوەڕی جیاواز لەباوەڕی پاشایان هەیە، دەتوانن دەسەڵاتی لێ وەربگرنەوە، یان ئەوە، کە فەرمانڕەوایی بەسەر هەموو شتێکدا بە تەواوەتی تایبەت بەوانە، چونکە بیروباوەڕ کە وەها بە ئاشکرا و راشکاوانە دەخرێنەڕوو، دەسبەجێ بیر و مێشکی فەرمانڕەوا بۆ لای خۆی رادەکێشێت و هزری کۆمەڵگەش لەوە ئاگادار و هۆشیاردەکاتەوە، کە ئاگای لەپەرەسەندنی وەها شەڕ و گێچەڵێکی مەترسیدار هەبێت، بەڵام کەسانێك دەبینین، کە هەر ئەم کردەوە (شەیتانییانە) لەڕێگەی وشەگەلێکی دیکەوە دەردەبڕن. ئەوانەی ئەم وانەیە فێردەکەن کە: «نابێت لەگەڵ بێدینەکاندا راستگۆ بین»، ئایا بێجگە لەوە، دەبێت مەبەستیان چی بێت؟ لەڕاستیدا مەبەستیان ئەوەیە، کە تەنها ئەوان مافی شکاندنی پەیمان و بەڵێنیان هەیە، چونکە ئەوان هەموو ئەو کەسانە بە بێدین دەزانن، کە سەر بە گروپەکەی خۆیان نین و لایکەم هەر کاتێك بە پێویستیان زانی، تۆمەتێکی لەو جۆرەیان دەخەنە پاڵ.

مەبەستی ئەوان لەو قسەیە کە «ئەگەر پاشا تەکفیر بکرێت، تاج و تەختی پاشایەتیی خۆی لە دەستدەدات» چییە؟ روون و ئاشکرایە، کە بەمجۆرە، مافی لەسەرکارلابردنی پاشاکان بە هی خۆیان دەزانن، چونکە پێیانوایە مافی تەکفیرکردن، مافی تایبەتیی کەسایەتییە ئایینیەکانی خۆیانە. ئەم رستەیەش «حکومەت خەڵاتێکی خواییە»، قسەیەکە لە لایەن ئەوانەوە دەرخستە کراوە و بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات، کە خاوەنی هەموو شتێکن. بۆیە ئەوان پێویستیان بەوە نییە خۆیان وەك باوەڕدار و دینداری راستەقینە

نیشانبدەن، کەواتە ئەم کەسانە و کەسانی وەك ئەوانیش، کەسانێکن تەنها خۆیان بە باوەڕدار و دیندار و راستئەندێش دەزانن و لەڕاستیدا، ئەگەر بە کورتیی بڵێین، هەموو مافە تایبەتەکان، یان دەسەڵاتی زاڵبون بەسەر مرۆڤەکان بە هی خۆیان دەزانن و کەسانێکن، کە بەناوی ئایینەوە، بە هەموو شێوەیەك لەدژی هەموو دەسەڵاتێك دەوەستنەوە، کە سەر بە گروپە ئایینیەکەی ئەوان نییە. بەڕای من، نابێت فەرمانڕەوا بە هیچ شێوەیەك لێبوردەیی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بنوێنێت، کە نە لێبوردەیی بە ئەرکی خۆیان دەزانن و نە فێری مرۆڤەکانی تریشی دەکەن. هەموو ئەم بۆچوون و تیۆرە وێکچوانە (کە هیچ مافێك بۆ ئەوانیدی دانانێن)، ئاماژە بە چی دەکەن؟ ئایا تەنها ئەوە نییە، کە دەیانەوێت لە هەلێکی گونجاودا پۆستەکانی حکومەت داگیربکەن و موڵك و ماڵ و دارایی هاووڵاتییەکانیان تاڵان بکەن؟ تەنها تا کاتێك، کە بە قەدەر پێویست بە دەسەڵات نەگەییشتون، چاوەڕێی لێبوردەیی لە فەرمانڕەوا دەکەن.

جیا لـەوەش، فەرمانڕەوای سیاسی نابێت لێبوردەیی بەرانبەر بە کڵێسایەك بنوێنێت، کە لەسەر بناغەیەکی وا دامـەزراوە کە هەرکەسێك بوو بە ئەندامی، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك دەکەوێتە خزمەتی پاشا و لە پشتیوانیی پاشا سودمەند دەبێت، چونکە لێبوردەیی لە بەرامبەر وەها کڵێسایەکدا بەو مانایە دەبێت، کە فەرمانڕەوا مۆڵەتی جێگیربوونی دەسەڵاتی دەرەکی لە وڵاتەکەی خۆیدا داوە. ئەم مۆڵەتەشی بە خەڵك داوە بچنە ریزی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتەکەی خۆیەوە. جیاکردنەوەی هەڵە و نادروستی

کۆشك و کڵێسا ناتوانێت ئەم ناسازگارییە چارەسەر بکات، بە تایبەت کاتێك هەم کڵێسا و هەم کۆشك هێندەی یەك، لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای تاکێکدا بن، کە نەك تەنها دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەندامانی کڵێساکەی خۆی، بۆ جێبەجێکردنی ویست و داخوازییەکانی هان بدات-داخوازیگەلێك، کە دەشێت تەنها ئایینی بن و هیچی تر، یان ئامرازگەلێك بن بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانی-بەڵکو دەشتوانێت بە پەنابردنە بەر ئازار و ئەشکەنجە، ژیانی ئاخرەتیان بخاتە ژێر ڕکێفی داخوازییەکانییەوە. شتێکی زۆر پێکەنیناوییە کەسێك لەڕووی ئایینیەوە خۆی تەنها و تەنها بە شوێنکەوتەی حەزرەتی موحەمەد بزانێت، بەڵام لە هەموو شتەکانی دیکەدا وەفادار بە فەرمانڕەوای مەسیحیی بێت، لە کاتێکدا هەر لەو کات و ساتەشدا ئەوەی قبووڵە، کە دەبێت بە تەواوەتی ملکەچی فەرمانەکانی موفتیی کۆنستانتین بێت، هەمان ئەو موفتییەی کە ئەویش بە تەواوەتی ملکەچی فەرمانەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە و فەرمانە خواییەکان بە پێی ویست و ئارەزوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی دەردەبڕێت، کەواتە ئەو موسڵمانەی لەناو کریستیانەکاندا دەژی، دیارە حکومەتی کریستیانەکانی قبووڵنییە، چونکە ئەوەی قبووڵکردووە کەسێك، کە ڕێبەری ئایینیەتی، فەرمانڕەوای دەسەڵاتداری حکومەتیشە.

دوا قسەم ئەوەیە، کە نابێت ئەوانەی حاشا لە بوونی خوا دەکەن، بەهیچ شێوەیەك بکەونە بەر لێبوردەیی. بەڵێنەکان، پەیماننامەکان و سوێندەکان، کە کۆمەڵگەی مرۆیی پابەندەکەن، ناتوانن هیچ پابەندیی و دەروەستییەك

بۆ کەسی بێدین بێننە ئاراوە، چونکە روو وەرگێڕانەوە لە خوا، تەنانەت ئەگەر لە زەین و هزریشدا بێت، هەموو ئەوانە بێبایەخ دەکات. جیا لەمانەش، کەسانێك، کە بە بێدینیی خۆیان هەموو ئایینەکان بێهێزدەکەن و لەناو دەبەن، بە هیچ شێوەیەك بۆیان نییە بە خۆدەرخستن وەك کەسانی دیندار، لە مافی لێبوردەیی بەهرەمەند بن، بەڵام سەبارەت بە باوەڕە کردەییەکان، ئەگەرچی ئەمانەش دوور لە هەڵە و لادان نین، بەڵام ئەگەر شوێنکەوتەکانی ئەم باوەڕانە هەوڵی ئەوە نەدەن، کە خەڵکانی دیکە بخەنە ژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوە، یان بە تەما نەبن ئەو گروپەی، کە ئەو جۆرە باوەڕانەیان فێردەکات لەمافی ئاسایشی مەدەنی بەهرەمەند بکەن، لەو حاڵەتەدا هیچ بیانویەك لە ئارادا نییە بە لێبوردەییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەکرێت.

دەبێ بابەتێك روونبکەمەوە و ئەویش سەبارەتە بە کۆمەڵە تایبەتییەکان، کە بە شێوەیەکی رەشۆکییانە، بە کۆمەڵگەلی نهێنیی، نایاسایی، جێی گەشە کردنی گروپ و تاقمە ئاژاوەگێڕەکان ناویان دەبرێت و پێدەچێت بوونی ئەمجۆرە کۆمەڵە نهێنیی و نایاساییانە، خۆی بەڵگەیەك بێت بۆ دژایەتیکردنی پرەنسیبی لێبوردەیی، بەڵام بوونی کۆمەڵگەلی نهێنیی، بەهۆی شتێکی تایبەتیی لە شێواز و رەوشیاندا نییە، بەڵکو دەرئەنجامی هەلومەرجی نالەباری هەڵقوڵاوی سەرکوتکردنی ئازادیی، یان بە ناتەواوی جێبەجێکردنیەتی. ئەگەر پرەنسیبی لێبوردەیی و هەڵکردن پیادەبکرێن، ئەمجۆرە

تۆمەتانە بە خێرایی لەناودەچن؛ واتە ئـەوە، کە هەموو گروپەکان بە ئەرکی خۆیانی بزانن پەرەنسیبی لێبوردەیی، هەڵکردن بکەنە بناغە، کۆڵەکەی ئازادییەکەیان و ئەوەش فێر (ی خەڵك) بکەن، کە چ بۆ خۆیان و چ بۆ کەسانی دیکەش ئازادیی ویژدان بە یەك ڕێژە مافی سروشتیی هەموو مرۆڤێکە و نابێت هیچ کەسێك لە کاررە ئایینیەکاندا، چ لەڕێگەی یاسا و چ بەزەبری هێز و زۆر، ناچار بکرێت. بەدیهاتنی هەر ئەم پرسە، هەموو بوارەکانی ناڕەزایی و شڵەژاوێتییەکانی ویژدان لەناو دەبات و هۆکارەکانی ناکۆکیی و دوژمنکاریی بەتەواوەتی دەسڕێتەوە و ئەم کۆمەڵە نهێنییانەش هیچ پرسێکیان نامێنێت، جگە لەوەی کە لەبەرامبەر کۆمەڵەکانی دیکەدا، ئاشتیخوازانەتر دەجوڵێنەوە و بواری کەمتریان بۆ ئاژاوەخستنەوە لەناو دەوڵەتدا دەبێت. ئێستا با بە شێوەیەکی وردبینانەتر سەرچاوەکانی ئەم تۆمەتبارکردنانە تاوتوێبکەین.

ئێوە دەڵێن کۆمەڵەکان و گردبوونەوەکان، ئاشتی گشتیی دەخەنە مەترسییەوە و هەڕەشە لە مانەوەی دەوڵەت دەکەن. وەڵامی من ئەوەیە ئەگەر وا بێت، بۆچی هەموو ڕۆژێك دانیشتن و کۆبوونەوەگەلێکی زۆر، لە بازاڕ و دادگاکانی دادوەراندا ڕێکدەخرێت؟ بۆچی خەڵك بۆ کڕین و فرۆشتن لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە؟ بۆچی گردبوونەوەی خەڵك لە شاردا کارێکی ڕەوا و پەسەندە؟ ڕەنگە وا وەڵامبدەنەوە، کە ئەمانە کۆمەڵی مەدەنین و ئێمە دژی کۆمەڵ و گردبوونەوە ئایینیەکانین. منیش ئـاوا وەڵامـدەدەمـەوە، ڕەنگە ئەو کۆمەڵانەی بەتەواوەتی لە پرسە مەدەنییەکان دوورن،

بواری زیاتریان بۆ شەڕ و کێشمەکێش هەبێت، بەڵام جێی سەرسوڕمانە، کۆمەڵە مەدەنییەکان لە مرۆڤگەلێك پێکهاتوون، کە لە پرسە ئایینیەکاندا جیاوازییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، لەکاتێکدا کۆمەڵە ئایینیەکان لە کەسانێك پێکهاتوون، کە هەموویان هاوبیروڕان! وەك بڵێی سەبارەت بە پرسە ئایینیەکان وا ڕێککەوتن کرابێت، کە ئەوان پیلانگەلێکن لەدژی حکومەت و وەك بڵێی مرۆڤەکان بەبێ هەبوونی ئازادیی لە کۆمەڵگەدا بە نیەتپاکیی و راستگۆییەوە لەسەر پرسە ئایینیەکان یەك ناگرنەوە و دەنگیان ناخەنە پاڵ دەنگی یەکدی. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت، کۆمەڵگە مەدەنییەکان کۆمەڵگاگەلێکی کراوە و ئـازادن و هەموو کەسێك بۆی هەیە بچێتە ناویانەوە، کەواتە هەندێك هەلی لەبار بۆ هەندێك پیلانگێڕیی نهێنی دەڕەخسێنن. وەڵامی من ئەوەیە، کە ئەوە بانگەشەیەکی تەواو هەڵەیە، چونکە چەندین کۆمەڵی جۆراوجۆری مەدەنی هەن، کە بۆ هەموو کەسێك کراوە و ئازاد نین. من ئەو پرسیارە لە ئێوە دەکەم، ئەگەر هەندێك کۆمەڵی ئایینی، نهێنی و شاراوەن، تاوانەکەی لە ئەستۆی کێیە؟ ئایا کەسانێك، کە خوازیاری حـزوری کۆمەڵایەتی ئەمجۆرە کۆمەڵانەن تاوانبارن، یان ئەوانەی کە ڕێ لە حزوری کۆمەڵایەتییانەی ئەمجۆرە کۆمەڵانە دەگرن؟ جیا لەوەش ئێوە پێتانوایە گروپە ئایینیەکان بە شێوەیەك گەشە دەکـەن، بیر و ئەندێشەی مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستنەوە، یەکگرتوویان دەکـەن، کەواتە زۆر مەترسیدارن، بەڵام ئەگەر وابێت، کەواتە بۆچی فەرمانڕەوا لەو کڵێسایە ناترسێت، کە هی خۆیەتی و بۆچی

ڕێ لە کۆمەڵەکەی ئەوان ناگرێت بە بیانوی ئەوە، کە بۆ حکومەتەکەی مەترسیدارن؟ ئێوە دەڵێن چونکە خودی ئەو، ئەندام و تەنانەت سەرکردەیانە، بەڵام پێدەچێت ئەوەتان لەبیرکردبێت کە ئەو، تەنها ئەندامێکی کۆمەڵگەیە و ڕێبەری هەموو خەڵك نییە.

با باشتر بابەتەکە ڕوونتربکەینەوە. بوونی کڵێساکانی دیکە بۆ فەرمانڕەوا مایەی مەترسییە، بەڵام هیچ ترسێکی لە کڵێساکەی خۆی نییە، بۆیە بە میهرەبانیی و نەرمونیانیی لەگەڵ کڵێساکەی خۆیدا دەجووڵێتەوە، بەڵام بەرامبەر کڵێساکانیتر دڵڕەق و بێبەزەییە. لەگەڵ ئەندامانی کڵێساکەی خۆیدا وەکو منداڵ (بە نەرمیی) ڕەفتار دەکات و تەنانەت ئەگەر شەڕانگێز و سەرکەشیش بن، لێیان خۆش دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوانیتر وەکو کۆیلە ڕەفتار دەکات و هەرچەند پاك و بێتاوانیش بن، بەدڕەفتارییان لەگەڵدا دەکـات و بەوپەڕی دڵڕەقیی لەگەڵیاندا دەجولێتەوە، بەندیاندەکات، موڵك و داراییان زەوتدەکات، تەنانەت بە مەرگ سزایان دەدات. پشتیوانیی لە هاوئایینەکانی خۆی دەکات، نەیاران دەداتە بەر قامچی و دەیانچەوسێنێتەوە. لە کاتێکدا ئەگەر ڕێگەیەکی تر بگرێتەبەر، یان ڕێ بە نەیارە ئایینیەکانی بدات وەکو تاکەکانیتری ناو کۆمەڵگە لە مافە مەدەنییەکان سودمەند بن، بە زوترین کات بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو دانیشتن و کۆبوونەوە ئایینیانە هیچ مەترسییان نییە، کەواتە ئەگەر کەسانێك لە پیلانگێڕییەکی ئاژاوەگێڕانەدا بەشداریی دەکەن، نابێت پێیانوابێت ئیلهامیان لە دانیشتن و کۆبوونەوە ئایینیەکان وەرگرتووە، بەڵکو ئەو زوڵمەی دەرحەقیان کراوە،

وایان لێدەکات هەوڵی خۆڕزگارکردن لەو بارودۆخە ترسناکە بدەن.

حکومەتە دادپەروەر و میانەڕۆکان لە هەر کوێیەك بن لە ئەمن و ئاسایشدا دەبن، بەڵام ستەمکاریی و چەوساندنەوە، هەڵچون و تورەیی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە و وا لە خەڵك دەکات بۆ رزگاربوون لە چەرمەسەریی و ستەمکاریی، قوڵی لێهەڵماڵن. ئەوەم قبووڵە زۆربەی ئاژاوەگێڕییەکان بە هۆی پاڵنەرە ئایینیەکانەوە سەریانهەڵداوە، بەڵام ئەوەش راستە، کە زۆرجـار لەگەڵ خەڵکانی ژێردەست(خەڵکی رەشۆکی کۆمەڵگە)دا رەفتاری سوك و نەشیاو کراوە و ژیانێکی نالەباریان هەبووە. دڵنیابن هۆکاری ئەم کێشمەکێشانە رەفتاری تایبەتی فلان، یان فیسار کڵێسا، یان کۆمەڵگەی ئایینی نییە، بەڵکو هەڵقوڵاوی حەز و ویستی گشتیی و هاوبەشی مرۆڤەکانە، چونکە کاتێك دەکەونە ژێرباری قورسی هەندێك داسەپاندنی ناخۆشەوە، بە شێوەیەکی خۆڕسك هەوڵی لێکردنەوەی پەتی کۆیلایەتی دەدەن. با وایدابنێین ئەم ناکۆکییە ئایینیانە هەر نەبوونایە، هەندێك شتیتر، جیاوازیی لەناو مرۆڤەکاندا بهێنایەتە ئاراوە، بۆ نموونە تاکەکانی مرۆڤ لەڕووی قەڵافەت و ئەندام و رووخسارەوە لەیەکدی جیاکرابانەوە و بۆ نموونە وایان دەسنیشان بکردایە، کە کەسانی قژ رەش یان چاو مۆر ، نابێت لە مافی یەکسانی وەکو هاوڵاتییانی دیکە سودمەند بن، یان ئەمجۆرە کەسانە، بۆیان نییە کڕین، فرۆشتن بکەن و لەڕێگەی کار یان پیشەیەکەوە ژیانیان بەسەر بەرن، یان ئەمجۆرە دایك و باوکانە بۆیان نییە بە ویستی خۆیان، پـەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیان لەئەستۆدا بێت، یان

وایان دابنایە ئەمجۆرە کەسانە دەبێت لە هەموو مافەکانی یاسا بێبەش بن و دەبێت بە شێوەیەکی لایەنگیرانە و بەڕق و نەفرەتەوە دادوەرییان لەسەر بکرێت. ئایا دەتوانین گومان لەوەدا بکەین، ئەمجۆرە کەسانە، کە بەهۆی ڕەنگی قژ و چاو لەخەڵکیتر جیاکراونەتەوە و بەهۆی چەوساندنەوەی هاوبەشەوە یەکیان گرتووە، هێندەی ئەو گروپە ئایینیانەی، کە بە بیانوگەلی ئایینیەوە لەدەوری یەکدیی کۆبوونەتەوە، مەترسی بۆ فەرمانڕەوا بنێنەوە؟ هەندێك کەس بە مەبەستی بازرگانیی و قازانج دەبنە ئەندامی گروپ، یان تاقمێك و هەندێکیتر بە مەبەستی بەدەستهێنانی داهات ئەنجومەنەکەی خۆیان بۆ شەرابە سورەکەی دەوێت، کەواتە دراوسێیەتی و هاوگەڕەکبوون کەسانێك پێکەوە دەبەستێتەوە و ئایینیش هەندێك کەسیتر، بەڵام تەنها یەك شت دەتوانێت خەڵك بۆ بزوتنەوە و ئاژاوەگێڕیی هان بدات، ئەویش چەوساندنەوەیە.

ئێوە دەڵێن ئەی بۆچی خەڵك لە عیبادەتکردنی خوادا دەگەنە ئاستێك، کە دژایەتی فەرمانڕەوا بکەن؟ وەڵامی من ئەوەیە ئایا من لەبەر ئەوە عیبادەت دەکەم تا دژایەتی ویست و داخوازییەکانی فەرمانڕەوا بکەم؟! پێکهەڵپژانی ئەوان لەگەڵ فەرمانڕەوادا نە پێویستە و نە یاساییشە. دژایەتیکردنی ویست و ئیرادەی فەرمانڕەوا قسەی ئێوەیە و منیش لەگەڵ ئەو قسەیەدا ناکۆکم. ئەم قسەیەی ئێوە لەڕاستیدا سەرچاوەی هەموو شەڕانگێزییەکانە. بۆچی دانیشتنە ئایینیەکانی کڵێسا بە بەراورد لەگەڵ گردبوونەوەکانی هۆڵی شانۆ یان بازاڕ، کەمتر قابیلی تەحەمولە؟ ئەوانەی ئەندامی

کۆمەڵە ئایینیەکانن شەڕانگێزتر و سەرکەشتر لەو کەسانە نین، کە ئەندامی ئەنجومەنەکانی دیکەن. پرسەکە ئەوەیە ئەوان هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵدا دەکرێت، کەواتە تەحەمولی ئەو هەموو چەوساندنەوەیە ناکەن. واز لە هەموو رق و کینەیەك بێنن، کە دەرحەق بە مافە هاوبەشەکانیان دەیخەنە گەڕ، یاساکان بگۆڕن، واز لەو سزایانە بێنن، کە فشاری خستۆتە سەریان، لەم حاڵەتەدا بە زوترین کات هەموو شتێك لە ئەمن و ئاسایشدا دەبێت.

نەخێر (بەڕێز)! ئەوانەی دژی ئایینی فەرمانڕەوان، خۆیان پابەندتر بە پاراستنی ئاشتیی و ئاشتەوایی ناو کۆمەڵگە دەزانن و لەو رووەوە لەچاو خەڵکی‌تر زۆر باشترن. سەرجەم گروپە ئایینیەکان وەکو پاسەوانانی ئاشتیی گشتیی، چاودێریی یەکدیی دەکەن تاکو هیچ گۆڕانکارییەك لە پێکهاتەی حکومەتدا روونەدات، چونکە ئەوان هیچ ئومێدیان بۆ بارودۆخێکی باشتر لەوەی ئێستایان نییە، بە واتایەکی‌تر ئەوان هیچ هیوایەتیان بەوە نەماوە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی میانەڕۆ و دادپەروەر و یەکسان لەگەڵ هاووڵاتییانی‌تر ژیان بەرنە سەر، کەواتە ئەگەر کلێسایەك لەگەڵ ئایینی فەرمانڕەوادا کۆك و هاودەنگ بێت، هەموو جۆرە پشتیوانییەکی مەدەنی دەیگرێتەوە، ئەمەش هیچ هۆکارێکی دیکەی نییە، جگە لەوەی پێشتر باسمانکرد، واتە ئەوەی کە فەرمانڕەوا لە ئاست هاوئایینەکانی خۆی میهرەبان و دڵنەرمە و یاساش پشتیوانییان لێدەکات. چەند جوان و خۆش دەبێت ئاسایش و ئاسودەیی حکومەتێك، کە تیایدا هەموو هاووڵاتییان باش، شەریفن و بەبێ ئەوەی بە پێی

جیاوازیی ئایینیەوە پۆلێنبەندیی بکرێن و جیاوازیی بخرێتە نێوانیانەوە، هەرکەسەو چۆنی پێخۆشە ئاوا بێت و هەموانیش بە یەکسان لە سۆز و میهرەبانیی فەرمانڕەوا، بە یەکسانیش لە سود و قازانجەکانی یاسا سودمەند بن. وەها حکومەتێك لە لایەن خەڵکەوە پشتگیریی دەکرێت و هەموان پارێزگاریی لێدەکەن. لە وەها حکومەتێکدا کەس لەوە ناترسێت یاسا هەڵسوکەوتی زاڵمانەی لەگەڵدا بکات، مەگەر ئەو کەسانەی کە زیان بە دراوسێکانیان دەگەیەنن و دژایەتی ئاشتیی مەدەنی دەکەن.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێم هەموو مرۆڤێك پێویستە بە یەکسان لەو مافانە سودمەند بێت، کە کەسانی‌تر لێیان سودمەندن. ئایا عیبادەتی خوا بە شێوازی کاتۆلیکی رۆما، رێپێدراوە؟ کەواتە وەرن با رێگە بە عیبادەتی خوا بە شێوازی «کڵێسای ژنێڤ»یش بدەین. ئایا ئاخافتن بە زمانی لاتین لە بازاڕدا رێپێدراوە؟ کەواتە لێگەڕێن با ئەو کەسانەی، کە وەها حەزێکیان هەیە بتوانن بەو زمانە لەکڵێساشدا قسە بکەن. ئایا بە پێی یاسا هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە لەماڵەکەی خۆیدا چۆك دابدات، بە پێوە بوەستێت، دابنیشێت، یان چۆنی پێخۆش بێت، ئاوا بێت؟ یان جلی سپی یان رەش یان کورت یان درێژ لەبەربکات؟ مەهێڵن خواردنی نان و خواردنەوەی شەراب، یان ئەنجامدانی رێوڕەسمی سەرانشۆ لە کڵێساکاندا نایاسایی بکرێت. بە کورتی، با هەموو ئەو شتانەی بەپێی یاسا لە ژیانی خەڵکدا رێپێدراون، بۆ هەموو گروپەکان لە عیبادەتی خوایاندا ئازاد بێت. رێگە مەدەن بە پێی ئەو پێوەرانە کەمترین زیان بە جەستە، یان گیان یان ماڵ و سامانی کەسێك بکەوێت. ئایا

ڕێگە بە بەشداریکردنی یاسا و ڕێساکانی کڵێسای پڕۆتستان دەدەن؟ بۆچی نابێت کڵێسای ئۆسقۆفیی، هاوشێوەی ئەوان مۆڵەتی بەشداریکردنی هەبێت؟ دەسەڵاتی ئایینی، چ لە دەستی تاکێکدا بێت و چ لە دەستی کۆمەڵێک کەسدا بێت، لە هەموو شوێنێکدا یەکسانە، کڵێسا نە دەسەڵاتی لە کارە مەدەنییەکاندا هەیە و نە بۆی هەیە کەسێک ناچاربکات و نە دەتوانێت بە زەبری پووڵ و پارە هیچ کارێک بکات.

کۆمەڵەکان و لێدوانە ئایینیەکان، لەڕێگەی ئەو رووخسارانەی کە رۆژانە دەریاندەخەن، لە لایەن خەڵکەوە پەسەند دەکرێن و قبوڵیاندەکەن. کڵێساکان تەنها هەندێک باوەڕ بۆ خەڵك پەسەند دەکەن، بەڵام بۆچی نابێت هەموو جۆرە باوەڕێکیان بۆ بە رەوا بزانن؟ ئەگەر شتێك لە کۆمەڵە ئایینیەکاندا هەیە، کە فیتنە و ئاژاوەخێزە و ئاشتیی گشتیی دەخاتە مەترسییەوە، دەبێت بە شێوازێکی یەکسان و یەکچەشن لۆمە بکرێت، نەك ئەوەی بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە شێوەیەك کە وەك بڵێی ئەو شتە لە بازاری کڕین و فرۆشتنی خەڵکدا رووی داوە. کڵێساکان نابێت ببنە پەناگەی کەسانی شەڕانگێز و شەڕخواز و ئاژاوەچی. کەسانێك، کە لە کڵێسادا لە دەوری یەك کۆدەبنەوە، نابێت کەمتر لەو کەسانەی کە لە هۆڵ و تەلارەکاندا کۆ دەبنەوە، ملکەچی یاسا بن. نابێت هیچ ئەندامێکی ئەم کۆمەڵانە پێیوا بێت بەهۆی کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیانەوە، زیاتر لە خەڵکانیتر دەکەونە بەر لۆمە و سەرزەنشت. هەموو کەسێك بەرپرسی کار و کردەوەکانی خۆیەتی و نابێت هیچ مرۆڤێك لەبەرخاتری تاوانی کەسێکیتر

بکەوێتە بەر گومان یان رق و نەفرەت. کەسانێك کە ئاژاوەچی، بکوژ، دز، جەردە، زیناکار، درۆزن و بوختانچین، سەر بە هەر کڵێسایەك بن، چ کڵێسای حکومیی، یاخود کڵێسای ناحکومیی، دەبێت سزا بدرێن و سەرکوت بکرێن.

بەڵام کەسانێك کە خاوەنی باوەڕگەلی ئاشتیخوازانەن و رێوشوێنی پاك و بێخەوشیان گرتۆتە بەر، دەبێت بارودۆخێکی هاوشێوەی هاووڵاتییانی‌تریان هەبێت. ئەگەر رێکخستنی دانیشتن و کۆبوونەوە فەرمییەکان، بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی ئاهەنگ و بۆنە و عیبادەتە بەکۆمەڵەکان بۆ تاقم و گروپێك لە بانگەشەکارانی ئایینی رەوا و رێپێدراو بێت، دەبێت بە هەمانشێوەش بۆ بانگەشەکارانی پرۆتستان، ئەوانەش سەر بە هیچ کڵێسایەك نین، هەروەها بۆ گروپی «ئاناپاتیستەکان» و «ئارمینییەکان» و «کۆیکرەکان» و کەسانی‌تریش رەوا و رێپێدراو بێت.

نەخێر بەڕێز! ئەگەر بمانەوێت راشکاوانە حەقیقەتەکە بڵێین و بمانەوێت هەموو ئەو شتانە باس بکەین، کە شایستەی هەموو تاکێکی مرۆییە، دەبێت بڵێین نە کافران، نە موسڵمانان و نە جولەکەکان، نابێت هیچکامیان بە هۆی ئایینەکەیانەوە لەمافە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە بێبەش بکرێن. ئێنجیل وەها فەرمانێك نادات. کڵێسایەك، کە سەبارەت بە کەسانی دەرەوەی بازنەی باوەڕەکانی خۆی، هیچ بۆچوونێك دەرنابڕێت و هیچ حوکمێکیش دەرناکات، پێویستی بەم شتانە نییە و حکومەتێك، کە بە یەکسان هەموو مرۆڤە چاکەکار، ئاشتیخواز و زەحمەتکێشەکان لەناو خۆیدا جێدەکاتەوە

و قبووڵیاندەکات، پێویستی بە بەکارهێنانی زەبر، زەنگ و توندوتیژیی نییە. ئایا ئێمە ئەوە قبووڵدەکەین کافرێك پێوەندیی لەگەڵماندا هەبێت، کڕین و فرۆشتنمان لەگەڵدا بکات؟ ئایا نابێت ئێمە کەسێك تەحەمولبکەین، کە لەبەردەم بارەگای خوادا نزا دەکات، دەپاڕێتەوە و دەیپەرستێت؟ ئەگەر ڕێگە دەدەین جولەکەکان لەناوماندا خانو، جێگە و ڕێگەیان هەبێت، بۆچی نابێت ڕێگەشیان پێ بدەین کەنیسایان هەبێت؟ ئەگەر هات و وەك چۆن ڕێگەمان داوە لەناوماندا بژین و خانویان هەبێت، لە مافی کۆبوونەوە لەشوێنە گشتییەکانیشدا سودمەند بن، ئایا باوەڕەکانیان گەندەڵتر و خراپتر دەبێت؟ ئایا عیبادەتەکانیان ناشیرین تر و قێزەونتر دەبێت؟ ئایا ئاشتیی گشتیی زیاتر دەکەوێتە مەترسییەوە؟ ئەگەر لە کۆمەڵگەی کریستیانەکاندا وەها شتگەلێك سەبارەت بە جولەکەکان و کافرەکان قبووڵکرابایە، بە دڵنیاییەوە بارودۆخی کریستیانەکان لە کۆمەڵگەی مەسیحیدا خراپتر لە بارودۆخی کافران و جولەکەکان نەدەبوو.

ڕەنگە بڵێن بەڵێ، دەبێت ڕێگە لە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە ئایینیەکان بگیردرێت، چونکە ئەوان پتانسیلی زۆریان بۆ ئاژاوەنانەوە و شەڕانگێزییە. وەڵامی من ئەوەیە، ئایا ئایینی مەسیح هۆکارەکەیەتی؟ ئەگەر ئاوا بێت، بە دڵنیاییەوە ئایینی مەسیحیی خراپتر لە هەموو ئایینەکانیترە و نابێت کەس قبووڵی بکات و نابێت هیچ حکومەتێکیش بە لێبوردەیی و هەڵکردنەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، چونکە ئەگەر ئەمە تایبەتمەندیی ئایینی مەسیح بێت، کەواتە جەوهەری ئایینی مەسیح، ئاژاوەچێتی و تێکدانی ئاشتیی

گشتییە و تەنانەت ئەو کڵێسایەش فەرمانڕەوا لایەنگریی لێدەکات، ناتوانێت لەو نوقسانییە بـەدور بێت، کەواتە بەدوری دەزانم بتوانین ئاییینی مەسیح بە سەرچاوەی هەموو ئاژاوە و جەنگە مەدەنییەکان بزانین، ئایینێك، کە گەورەترین دوژمنی پلەوپایەخوازیی، تەماحکاریی، جەنگ، ئاژاوەیە، دژی هەموو جۆرە حەزێکی زێدەڕەوانە و ناماقووڵە. ئایینی مەسیح خاکەڕاترین و ئاشتیخوازترین ئایینێکە تا ئێستا هەبووە، کەواتە دەبێت بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو شەڕانگێزیی و ناشیرینییانەی کە خستویانەتە پاڵ ئایین، بـەدوای هۆکارگەلێکی دیکەدا بگەڕێین. ئەگەر بە باشی لێیوردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت هەموو ئەم هۆکارانە لەناو ئەو باسانەدا هەن، کە من قسەم لەسەر کردن.

جیاوازیی و فرەچەشنێتی بیروباوەڕەکان، شتێك نییە نەتوانرێت رێگەی لێ بگیردرێت، بەڵام هەموان دان بەوەدا دەنێن رێگرتن لە جودابیران سەرچاوەی هەموو ئەو شەڕ و ئاژاوانەیە کە بەناوی ئایینەوە لە وڵاتە کریستیانەکاندا روویانداوە. رێبەران و پێشەوایانی کڵێسا بە هۆی تەماحکاریی و فرەخوازیی لـەڕادەبـەدەریـانـەوە، حـەزی گەییشتن بە حکومەت و فەرمانڕەوایی تیایاندا سەرهەڵدەدات، سود لە فرەخوازیی و تەماحکاریی فەرمانڕەواکان دەبینن و لەڕێگەی ئامۆژگارییە ئایینیەکانیانەوە، کە دژی فەرمانەکانی ئینجیلن، کەڵك لە خورافەپەرستیی تاقمێکی گێل و گەمژە وەردەگرن، کە لەدژی نەیارە فکرییەکانیان رقیان هەستاوەتەوە، بە جۆرێك کە لادەرە ئایینیەکان و بیدعەتکاران لە موڵك و داراییەکانیان بێبەش دەکرێن و لەناو دەچن. بەمجۆرە ئەوان ئایین و

حکومەت، کە خۆی لەخۆیدا دوو شتی تەواو لێکجیاوازن، تێکەڵ بە یەك دەکەن. زۆر ئەستەمە کەسێك ئەوە قبووڵ بکات، کە ئەو هەموو موڵك و ماڵەی بە رەنج و ماندووبوون بە دەستیهێناوە، بە حەز و ویستی خۆی لێی بێبەشبکرێت و سەرەڕای ئەو هەموو یاسا مرۆیی و خواییانەی، کە خەڵك بە ویژدانداریی و یەکسانیی فەرمان دەدەن، ببێتە قوربانیی زەبر و زەنگی دیتران، بە تایبەت ئەگەر پاك و بێخەوش و بێتاوانیش بێت. ئەو رێوڕەسمە ئایینیانەی تاکەکان ئەنجامیاندەدەن، بە هیچ شێوەیەك لە بازنەی دەسـەڵاتـی فەرمانڕەوادا نین، بەڵکو بە تەواوەتی پێوەندیی بە ویژدانی مرۆڤەکان خۆیانەوە هەیە، چونکە مرۆڤ بۆ رەفتار و کردارەکانی، تەنها لەبەردەم خوادا بەرپرسیارە. ئایا دەکرێت شتێکی جگە لەوە چاوەڕوان بکرێت، کە ئەو مرۆڤانەی بە دەست ئەو هیلاکیی و شەکەتییە وەڕسکەرەی، کە هەموو گیانیانی تەنیوەتەوە، ئازاریان دەچەشت، هەر دەبوایە رۆژێك لە رۆژان بگەنە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێت بە هێز و زۆر، بـەرەوڕووی هێز و دەسەڵاتی ئەوانی دیکە ببنەوە و بەرگریی لە مافە سروشتییەکانیان بکەن، بە پەنابردنە بەر چەك و هێز، نەهێڵن بەناوی ئایینەوە لە مافە سروشتییەکانیان بێبەش بکرێن؟ دیارە توانای ئەو کارەشیان هەیە. رەوتی باو لەم روەوە تا ئێستە هەر بەو شێوەیە بووە و تا کاتێکیش بە بەڵگەوە روونکردنەوەی بۆ نەکرێت، هەر درێژەی دەبێت. لەڕاستیدا مادام باوەڕ بە ئازار و ئەشکەنجەدانی نەیارانی ئایینی لە ئارادایە، وەك چۆن تا ئێستاش فەرمانڕەوا و خەڵکیش ئەو رێچکەیان گرتۆتەبەر، تا کاتێکیش ئەو کەسانەی، کە دەبێت

بانگەشەکاری ئاشتیی و ئاشتەوایی بن و بە هەموو هێزیانەوە مرۆڤەکان بەرەو کەڵکوەرگرتن لە زۆر، هان و جاڕی جەنگ بدەن، جگە لەوە ناتوانرێت چاوەڕێی هیچ شتێکی دیکە بکرێت.

زۆر جێی سەرسوڕمانە، کە فەرمانڕەوا هەموو ئەم شەڕانگێز و ئاژاوەچـی و تێکدەرانەی ئاشتیی گشتیی تەحەمول دەکات. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە فەرمانڕەواکان دەیانەوێت لە دەسکەوتەکانیاندا (دەسکەوتە تاڵانکراوەکان) بەشی خۆیان هەڵگرن؟ کەواتە وایان پێ باشە بە مەبەستی زیادکردنی دەسەڵاتی خۆیان کەڵك لە تەماحکاریی و چاوچنۆکیی ئەو تاکانە وەربگرن. کێ هەیە لەوە تێنەگات ئەم مرۆڤە شەریفانە! (قەشەکان و پیاوە ئایینیەکانی کڵێسا) لەڕاستیدا خزمەتگوزارانی حکومەتن وەك لەوەی خزمەتگوزاری ئینجیل بن؟ یان کێ هەیە لەوە تێنەگات ئەمانە بە هۆی ڕێزلێنان و پیاهەڵدان بە شانوباڵی فەرمانڕەواکان، مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان و لایەنگریکردن لە دەسەڵاتەکەیان بە هەموو توانایانەوە هەوڵی پەرەپێدانی دیکتاتۆرییەت لەناو کۆمەڵگەدا دەدەن؟ چونکە ئەگەر وا نەکەن، ناتوانن لە کڵێسادا بمێننەوە و پۆستیان پێ ببەخشرێت. ئەمە هەمان ئەو یەکێتییە قێزەونەیە، کە لە نێوان دەوڵەت و کڵێسادا دەیبینین. لەکاتێکدا ئەگەر هەرکامەو چالاکیی خۆی لە قەڵەمڕەوی خۆیدا بە ئەنجامبگەیەنێت، واتە یەکێکیان گرنگیی بە لایەنی ئاسایشی دنیایی تاکەکان بدات و ئەوی تریان، بایەخ بە ڕزگاریی ڕۆحی مرۆڤەکان بدات، هەرگیز هیچ ناکۆکیی و دژایەتییەك لەنێوانیاندا نایەتە ئاراوە.

داوا لە خوای گەورە و میهرەبان دەکەم وانەکانی ئینجیل ئاشتیی بخەنەوە و فەرمانڕەوا مەدەنییەکان وا لێبکات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاگایان لەوە بێت ویژدانی خۆیان لەگەڵ یاسای یەزدانیدا بگونجێنن و هێندەی پێیانبکرێت، کەمتر لەڕێگەی یاسا مرۆییەکانەوە خەڵك ببەستنەوە، هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێت وەکو باوکانی وڵات، بۆ بەرەوپێشەوەبردنی گشتلایەنەی خۆشگوزەرانی گشتیی منداڵەکانیان کەڵك لە هەموو هەوڵ و بیرۆکەکانیان وەربگرن.

داوا لە خـوا دەکـەم دەرفـەت نـەدات بە ملهوڕان، یاخییەکان و ئەوانەش کە زیان بە برا هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەگەینن، هەروەها داواکاریشم ئەو هەلە بۆ هەموو ئەو پیاوە ئایینیانەی بانگەشەی جێگرایەتی هەڤاڵانی عیسا دەکەن بڕەخسێنێت بە بێ دەستێوەردانی پرسگەلی حکومیی، بە ئاشتیی و ئارامیی پێ بنێنە جێ پێی هەڤاڵانی عیسا و هەموو هێز و توانایان لە پێناوی ڕزگاریی ڕۆحی خەڵکدا بخەنەگەڕ. خواحافیز.

***

ڕەنگە لەجێی خۆیدا بێت، ئەگەر چەند خاڵێك بخەمە سەر قسەکانم، سەبارەت بە بیدعەتکاریی و لادانی ئایینی. لەڕوانگەی کەسێکی کریستیانەوە، تورکێکی عوسمانیی، بیدعەتکار یان لادەری ئایینی نییە و ناشتوانێت ببێت. ئەگەر کەسێك واز لە ئایینی مەسیح بێنێت و بچێتە سەر ئایینی موسڵمانان، بە هۆی ئەو کارەیەوە بە بیدعەتکار، یان لادەری ئایینی لەقەڵەمنادرێت، بەڵکو وەها کەسێك «مورتەد» یان

«بێدین»ە. کەس گومانی لەم پرسانە نییە. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت ئەو مرۆڤانەی خاوەنی ئایینگەلی جیاوازن، لەبەرچاوی یەکدیدا بە بیدعەتکار و لادەری ئایینی نازانرێن.

کەواتە دەبێت لەوە بکۆڵینەوە، کە چۆن دەکرێت مرۆڤەکان یەك ئایینیان هەبێت. شتێکی روون و ئاشکرایە کەسانێك خاوەنی ئایینی یەکسانن، کە یاساگەلی ئایینی و عیبادیی یەکسانیشیان هەبێت و کەسانێك، کە یاساگەلی هاوبەشی عیبادیی و ئایینیان نییە، ئایینگەلی جیاوازیشیان دەبێت، لەبەرئەوە سەرجەم پرسەکانی پێوەندیدار بە ئایینەوە، لەژێر دەسەڵاتی یاسا ئایینیەکاندان، کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی هەموو ئەوانەی، کە یاساگەلێکی یەکگرتوی ئایینی قبووڵدەکەن، ئایینێکی یەکگرتوو، هاوبەشیان هەیە، دیارە پێچەوانەکەشی راستە، کەواتە تورکە عوسمانییەکان و کریستیانەکان ئایینی جیاوازیان هەیە، چونکە کریستیانەکان «کتێبی پیرۆز»یان وەك یاسا و دەستوری ئایینەکەیان قبووڵە و تورکە عوسمانییەکان قورئان، کەواتە ئایینەکانیان لێکجیاوازن، تەنانەت هەر بەم هۆیەشەوە دەکرێت لەناو کریستیانەکانیشدا جیاوازیی ئایینی هەبێت.

هەرچەند شوێنکەوتوانی پاپا و لۆسەر هەردووکیان باوەڕی خۆیان بە مەسیح دەردەبڕن و وەك کریستیان دەناسرێن، بەڵام ئایینەکەیان وەك یەك نییە، چونکە لایەنگرانی لۆسەر، تەنها کتێبی پیرۆزیان وەك یاسا و رێنمای ئایینەکەیان قبووڵە، بەڵام لایەنگرانی پاپا بێجگە لە کتێبی

پیرۆز، فتواکانی پاپیشیان قبووڵە و ئەمانە بە تێکڕا دەستوری ئایینەکەیان پێکدێنن، هەروەها کریستیانەکانی لایەنگری سێنت ژان، کە هەر بەم ناوە دەناسرێن و کریستیانەکانی ژنێڤ، هەریەکەو ئایینی جیاوازی خۆیان هەیە، چونکە کریستیانەکانی ژنێڤ، تەنها کتێبی پیرۆزیان وەك دەستوری ئایینەکەیان قبووڵە و کریستیانەکانی لایەنگری سێنت ژان، ریوایەتەکانی پاپایان وەك دەستوری ئایینەکەیان قبووڵە، کە من نازانم ئەو ریوایەتانە چین.

ئێستا کە چارەنوسی ئەم پرسانە روونبووەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی: یەکەم: بیدعەتکاریی، لادانێکە لەناو لایەنگرانی گروپێکی ئایینیدا، کە بە هۆی پێکەوە نەگونجانی هەندێك لە باوەڕەکانیان لەگەڵ دەستور و یاساکانی ئەو ئایینەدا دێتە ئاراوە؛، دووەم: لەناو کەسانێکدا کە تەنها کتێبی پیرۆزیان وەك رێنما و دەستوری ئایینەکەیان قبووڵە، بیدعەتکاریی لەڕاستیدا لادانە لە گروپێکی ئایینی، بە هۆی باوەڕمەندیی بە باوەڕگەلێك کە لەناو رستەکانی کتێبی پیرۆزدا نین.

**کەواتە لادان بە دوو جۆر ڕوو دەدات:**

جۆری یەکەم: لە کاتێکدایە کە گروپێکی گەورەتر، یان بەهێزتر بە پشتیوانیی فەرمانڕەوا بە دەرکردنی کەسانێك لە گروپەکەیان، خۆی لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، چونکە ئەوان ئەو عیبادەتانەیان قبووڵ نییە، کە لەناو عیبادەتە بەرچاوەکانی کتێبی پیرۆزدا نابینرێن. کەسانێك کە لە گروپێکی ئایینی جیادەبنەوە کەم نین، دەسەڵاتی فەرمانڕەواش ناتوانێت

لەو رووەوە کەس بەتاوانبار بزانێت و بە بیدعەتکاری لەقەڵەمبدات، بەڵکو تەنها کەسێك بیدعەتکارە کە دەست بە ناسینی گروپە ناودارەکان دەکات و کڵێسا دابەشدەکاتە سەر چەندین تاقم و گروپ، جیاوازیی و تایبەتمەندییەکانی هەر کامەشیان دەسنیشاندەکات و بە هۆی جۆری باوەڕەکانییەوە، بە ویست و ئیرادەی خۆی لە گروپێکی ئایینی جیادەبێتەوە.

جۆری دووەم: کاتێکە کەسێك بە هۆی ئەوەی کە باوەڕ ناهێنێت بە کڵێسا، بەو فەرمانانەی کە راستەوخۆ لەکتێبی پیرۆزدا نەهاتون، خۆی لەو گروپە ئایینیە جیادەکاتەوە.

هـەردوو ئەو گروپانە بیدعەتکارن، چونکە یەکێکیان (کاسۆلیك) لە بواری بنەما و بناغەکانی ئایین، ئەوی تریان (پڕۆتستان) لەبواری دژایەتیکردنی سەرسەختانەی زانست و مەعریفەدا هەڵەدەکات، چونکە ئەوانەی کە کتێبی پیرۆز بە تاقە کۆڵەکە و بناغەی ئایینەکەیان دەزانـن، لە هەمانکاتدا هەندێك پرسیش وەك بناغە و کۆڵەکەی ئایین دەرخستەدەکەن، کە لەناو کتێبی پیرۆزدا نین، چونکە کەسانیتر ئەو باوەڕە پێزیادکراوانەیان(زیادکراو بە بنەماکانی ئایین) قبووڵ نییە و ئەمجۆرە باوەڕانە بە پرسگەلێکی پێویست و بنەڕەتیی بۆ ئایین نازانن، بە خۆپەراوێزکردن، یان دەرکردنی ئەوانیتر لە گروپەکەیان، دەبنە هۆی لادان و جیابوونەوە لە کڵێسا. ئەم پرسە ئەوە دەردەخات، کە ئەوان ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن، کە باوەڕ و دروشمەکانیان بە تەواوەتی لەگەڵ ئایین و کتێبی پیرۆزدا دێنەوە، چونکە هەموو کریستیانەکان ئەوە قبووڵدەکەن، کە ئەم پرسانە

لە «وەحـی» خواوە سەرچاوەیان گرتووە، کەواتە کۆڵەکە و بناغەی ئایینن، بەڵام ئەگەر ئـەوان بڵێن باوەڕەکانیان دەرەنجامی تێگەییشتنیانە لە کتێبی پیرۆز، بێگومان لای ئـەوان ئەوە شتێکی راستە، کە وەها بیروباوەڕگەلێکیان هەبێت و ئیمانیشیان پێیان هەبێت، چونکە لە دیدی ئەوانەوە ئەوجۆرە بیروباوەڕانە لەگەڵ راسپاردەکانی ئاییندا دێنەوە، بەڵام داسەپاندنیان بەسەر خەڵکانێکدا کە پێیانوایە ئەمجۆرە باوەڕانە لە کتێبی پیرۆزدا لێبڕاوانە و چەسپێنراو نین، کارێکی هەڵەیە. لادان و جیابوونەوە لەپێناوی وەها دروشم و باوەڕگەلێك کە نە کۆڵەکەی ئایینن و نە دەشتوانن کۆڵەکەی ئایین بن، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیدعەتکاریی. پێم وانییە کەسێك ئەوەندە گێژ و گەمژە بێت، کە بوێرێت تێگەییشتن و هەڵێنجانەکانی خۆی لەسەر کتێبی پیرۆز، هێندەی وەحی ئیلاهی، بەرز و باڵایان بزانێت و ئەو پرسە باوەڕییانەی، کە ئەو بەپێی خەیاڵ و گومانی خۆی دروستیکردون، بە یەکسان بزانێت لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا. من ئەوەم قبووڵە هەندێك پرس ئەوەندە روون و ئاشکران، کە هیچ کەسێك ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات، کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەرنەگیراون. کەواتە جیاوازیی بیروڕا سەبارەت بەم پرسانە لە گۆڕێدا نییە، من تەنها ئەوە دەڵێم، کە ئێمە دەتوانین باوەڕمان بەم باوەڕە یان هەر باوەڕێکیتر هەبێت، کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوە، بەڵام مافی ئەوەمان نییە، لەبەرئەوەی کە ئایینەکەمان بەتەواوەتی لەگەڵ راسپاردە و فەرمانەکانی ئاییندا دێتەوە، وەك پرسێکی

زەروریی، بەسەر خەڵکانیتریدا بسەپێنین، مەگەر ئەوەی کە ئیمەش رازیی بین وەك چۆن باوەڕەکانمان بەسەر کەسانیتردا دەسەپێنین، ئەوانیش باوەڕەکانیان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن، رازیـی بین بـەوەی، کە ناچارین هەموو بـاوەڕە جیاواز و جۆراوجۆرەکان، لە باوەڕەکانی «لۆسەر»ەوە بگرە تا «کالڤین» و «ریمۆنسترانتەکان» و «ئاناباتیستەکان» و گروپەکانیتریش قبووڵ بکەین و باوەڕیان پێ بێنین. گروپگەلێك کە هەرکامەو داهێنەری دروشــم و میتۆد و باوەڕگەلێکن، کە وەك تێگەییشتنی چەسپاو، جێگیر و راستەقینەی کتێبی پیرۆز لەقەڵەمدەدرێن. من سەرم لە لوتبەرزیی و خۆبەزلزانیی وەهمییانەی ئەو کەسانە سوڕدەمێنێنت، کە پێیانوایە باشتر لە «رۆحی پیرۆز» پێویستییەکانی رزگاریی رۆحی مرۆڤ دەناسن، ئەو رۆحە پیرۆزەی، کە مەعریفەی بێکۆتایی و نەمری خوایە.

سەبارەت بە وشەی بیدعەتکاریی، کە زیاتر لە بەشە تیۆریکەکانی ئاییندا کارێ پێدەکرێت بەقەدەر پێویست قسە و باسمانکرد. ئێستاش با سەبارەت بە لادانی ئایینی قسە بکەین، کە هەڵەیەکی هاوچەشنی بیدعەتکارییە. بەڕای من هەردوو ئەم وشانە، لە ناکۆکیگەلێکی نابنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرن، کە سەبارەت بە هەندێك پرسی ناپێویست لەناو گروپە ئایینیەکاندا دێتە ئـاراوە. لەو رووەوە کە بەکاربردنی وشەکان لە پرسەکانی پێوەندیدار بە زمانەکان، باشترین پێوەر و رێسان، ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە، کە بیدعەتکاریی پێوەندیی بە هەڵەی بیروباوەڕەوە هەیە و

لادانی ئایینیش پێوەندیی بەو هەڵانەوە هەیە، کە لەشێوازی عیبادەت یان ڕێوڕەسمە ئایینیەکانەوە ڕوودەدات و ئێمەش دەبێت بەپێی ئەم جیاوازییانە خوێندنەوە لەسەر ئەم دوو وشەیە بکەین.

کەواتە لادانی ئایینی بەو هۆیانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، بریتییە لە پچڕاندنی پێوەندیی و دورکەوتنەوە لە کڵێسا، کە بە هۆی چۆنیەتی عیبادەتی خوا یان ڕێوڕەسمگەلی ئایینیەوە دێتە ئاراوە. ئەو عیبادەت و ڕێوڕەسمانەی کە هەرگیز بەشێکی گرنگ و پێویستی ئایین نین. هیچ بەشێکی پرسە عیبادییەکان، یان پرسەکانی پێوەندیدار بە نەریت و ڕێوڕەسمە ئایینیەکان بۆ گروپە کریستیانەکان پێویست نین، مەگەر ئەوەی، کە یاسادانەرمان (مەسیح) یان هەڤاڵانی عیسا لەڕێگەی وەحی ڕۆحی پیرۆزەوە بە ئاشکرا ئاماژەیان پێکردبن.

بە کورتی، کەسێك، کە نکوڵیی لەو شتانە ناکات، کە کتێبی پیرۆز بە راشکاوانە باسیان دەکات و کەسێك کە بەهۆی ئەو شتانەی، کە بەڕاشکاوانە لە کتێبی پیرۆزدا باسیاننەکراوە، نابێتە هۆی ناکۆکیی نانەوە و جیایی خستنەوە، ئەگەرچی ڕەنگە لە لایەن هەموو گروپە کریستیانەکان، یان هەندێکیانەوە وەك کەسێك پێناسەبکرێت، کە بە هیچ شێوەیەك درکی بە مەسیحییەتی ڕاستەقینە نەکردووە، بەڵام لەڕاستیدا وەها کەسێك نە بیدعەتکارە و نە دووبەرەکیخواز.

هێشتاش دەتوانین باشتر و زیاتر ئەم پرسانە روون بکەینەوە، بەڵام هەر ئەم ئاماژە کورتە، بۆ ئەندامانی گروپەکەی ئێوە بەسن.

**سەرچاوە:**

A letter concerning toleration, Locke John 1704– 1632،
بۆ زمانی فارسی: شێرزاد گوڵشاهی کەریم. تاران 1377 / 1999

**سەرچاوەکانی پیشەکی:**

-هەڵوەشانەوەی لیبراڵیزمی رۆژئاوا، ئانتۆنی ئاربلاستر، وەرگێڕانی عەباس موخبر، تاران بڵاوکەرەوەی مەرکەز، 1368ی هەتاوی.

-مافە سروشتییەکان و مێژوو، لیڤی شتراوس، وەرگێڕانی باقر پەرهام، تاران بڵاوکەرەوەی ئاگاه، 1373ی هەتاوی.

-دەوڵەتی ئەقڵ.، حسێن بەشیرییە، تاران، علومی نوین 1374.

-مێژووی شارستانییەت، ویل دۆرانت، بەرگی شەشەم، وەرگێڕانی چەند کەسێك، تاران، رێکخراوی بڵاوکردنەوە و فێرکاریی شۆڕشی ئیسلامی، 1368.

-تیۆرەکانی سیستمی سیاسی، بەرگی دووهـەم، وەرگێڕانی ئەحمەد دیانەت، تاران، ئاران، 1373.

-مێژووی تیۆرە سیاسییەکان، جۆرج ساباین، وەرگێڕانی بەهادین پازارگاد، ئەمیرکەبیر، بیتا.

-مێژووی فەلسەفە، فرێدریك کاپلێستۆن، لە ڤۆڵفەوە تا کانت، وەرگێڕانی ئیسماعیل سەعادەت و مەنووچەر بزروگمیهر، تاران، عیلمی و فەرهەنگیی و سرووش 1372.

-پۆپەر، برایان مەگی، وەرگێڕانی مەنوچەر بزورگمیهر، تاران، خارەزمی 1359.

-نامیلکەی ئـازادی، جۆن ستیوارت میل، وەرگێڕانی جەواد شێخەلئیسلامی، تاران، عیلمی و فەرهەنگی و بیتا.

-Allen J W History of Political Thought in the Sixteenth Century (part I,ch. 2) London 1928.

-Brown A Modern Political philosophy. New York 1986.

-Dunning W A A History of Political Theories. Ancient and Mediaeval. (ch 11) New York 1902.
-Edwards paul. The encyclopedia collier-macmi;;an publishers. London 1967.
-Figgis john nevill political thought in the sixteen century (vol.lll. ch. 25)Cambridge, 1934.
-Gooch.g.p.the history of English democratic idea in the seventeenth century. 2 and ed. Cambridge. 1927.
-Hawkins. Joyce. And Robert allen. The oxford encyclopedia English dictionary. Clarendon press. Oxford, 1991.
-Hearnshaw f, j,c. thesosial and political ideas of great French thinkers London 1930
Jordan w, k. development of religious tolerance in England. Cambridge 1932.
-King preston toleration London 1976.
-Kingsley m, French liberal thought in the eighteenth century: A study of political ideas from bayle to condorcet. Boston 1920.
-Miller, david popper selection. Princeton university press, 1982.
-Norton, p.b. and sposito, j. j. encyclopedia britanica, London 1768.
-Thompson james . the wars of religion in france, 15591578- chigago, 1928.
-Tilley A. A the reformation in france (vol II. C h 9) London 1923.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعيط / سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |